٦

# ئێران لە پارس زیاترە

## سیاسەتی ئەتنیکی لە کۆماری ئیسلامیدا

برێندا شافەر
پێشەکی: ڕۆیەل مارک گەرێشت
وەرگێڕان: کەمال حەسەنپوور



# ئێران لە پارس زیاترە

## سیاسەتی ئەتنیکیی لە کۆماری ئیسلامیدا

□

بریندا شافەر
پێشەکی: ڕۆیەل مارک گەرێشت
وەرگێڕان: کەمال حەسەنپوور

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی تیشک
٢٠٢١ی زایینی

# ئێران لە پارس زیاترە

## سیاسەتی ئەتنیکیی لە کۆماری ئیسلامیدا

**نووسین:**
**برێندا شافەر**

**پێشەکی:**
**رۆیەل مارک گەرێشت**

**وەرگێڕان:**
**کەمال حەسەنپوور**

**١٠٠٠ بەرگ**

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی «تیشک»**
**ژمارە (٦)**

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com

سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە بۆ گۆڤاری تیشک پارێزراوە.

## ڕوونکردنەوە و پێشەکییەک

ئەم نامیلکەیەی بەردەست، سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی یان بە گوتەی بریندا شێفێر، نووسەری نامیلکەکە، "سیاسەتی ئەتنیکی" لە ئێراندایە.
لە کاتێکدا مەسەلەی پەیوەندیدار بە ئێرانەوە ـ لەوانە مەسەلەی چەکی ناوکی، بەرنامەی مووشەکیی ئێران و هەروەها پشتیوانیی ئێران لە تێرۆریزم ـ لە ئەمریکا بایەخی زۆریان پێ دەدرێ، بەڵام حکوومەتی ئامریکا بایەخێک بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا نادات و ڕەنگبێ هەر بەو بۆنەیەشەوە بێت کە لە ئامریکا زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو بابەتە لەبەردەست نییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی ئەم نامیلکەیە کۆمەڵێک زانیاری لە خۆ دەگرێت کە پتر ڕوو بە خوێنەری ئامریکایی نووسراوە، گرینگە خوێنەری کوردیش ئاگاداری ئەو زانیارییانە بێت، هەتا بتوانێ ئەو باسە تاوتوێ بکات کە چۆن و بە چ مەبەستێک، ئەو زانیارییانە ڕوو بە کۆمەڵگای ئامریکا و ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە هێنراوەتە گۆڕێ.

ئەم نامیلکەیە پشتئەستوورە بە سەرچاوەی دەستی دوو؛ هەر بەو بۆنەیەوە،

له هێندێک ڕووەوە، بە تایبەت کە دێتە سەر کوردستان، زانیاریی نادروستی تێدایە و جێگای ڕەخنەیە؛ سەرەڕای ئەوەش، بە پێویستمان زانی ئەم نامیلکەیە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی خوێنەری کورد لانیکەم ئاگاداری نێوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە بێت.

ڕوونە کە لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا، کە وڵاتێکی دێموکراتیک و کراوەیە، بڕیار بەپێی لێکۆڵینەوەی ورد دەدرێ و زانیاریی ئاوا و هاوچەشنی ئەوە کە لەسەر بابەتی نەتەوایەتی لە ئێران نووسرابێت، دەتوانێ لەسەر سیاسەتی دەرەکیی ئامریکا شوێندانەر بێ؛ بەتایبەت کە لە درێژەی چەند دەیەی ڕابردوودا، ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان ئامریکا و ئێران قووڵتر بوونەتەوە. ڕەنگە ئەم نامیلکەیە یەکێ لە سەرچاوەکانی زانیاری بۆ ناوەندگەلی بڕیار لە ئەمریکادا بووبێت.

لە سەر نێوەرۆکی نامیلکەکەش دەکرێت بڵێین لەم نامیلکەیەدا هەوڵ دراوە بایەخی ستراتیژیکی ئازەربایجان و هەرێمی ئەهواز بەرجەستە بکرێتەوە و بەرانبەر بە کوردستان، چاوپۆشی و پشتگوێخستنی پێوە دیارە. ئەوە لە کاتێکدایە کە خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستاندا، مێژوویەکی دێرینتر و فۆڕمی ڕێکخراوتری هەبووە و هەیە. ڕەنگبێ ئەم نامیلکەیە بە دیدێکی سیاسییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی هێندێک بەرژەوەندیی سیاسی نووسرابێ.

دواجار، تەمامان ئەوەیە کە وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیە ببێت بە هاندەر بۆ ڕێکخراوە کوردییەکان و ئاکادێمیسیەنەکانی کورد کە هەوڵەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی لێکدانەوە و زانیاریی دروستتر سەبارەت بە کوردستان چڕ بکەنەوە و جەخت لەسەر پێگەی ستراتیژیکی کوردستان لە ئێراندا بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئەو پەیامە بگەیەنن بە میدیا، ئاکادێمیسیەن و ناوەندی بڕیاردان لە ئەمریکادا.

دیارە هۆکاری گرینگیی ئەوەی زانیاریی ورد و دروست لەسەر کوردستان بدرێت بە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ئامریکا، دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی ئەم وڵاتە جیهان و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین گومانی تێدا نییە، بە بێ

ئەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا، بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دادپەروەرانە چارسەر بکرێ، ئاشتی و دێموکراسیی سەقامگیر لەم وڵاتەدا ناتوانێ بێتە دی.
لە کۆتاییدا سپاسی کاک کەماڵ حەسەن پوور دەکەین کە بۆ وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیە دەستپێشخەر بوو و ئەرکی وەرگێڕانەکەی گرتە ئەستۆی خۆی.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تیشک

## بۆچوونی وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز! ئەو نامیلکە زانستییە لە لایەن بەڕێز پرۆفێسۆر برێندا شافەر، توێژەر و ڕاوێژکاری کۆمپانیا جیهانییەکان و دەوڵەتان نووسراوە. ناوبراو چەند کتێبی لەسەر سیاسەتی دەرەوە و وزە نووسیون و بابەت و وتاری زۆریشی لە بارەی ناوچەی قەفقاز بڵاو کردوونەوە. ئەو نامیلکەیە هەرچەند چێگای پێزانینە و دەمێکە لانی کەم بۆخۆم نووسراوەیەکی ئەوتۆم لەبارەی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران نەدیتووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ کەموکوڕی نییە. بە تایبەتی کاتێک کە باسی کوردان دەکا. بە خوێندنەوەی ئەو نامیلکەیە بۆ خوێنەری وریا دەردەکەوێ کە نووسەرەکەی هاوکاریی نزیکی دەگەڵ لۆبیی ئازەربایجانی هەیە. لە پێوەندی لەگەڵ کەمایەسییەکانی ئەو نووسراوەیەدا لە ڕوانگەی منەوە دەکرێ باسی ئەو بابەتانەی خوارە بکەین:

- ئاماژە نەکردن بە بەرخۆدانی ڕەوای گەلەکەمان دوای هێرشی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر کوردستان لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران
- ئاماژە نەکردن بە حوکمی جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد

- ئاماژە نەکردن بە زیاتر لە ١٠ ساڵ بەرخۆدانی چەکداریی بێوێنەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دژی شەڕی داسەپاو لە ماکۆوە تا کرماشان
- ئاماژە نەکردن بە تێرۆری ناجوامێرانەی دوکتور قاسملوو و ڕێبەرانی دیکەی جووڵانەوەی سیاسیی کوردستان (جگە لە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی) لە لایەن کۆماری سێدارەوە.
- ئیددیعای بێ بنەما لەمەڕ یارمەتیی ڕاستەوخۆی کوردانی باشوور بە تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانی پێشمەرگە و گەریلای کورد لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ئێران
- ئاماژە نەکردن بە پێوەندیی بێوێنەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە حیزبەکانیانەوە و سەلماندنی ئەو ئیددیعایە لە چەند بڕگەی هەستیاری ئەو ٤٢ ساڵەی ڕابردوودا

خۆ ئەگەر ئەو کەمایەسییانە لەبەر نەبوونی زانیاری لای نووسەر بێ جێگای سەرسوڕمانە، چونکە زانیاری لەو پێوەندییەدا زۆرە بەڵام ئەگەر بە ئانقەست بێ، ئەوجار بێلایەنیی و بایەخی زانستیی ئەو نامیلکەیە دێتە ژێر پرسیار.

پێویست بە ئاماژەیە کە من ئەو تێبینییانەم بۆ نووسەری ئەو نامیلکەیە بە ئیمەیل بەڕێ کردووە کە هیوادارم بەڕێزیان جواب بداتەوە.

کەمال حەسەنپوور، ٢٢ی جۆزەردان، ٢٧٢١

## پێڕست

پێشەکی ........................................................................................ ۳۱
دەستپێک: بۆچی لە ئێران پێناسەی ئەتنیکی گرینگە ................................... ۷۱
تاران دەزانێ ................................................................................. ۲۰
دێمۆگرافی .................................................................................... ۲۴
تاقمە ئەتنیکییەکانی ئێران ................................................................ ۲۴
ئێران بە گوێرەی ئامار ..................................................................... ۲۹
سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کەمینە ئەتنیکییەکان ...................... ۴۱
کەڵکوەرگرتن لە زمانی کەمینە ئەتنیکییەکان لە قوتابخانە و ناوەندە فەرمییەکان ................................................................................ ۴۳
ڕێژەی زیندانی و لەسێدارەدراوان ........................................................ ۴۵
سەرکوتی نارەزایەتی و چالاکییە سیاسییەکانی دیکە .................................. ۴۷
کوشتنی ڕێبەرانی جووڵانەوە ئەتنیکییەکان لە دەرەوەی وڵات ....................... ۴۸
دابەشکردنی پارێزگاکان، بەرنامەی نیشتەجێکردن و ناوی شوێنەکان .......... ۵۰

دەستنیشانکردنی پارێزگار و سیاسەتە زمانییەکانی ئەوان ................................ ٥١
داوای بەربژێرانی هەڵبژاردنەکان لە کەمینە ئەتنیکییەکان ........................ ٥٣
چالاکیی کەمینە ئەتنیکییەکان لە پارلمانی ئێران ........................................ ٥٤
وێنا کردنی کەمینە ئەتنیکییەکان لە مێدیای دەوڵەتیی ئێران ...................... ٥٧
جووڵاندنی ئەتنیکی ........................................................................................ ٦٦
وەرزش ........................................................................................................ ٦٦
جووڵانەوەی ژینگەپارێزی .............................................................................. ٦٩
هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی ئاسایی لە هەمبەر مافەکانی کەمینە ئەتنیکییەکان .... ٧٦
سیاسەتی دەرەوەی ئێران: فاکتەری ئەتنیکیی ناوخۆیی .................................. ٧٩
بابەتی لێکۆڵینەوە: پێوەندییەکانی ئێران دەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و سیاسەت
بەرانبەر بە کێشەی ئەرمەنستان ـ ئازەربایجان ............................................... ٨٢
بابەتی لێکۆڵینەوە: کوردەکان و ئێران، تورکیە و عێراق ................................... ٨٧
بابەتی لێکۆڵینەوە: بەلووچ لە ئێران و پاکستان ............................................... ٨٩
کاریگەری لەسەر سەقامگیریی ڕێژیم .............................................................. ٩٢
پێشنیارەکانی ڕەچاو کردنی سیاسەت ............................................................. ٩٧

## پێشەکی

لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ و سەرەتاکانی ١٩٩٠ لە ئەستەمبوڵ، کە ئەو کاتی حەشیمەتێکی ئێرانیی تاراوگەنشینی سەدان هەزار کەسیی هەبوو، ئێرانیی ئازەربایجانی، کە زۆر جار بە فارسی پێیان دەگوترێ ئازەری، لە هەموو شوێنێک هەبوون. وەک کارمەندێکی ناوەندی هەواڵگری کە لە کۆنسولگەریی ئەمریکا کارم دەکرد، قسەم دەگەڵ سەدان کەس کردووە کە خۆیان لە شەڕی ئێران-عێراق و حکوومەتە ئایینییە قەشمەرییەکەی کۆماری ئیسلامی دەرباز کردبوو. زۆربەیان هەوڵیان دەدا، بە هیوای کۆچبەریی نایاسایی و ژیانێکی باشتر، ڤیزای توریستی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان یان خۆرئاوای ئەورووپا وەرگرن. بە پێچەوانەی هاووڵاتیانیان لە دەشتی ئێران، ئازەرییەکان لە تورکیە هەستیان بە ئاسوودەیی دەکرد. ئەوە تەنیا لەبەر زمانەکە نەبوو.

هەر وەک بە ئازەرییەکان و کەمینە ئێرانییەکانی دیکەم دەگوت کە دەهاتنە لای من، ئێران وەک پازڵێکی کولتووریی جیاواز دەچێ. کولتووری فارس، بۆ زۆربەیان، ئایینزای شیعە بەشی سەرەکیی کەسایەتیی ئەوانی دیاریی دەکرد،

ئەگەرچی ئەوان بە بێ مەیلییەوە ددانیان بە باڵادەستییەکەیدا دەنا. بەشێکیان، بەلووچەکان، عەرەبەکانی خووزستان، تورکمانەکان و کوردەکان، دەستبەجێ بێزاریی خۆیان بەرانبەر بە دەسەڵاتدارە فارسەکان دەردەبڕی.
ئەوکات بۆ من ڕوون بوو کە دە ساڵ دوای شۆڕشی ئێران، ئیسلام خەڵکی ئێرانی نەکردبوو بە بنەماڵەیەکی بەختەوەر و لە ڕوانگەی ئەتنیکییەوە فرەچەشن. زۆربەی دەوڵەتە ئیمپراتورییە ئیسلامییەکان، عوسمانی، سەفەوی و قاجار، هەر هەموویان بە قووڵی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی شارستانییەتی کولتووری، کە ئەمڕۆ خەڵکی ئێران تییدا دەژین ، شوێنێک کە  فرەزمان، فرە کولتوور و فرە ئەتنیکییە. تەنیا شوناسی تاقانە لە ئیمپراتورییەکاندا، کە یەکگرتوویی، سەربەخۆیی سیاسی، کولتووری و هەستی خۆیەتیی تاکەکانی دەبەخشی، ئایین بوو.
لە تیۆریدا، دەبوو کۆماری ئیسلامی هێندێک برایەتیی بۆ خەڵکانی ئێران بە دیاری هێنابا، بە تایبەتی بۆ ئەو کەمینانە کە لە سەرهەڵدانەکانی دژی شا سەرکوتکەرەکانی پەهلەویدا بەشدار بوون (١٩٧٩-١٩٢٥). ئەو شتە نەقەوماوە. فارساندن و قۆرخ کردنی دەسەڵات لە ناوەند، لە لایەن دەوڵەتی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی مەلایاندا درێژەی هەبووە. بە کردەوە، ئیسلامیزەکردن، دیوی دەرەوەی فارساندن بووە. فارساندنی ئیسلامیستەکان، ڕێز لێ گرتنێکی بێ ئانقەستی سەرکەوتنی پەهلەوییەکان، بۆ دروست کردنی شوناسێکی نەتەوەیی لە زیندوو کردنەوەی ڕابردوویە. بۆ ئەو کەمینە ئەتنیکییانە کە زۆرتر، ئاگنۆستیکن [ئاگنۆستیک کەسێکە کە دەڵێ هیچ زانیارییەکی لەمەڕ بوون یان نەبوونی خودا نییە]، عیرفانین یا دژی مەلایانن (ژمارەیەکی بەرچاو لە نێو شیعەدا)، فارساندنی کۆماری ئیسلامی تەنانەت قورستر و بێ ڕێزیی مەزنترە لە هی پاشاکانی پەهلەوی.
مۆنۆگرافی [مۆنۆگراف= لێکۆڵینەوەی ورد لەبارەی بابەتێکی تایبەت. و.]، ئێران لە پارس زیاترە، هەوڵ دەدا بۆشاییەکی جیددی لە زانیاری، لەبارەی

فرەچەشنیی ئێران بە زمانی ئینگلیزی پڕ بکاتەوە. ئەو بۆشاییيە لە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکاندا، شوێنێک کە باس لە کەمینە ئەتنیکییەکانی کۆماری ئیسلامی هەرگیز پێشترییەتیی پێ نەدراوە، گەلێک بەرچاوە. بە بێ دیپلۆمات و کارمەندی دیاریکراو بۆ پرسەکە لە ئەو شوێنانە و، ڕێژەیەکی کەم لێکۆڵەرەوە کە زانیارییان لەسەر زمانە پێویستەکان هەبێ (بۆ وێنە، بۆ بەراورد کردنی پرسی عەرەبی ئەهوازی بە باشی، مرۆڤ پێویستی بە هەر دوو زمانی عەرەبی و فارسی هەیە)، شتێکی سەیر نییە کە سەرنجەکان بەرەو شوێنی دیکە دەڕۆن.

هێندێک کەس ڕەنگبێ بابەتی کاری د. شافەر بە جێگای مشتومڕ بزانن. بەڵام، ئەوە دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێ کە گفتوگۆیەکی داهێنەرانە بە توێژینەوەیەکی قووڵەوە لە بارەی فرە چەشنیی ئێران، بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئاکامگیرییەکان، دەقاودەق شتێکە کە ژوورە فکرییەکان دەبوو بیکەن. ئەو بۆ پارچە پارچە کردنی ئێران دەلیل ناهێنێتەوە و دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان وەک دامەزراوە دژی ئەو کارەیە. لەناو دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان، بۆچوونی جیاوازی بەربڵاو و بەرچاو لە بارەی پرسی کەمینەکان لە کۆماری ئیسلامیدا و شێوەی تێڕوانینی خەڵکی دەرەکی هەیە. لە ڕوانگەی منەوە، یەکگرتوویی فیزیکیی وڵاتەکە شتێکە کە دەبێ دانیشتووانی بڕیاری لەسەر بدەن. هیوادارم ئەوان بە شێوەی دێموکراتیک بڕیار بدەن و مافی دیاریکردنی چارەنووس، پرەنسیپێکی پیرۆزی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ماوەی پتر لە ١٠٠ ساڵ، تا ئەو جێیەی دەکرێ خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش وەک ئەورووپاییيەکان بگرێتەوە. تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ لەو پرەنسیپە نیگەرانن و بێگومان پسپۆڕی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان هەن کە ئەو نیگەرانییەیان هەیە (لە هاوشێوەیەکی خۆرئاوایی، هاوسۆزی دەگەڵ ئسپانیا لەمەڕ کاتالۆنیا و فەڕانسە لەمەڕ کۆرسیکا دەگرێتەوە)، مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤ وەک خۆی دەمێنێتەوە: کوردەکان، ئازەرییەکان، عەرەبەکانی ئەهواز، بەلووچەکان و تورکمەنەکان، دەبێ

بتوانن منداڵەکانیان فێری زمانی دایک بکەن و بێ ترس کەڵکی لێ وەرگرن . بە بێ لەبەر چاوگرتنی هەڵوێستی ئێمە لەمەڕ دابڕانە ناوخۆییەکانی ئێران و سنوورەکان، دەبێ ئێمە لەمەڕ خەڵکەکەی کونجکۆڵ بین. قەت نابێ کونجکۆڵیی ئێمە لەبەر ناسیۆنالیزم، وشکە باوەڕی و هەڵوێستی سیاسیی دروست، پێشی پێ بگیرێت. لە سیاسەتی دەرەوەدا، وەک زۆر شتی دیکە، لاوازیی لێکۆڵینەوە بێگومان دەمانباتە سەر ڕێچکەی پەشۆکان، هەڵە و تەنانەت کارەسات.

ڕۆیەل مارک گەرێشت

## دەستپێک: بۆچی لە ئێران ئەتنیک گرینگە؟

زۆربەی سەردەمی سۆڤیەت، خۆرئاوا حەزی لێ بوو دانیشتووانی سۆڤیەت بە «ڕووسی» بانگ بکا و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بە ڕووسی کردنی شارۆمەندە نا-ڕووسییەکان لە سەرانسەری یەکیەتیی سۆڤیەت سەرکەوتوو بوو. تا نیوەی هەشتاکان، کاتێک کە لە کاتی چاکسازییەکانی میخائیل گۆرباچۆف کە نارەزایەتییەکان سەریان هەڵدا، ئاشکرا نەبوو کە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی هێزێکی بەهێزی سیاسی لە یەکیەتیی سۆڤیەتە. کاتێک لە ١٩٩١ یەکیەتیی سۆڤیەت تێکڕما و ١٥ وڵاتی نوێ دروست بوون، حاشای لێ نەدەکرا بە ڕووسی کردنی کەمینە ئەتنیکییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت شتێکی درۆ بووە.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا چەند جار، کاتێک دەوڵەتە ناوەندییەکان لاواز بوون و ناکۆکییە ئەتنیکییەکان یان ناکۆکیی کۆمەڵایەتیی دیکە بوونە دەور گێڕی سەرەکی، داڕێژەرانی سیاسەت ناچار بوون خۆیان بەرۆژ بکەنەوە. ئەوە کاتی تێکڕمانی سۆڤیەت، شەڕی یوگوسلاڤیا و شەڕی ناوخۆییی سووریە، وەڕاست گەرا. لەوانەیە کەمایەسییەکی هاوشێوە لە پێوەندی دەگەڵ پێکهاتەی فرە

ئەتنیکیی و سەقامگیریی ڕێژیم بوونی هەبێ.
ئێران وڵاتێکی فرە ئەتنیکە؛ فارسەکان کەمتر لە نیوەی دانیشتووانی ئێران پێکدەهێنن. بەشی هەرە زۆری غەیرە فارسەکان دانیشتووی پارێزگا سنوورییەکانن؛ بە پێچەوانەی ناوەند کە فارس لەوێ باڵادەستن. جگە لەوە، زیاتر لە ٤٠٪ حەشیمەتی ئێران بەسەر زمانی فارسیدا زاڵ نین. ناتەباییی ئەتنیکی و ناڕەزایەتی، ئالنگارییەکی پەرەئەستێنن بۆ دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێران. کاتێک دەگەڵ هەژاری و ئاستی نزمی خزمەتگوزاریی دەوڵەت و ژێرخانی ئابووری وەسەر یەک دەکەونەوە، ئەو ئالنگارییانە دژوارتر دەبنەوە. ئەتنیکەکانی ئێران دانیشتووانی هەژارترین پارێزگاکانی وڵات پێکدەهێنن. ئالنگارییە پەرەئەستێنەکانی ژینگەی وڵات، لەناویاندا پەرە گرتنی کەمیی ئاو، لە پارێزگا ئەتنیکییەکان، لە ناوەندی فارس بەرچاوترە.
پەرە گرتنی گرینگیی پارێزگا سنوورییەکان لە ماوەی چالاکییەکانی دژی ڕێژیم لە ئێران، کە لە دێسامبری ٢٠١٧ دەستیان پێ کرد و دیسان لە کۆتاییەکانی ٢٠١٩ سەریان هەڵدایەوە، ئاشکرا بوو. خۆپیشاندانەکان لە شارە دوورەکانی وڵات دەستیان پێ کرد و لەو پارێزگایانەی کەمینە ئەتنیکەکان زۆرینە پێکدەهێنن بە بەراورد دەگەڵ ناوچە فارسەکان چڕتر بوون.
ئاڵوگۆڕە تەکنەلۆژیکەکان، لە ناویاندا دەستڕاگەیشتنی بەربڵاو بە تەلەفزیۆنە بیانییەکان و سۆشیال مێدیا بە زمانی کەمینە ئەتنیکییەکان، ڕەوتی شوناسخوازیی لە ئێران بەهێز کردووە. بەشێکی زۆر لە کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران بە شێوەی ڕێکوپێک سەیری بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەرەکی دەکەن کە بە زمانی ئەوان بڵاو دەبنەوە، لە جیات تەلەفزیۆنی ڕێژیم کە زۆر جار بە گاڵتەجاڕی کلێشەیی باسی کەمینە ئەتینکییەکان دەکا. تاقمە ئەتنیکییەکانی ئێران بە هەمان شێوە بە هۆی سۆشیال مێدیاوە شەپۆلی سیاسەتی ئەتنیکییان لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەورووپاوە ئاراستە دەکرێ. ئەوەش، لەوانەیە یارمەتیدەری پەرە گرتنی دژایەتی

بەرانبەر بە ڕێژیم بێ، بە تایبەتی لە نێو لاوەکانی ئێران. جیلەکانی پێشوو لە ئێران، تا ڕادەیەکی زۆر ملکەچی ئەو بۆچوونە بوون کە کەمینە ئەتنیکییەکان لە نەتەوەی مەزنی فارس کەمترن. بەڵام کەمینەکانی ئێران هەر دێت و زۆرتر ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکەنەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ناسیۆنالیزمی فارسی لە نێو فارسان کە لە بانگەوازی ئایینیی کۆماری ئیسلامیی ناڕازین، پەرە دەستێنێ.
لە کۆتایی ٢٠١٧ ـــەوە، چالاکیی دژی ڕێژیم لە لایەن چەند تاقمی ئەتنیکییەوە گەیشتە ئاستێکی نوێ، لەناویاند بە هێرشی سەربازیی زیاتر بۆ سەر سپای ئێران، سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی و دامەزراوە دەوڵەتییەکان. لەناو کەمینەکانی ئێران، کوردەکان، ئەهوازییەکان و بەلووچەکان تاقمی چەکداریی چالاکیان هەن. زۆربەی چالاکییە توندوتیژییەکانی دژی ڕێژیم لە ئێران لە ناوچەی ئەوان ڕوو دەدەن: سیستان و بەلووچستان، خووزستان، کوردستان، کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران، شوێنی ژیانی کورد و بەلووچ بەردەوام هەڕەشە لە هێزەکانی ڕێژیم دەکرێ. تاقمە ئەهوازییەکان هێندێک جار هێرشی دژی ڕێژیم لە خووزستان بەڕێوە دەبەن بەڵام وەک کورد و بەلووچان بەردەوام سەرهەڵدان ناکەن.
هاوکێشەیەکی یەکلاکەرەوە لە لێکدانەوەی پوتانسیەلی هەڕەشەی ئەتنیکیی بۆ سەر ڕێژیم هەڵوێستی ئازەربایجانییەکانی ئێرانە، بە هۆی ڕێژەی زۆر، سامان و پێگەیان وەک کۆڵەکەی مانەوەی ڕێژیم. خاڵێکی وەرسووڕانی مەزن بۆ ئەو تاقمە، پاییزی ڕابردوو لە جوابی پشتیوانیی ئێران بۆ یەرەڤان، لە کاتی شەڕی ئەرمەنستان دەگەڵ ئازەربایجان، هاتە ئاراوە. ئازەربایجانییەکانی ئێران دیتیان کە لۆرییە ئێرانییەکان چەکوچۆڵی ڕووسی و پێداویستیی دیکەیان بۆ ئەرمەنستان دەگواستەوە. دەوڵەتی ئێران چەند دەرزەن ئازەربایجانیی دەسبەسەر کردن کە دژی پشتیوانیی ئێران لە ئەرمەنستان نارەزایەتییان نیشان دا. لە جەنگەی پەرە گرتنی دژایەتیی ئازربایجان، سیاسەتی ڕێژیم لەمەڕ پشتیوانی لە ئەرمەنستان

لەوانەیە چیدیکە نەکرێ درێژەی پێ بدرێ.

بەڵام ئالنگاریی ئازەربایجان تەنیا ئالنگارییەک نییە. کەمینە ئەتنیکییەکان زۆرینەی چەند شوێنی ستراتیژیک لە ئێران پێکدەهێنن. بۆ وێنە، پارێزگای خووزستان، کە ناوەندی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران وماڵی چەند بەندەری گرینگ و شوێنی تێکەڵ بوونەوەی جادەی مەزنە، زۆرینەی دانیشتووانی عەرەبی ئەهوازن. خووزستان پارێزگایەکی ناسەقامگیرە و، چالاکیی بەردەوامی دژی ڕێژیم لەوێ دەتوانێ کاریگەریی بخاتە سەر توانایی ئێران بۆ بەرهەمهێنان، هەناردە و گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی. جگە لەوە، بەندەری ستراتیژیکی چابەهاری ئێران لە سیستان-بەلووچستان هەڵکەوتووە، پارێزگایەک کە بەردەوام ناسەقامگیرە و دانیشتووەکانی تەقریبەن هەموو بەلووچن. هیندوستان وەبەرهێنانی قورسی لە بەندەری چابەهار کرد، کە دەرخەری هەوڵی دێهلی نوێ بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆژەی ژێرخانییەکانی چین لە پاکستانی جیرانە.

تاقمە ئەتنیکییە دابەشکراوە غەیرە فارسەکان کە زۆربەی سنوورەکانی ئێران پێک دێنن، بە تایبەتی بەلووچ، کورد و ئازەربایجانی، کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرانبەر بە زۆربەی دەوڵەتانی دراوسێ هەیە. ئەو تاقمە ئەتنیکییانە ئالنگارییەکی بەرچاو بۆ دۆخی ناسەقامگیری ئاسایش لە سنوورەکانی نێوان ئێران، عێراق، تورکیە و پاکستان دروست دەکەن. لەو ساڵانەی دواییدا، کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران، توانایی ڕێکخستنی خۆیان بە کردەوە نیشان داوە. لە ئەگەری قەیرانی سەرانسەری، شۆڕش لە چەند پارێزگای کەمینەکان لە ئێران دەتوانن ببنە ئالنگارییەکی گەلێک بەرچاو بۆ دەوڵەتی ناوەندی.

## تاران دەزانێ

لە کاتێکدا کە زۆر جار ئێران بە فەرمی دەڵێ کە بەرەوڕووی هیچ ئالنگارییەک لە لایەن کەمینەکانەوە نابێتەوە، کاربەدەستانی ڕێژیم جاروبار لێدوان دەدەن و

لێکۆڵینەوەی دەوڵەتی بەڕێوە دەبەن کە پێچەوانەکەی دەسەلمێنێ. ئەو لێدوان و لێکۆڵینەوانە دەلاقەیەک بەرەو ڕوانگەی ڕێژیم لەمەڕ پرسی گرێدراویی ئەتنیکی دەکاتەوە. ئاکامی بەشێک لەو لێکۆڵینەوانە بڵاو کراونەوە یان لەناو کاربەدەستان و توێژەراندا باسیان لێوە کراوە. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە گەشە کردنی نوێ، وەک پەرە ئەستاندنی دەستڕاگەیشتن بە سۆشیال مێدیا و دامەزرانی کۆماری ئازەربایجانی دراوسێ، گریمانەکانی پێشوویان کۆتایی پێهێناوە.

بە پێچەوانەی ڕێبازی کاربەدەستانی دەوڵەتی، عەلی یونسی، دوای ئەوەی کە وەک وەزیری هەواڵگریی ئێران خزمەتی کردووە، لە ٢٠٠٥ گوتی، «من هەڕەشەی سیاسی بەرانبەر بە ئێران لە داهاتوودا نابینم، بەڵام ئەگەر هەر قەیرانێک بێتە ئاراوە، ئەوە ئەتنیکی و کۆمەڵایەتی دەبێ.»[١] لە نۆڤامبری ٢٠٠٨، ژەنراڵ غولامعەلی ڕەشید، کە جێگری فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران بوو، گوتی کە کوردستان، بەلووچستان و خووزستان، گۆڕەپانی بەرهەڵستکاریی چەکدارانەن کە تاران دەبێ بەرەوڕوویان بوەستێتەوە.[٢] لە گفتوگۆکان لەبارەی شەپۆلی نارەزایەتییەکانی دژی ڕێژیم لە نۆڤامبری ٢٠١٩، وتە بێژی سپای پاسداران، سەرتیپ ڕەمەزان شەریف ڕایگەیاند کە «جیاییخوازان» دەستیان تێدا هەبووە.[٣]

وەزیری ناوخۆی ئێران جار جار لێکۆڵینەوە لەبارەی بیر و باوەڕ و ئاکاری جەماوەر، لە ناویاندا پرسی شوناسی ئەتنیکی، بەڕێوە دەبا. لێکۆڵینەوەیەکی وزارەتەکە لە ٢٠٠٤ گەیشتە ئەو ئاکامە کە:

---

١. ئادام ساڵح، شوناسی ئەتنیکی و دەوڵەت لە ئێران (شاری نیویۆرک: پالگرایف مەکمیلان، ٢٠١٣)، لاپەڕەی ٩٣

٢. سەرلەشکر ڕەشید: لەبەرەبەری شەڕداین. بی بی سی فارسی، ٢٣ی نۆڤامبر ٢٠٠٨ (https://www.bbc.com/persian/iran/2008/11/081123_ka_rashid)

٣. «ئێران هۆشداریی دەداتە وڵاتانی ناوچە ئەگەر بێتۆ ئاژاوە بنێنەوە»، ڕۆیتەرز، ٢٣ی نۆڤامبر، ٢٠١٩. (https://www.reuters.com/article/us-iran-gasoline-protests/iran-warns-regional-states-of-consequences-if-they-stoked-unrest-idUSKBN1XX07O)

ئاگاداری بەسەر/وەفاداری بە شوناسی ئەتنیکی لەناو تاقمە ئەتنیکییە مەزنەکان، واتە ڕادەی خۆ پێناسە کردنی ئەو تاقمانە بە ئەتنیکەکەیانەوە، لە جیات شارۆمەندیی نەتەوەیی وەک «ئێرانی»، لە گەشە کردندایە و بەو شێوەیە: ئازەرییەکان ٪٨٣، بەلووچەکان ٪٨٤، تورکەمەنەکان ٪٧٩، عەرەبەکان ٪٧٦ و کوردەکان ٪٧٦.[١]

لە نێوەڕاستەکانی ٢٠٠٠ی زایینی، ناوەندی لێکۆڵینەوە ستراتێژیکییەکانی ئێران بە نوێنەرایەتیی پارلمانی ئێران، یان مەجلیس، چەند لێکۆڵینەوەی لە بارەی کەمینەکانی ئەو وڵاتە بەڕێوە بردن. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ٢٠٠٧ ، « وڵات بەرەوڕووی پشێویی جیددیتری ناوخۆیی دەبێتەوە ئەگەر دەوڵەت باشتر بە پێداویستییەکانی کەمینە ئەتنیکییەکانی ڕانەگا.»[٢]

زانایانی ئێرانیش کە کار بۆ ئەنستیتۆکانی توێژینەوەی دەوڵەت دەکەن چەند لێکۆڵینەوەیان لە بارەی هێندێک لە پارێزگا و تاقمە ئەتنیکییەکان بەڕێوە بردوون. نزیکەی هەموویان ئاماژەیان بە پەرە گرتنی ڕەوتی چالاکیی سیاسی پێوەندیدار بە ئەتنیکەکانەوە کردووە و پێشنیاریان کردووە کە دەوڵەتی ناوەندی خزمەتگوزارییەکانی باشتر بکا و مافەکانی ئەو پارێزگایانە و تاقمانە زیاتر بکا.[٣]

دوای ناڕەزایەتییەکانی ئازەربایجانییەکانی ئێران لە مانگی مای ٢٠٠٦، گۆڤارە فەرمییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی دەوڵەتی، چەند لێکۆڵینەوەیان بڵاو کردنەوە.[٤] محەممەد عەلی قاسمی، توێژەرێکی ئەنستیتۆی سەرکۆماری بۆ

---

١. ئادام سالّح، شوناسی ئەتنیکی و دەوڵەت لە ئێران (شاری نیویۆرک: پالگرایڤ مەکمیلان، ٢٠١٣)، لاپەڕەی ٩٩
٢. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦٩
٣. لە بارەی بەلووچی ئێران لە گۆڤاری فەرمیی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک، بڕوانە: موراد کاویانی راد، «ناوچەناسیی سیاسی لە ئێران: بابەتی بەلووچستانی ئێران،» گۆڤاری لێکۆڵینەوە ستراتێژیکەکان، بەرگی ١٠، ژمارە ١، ٢٠٠٧، لاپەڕەکانی ١٢١-٨٩. (https://www.magiran.com/paper/467381?lang=en). لەبارەی کوردان، بڕوانە: جەی حەقپەناە، کوردەکان و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران (تاران: ئەنستیتۆی توێژینەوەی کولتووری، ٢٠٠٩)؛ ناسیۆنالیزمی ئەتنیکیی ئازەربایجان: پوختەیەک لەبارەی ئێران، لێکۆڵینەوەی ستراتێژیکی وەرزیی، بەرگی ٥، ژمارە ٢، ٢٠٠٢، لاپەڕەکانی ٥٨١-٥٧٣.
٤. بڕوانە بۆ وێنە: موحەممەد عەلی قاسمی. «جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان: بابەتی ئازەربایجان،» ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوە ستراتێژیکەکانی سەرکۆماری،ساڵی دەیەم، ژمارە ١، ٢٠٠٧.

لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک، نووسیی کە خۆپیشاندەران و چالاکەکانی دیکە بە ئاشکرا داخوازییان هەبوون کە ئەوانەی دەگرتە خۆ:

دانپێدانان بە زمانی تورکی وەک زمانێکی فەرمی لە پلە جیاوازەکانی خوێندن، تەرخان کردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی بۆ ئەو زمانە، ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ‹بە شێوەیەک کە دەست لە پرۆگرامی سووکایەتیکار و ڕەنجێنەر هەڵگرن›، خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی تا ئاستی فێدراڵیزم بەرز بکەنەوە، هێندێک داواکاریی ئابووری، [و] دژایەتی ئاسیمیلاسیۆنی کولتووری.[١]

لە ٢٠٠٧، قاسمی ئیددیعای کرد کە لە ناو جووڵانەوە ئەتنیکییەکانی ئێراندا، «هیچ گومانێکی تێدا نییە کە گەشە کردنێکی بەرچاو لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا هاتۆتە ئاراوە.»ئەو باسی چەند فاکتەری کردن کە بوونە هۆی پەرە ئەستاندنی چالاکیی ئەتنیکی: خوێندەواریی بەربڵاوتر، چالاکیی کەمینەکان لە سەر ئینتەرنێت و، زانیاریی زیاتری چالاکانی سەر بە کەمینەکان لە بارەی شوێنەکانی دیکەی دنیا بە هۆی ئینتەرنێت. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە، سەربەخۆییی کۆماری ئازەربایجان، یارمەتیی بە بەهێز کردنی «گەشە کردنی تێگەیشتنی ئەتنیکی» لەناو ئازەربایجانییەکانی ئێران، دەستڕاگەیشتن بە کتێب، چاپەمەنی، فیلم و کەسایەتییە کولتوورییە ئازەربایجانییەکانی ئەوێندەرێ، کردووە.[٢]

لەو لێکۆڵینەوەیەدا قاسمی بەو ئاکامە گەیشت:

ئەو توێژەرانەی کە چالاکانی ئەتنیکی وەک هێندێک نەخوێندەوار و فریوخواردووانی بێگانە سەیر دەکەن، ناتوانن پێشبینیی ڕووداوەکان بکەن و لێیان تێبگەن. ئەو بۆچوونە کە پرسە ئەتنیکییەکان تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە تاکی تەریک کەوتوو و ناکاریگەر لە کۆمەڵگادا دەگرێتەوە، وێدەچێ یەکێک لە هۆیەکانی بەردەوامیی پەرە ئەستاندنی قەیرانەکانی ئەو دواییانە بێ ... ئەگەرچی وێناچێ جووڵانەوە

١. موحەممەد عەلی قاسمی، «جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان: بابەتی ئازەربایجان،» ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوە ستراتێژیکەکانی سەرکۆماری، ساڵی دەیەم، ژمارە ١، ٢٠٠٧.

٢. هەمان سەرچاوە

خولیای چەکدار بوونی هەبێ، لەوانەیە بە گوێرەی ئەو سیاسەتانەی کە ڕەچاو دەکرێن، بەرەو توندئاژۆیی بڕوا.[١]

## دیمۆگرافی

زۆربەی پارێزگا سنوورییەکانی ئێران حەشیمەتەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر غەیری فارسن. کەمینە ئەتنیکییە مەزنەکان، پێوەندییان بە هاوزمانانیان لەم وڵاتانەی جیرانەوە هەیە: ئازەربایجان، تورکمەنستان، عێراق، تورکیە، پاکستان و ئەفغانستان. شوناسی ئەتنیکی لەو پارێزگایانە گەلێک لە پارێزگاکانی ناوەندیی کە فارسەکان زۆرینەن، بە تایبەتی تاران زیاترە. چەند دانە لەو تاقمانە، وەک کورد، تورکمەن، ئەهوازی و بەلووچ، نە تەنیا شوناسێکی ئەتنیکی و زمانیی جیاوازیان هەیە، بەڵکو هەژارترین حەشیمەتی ئێرانیشن. زۆربەی پارێزگا سنوورییەکانی ئێران خزمەتگوزاریی کەمتر لە لایەن دەوڵەت وەردەگرن و وەبەرهێنان لە سەر ژێرخانی ئابوورییان لە ناوەند کەمترە.

تاران بۆخۆی شارێکی فرە ئەتنیکییە؛ نزیکەی نیوەی دانیشتووانی غەیری فارسن. زۆر لە شارەکانی دراوسێی تاران، وەک ئیسلامشار، شەهریار و وەرامین، هەر وەها شارەکانی نزیک، وەک کەرەج، ناوەندی پارێزگای دراوسێ ئەلبورز، تەنانەت ڕێژەیەکی زۆرتری حەشیمەتی کەمینە ئەتنیکییەکانیان هەیە و، زمانەکانی کەمینەکان بە شێوەی بەربڵاوتر لە تاران کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

## تاقمە ئەتنیکییەکانی ئێران

### فارس

فارس مەزنترین تاقمی ئەتنیکیی ئێرانە. بەڵام کەمتر لە ٥٠٪ی دانیشتووان پێکدێنێ. بەشێکی بەرچاوی ناوەندی ئێران زۆرینەی فارسن. بە گوێرەی

١. هەمان سەرچاوە

لێکۆڵینەوەیەکی بڵاو کراوە لە لایەن ئەنجومەنی کولتووری گشتی سەر بە دەوڵەتی ئێران، فارسەکان لانیکەم ٪٥٠ ی حەشیمەتی ١٢ پارێزگا پێکدەهێنن: ئیسفەهان، بوشەهر، تاران، خوراسانی باکوور، خوراسانی ڕەزەوی، سمنان، فارس، قوم، ناوەندی کرمان، هورموزگان و یەزد. لە پارێزگاکانی ئەلبورز، خوراسانی باکوور، خووزستان و گولستان، فارسەکان زۆرینە نین بەڵام حزووری بەهێزیان هەیە.[١]

تا سەدەی ٢٠، ئێران ئیمپراتورییەکی فرە زمان بوو، بە بنەماڵەی تورک وەک ڕێبەری دامەزراوە سیاسی و سەربازییەکانی وڵات و، فارس زمانەکان دەسەڵاتی ژیانی کولتوورییان بەدەستە بوو. ئەوە لە سەردەمی پاشاکانی پەهلەوی، کە برەویان بە ناسیۆنالیزمی فارس وەک ئایدیۆلۆژیی دەوڵەتی دەدا، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان ڕێگای بۆ دەوڵەتی ناوەندی خۆش کرد کە لە سەدەی بیستەمدا حزوورێکی بەرچاوتری لە پارێزگاکاندا هەبێ. بە بەدەستەوە گرتنی چڕتری جڵەوی خوێندن و پەروەردە و چاپەمەنی، ڕێژیمی پەهلەوی هەوڵی دا کەمینە ئەتنیکییەکان لەناو کۆمەڵگای فارس‌تەوەردا بتوێنێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە فەرمی ئایینی ئیسلامی وەک ئایدیۆلۆژیی دەوڵەتی هەڵبژارد، بەڵام سیاستە فارس‌تەوەرەکانی پەهلەوییەکانی پاراست.

## ئازەربایجانی

ئازەربایجانییەکان دووهەمین تاقمی ئەتنیکیی ئێرانن. لە ئێران، ئازەربایجانییەکان زۆر جار وەک تورک ئاماژەیان پێ دەکرێ و بۆخۆشیان بەو شێوەیە باسی خۆیان دەکەن و بە زمانەکەشیان دەڵێن تورکی. بە فارسی، تاقمەکە وەک

---

١. سەرۆکی ئەنجومەنی کولتووری گشتی واعیزی، « لێکۆڵینەوە و بەراوردی تایبەتمەندییەکانی کولتووری گشتیی وڵات»، ٢٠١٠

ئازەری باسیان دەکرێ. مێدیای تورکیە بە ئازەربایجانییەکانی ئێران دەڵێن تورک، یان تورکی ئازەری. لە کۆماری ئازەربایجان، زۆر جار هاوڕەگەزەکانیان لە ئێران بە ئازەربایجانیی باشووری ناو دەبەن. زۆرینەی ئەوان شیعەن و لە باکووری خۆرئاوای ئێران دەژین، زۆرینەیەکی ڕوون لە ناوچەی نێوان دەریای کاسپیەن و سنووری تورکیە و نێوان تاران بۆ سنووری کۆماری ئازەربایجان پێکدەهێنن. تورکە ئازەربایجانییەکان لانیکەم ٪٥٠ ی حەشیمەتی شەش پارێزگا پێکدەهێنن: ئازەربایجانی خۆرهەڵات، ئازەربایزانی خۆرئاوا، ئەردەبیل، زەنجان، قەزوین و هەمەدان. زۆربەی خێڵە تورکەکانی ئێران خۆیان وەک ئازەربایجانی پێناسە دەکەن. ئەوە قەشقاییەکانی نیشتەجێ لە پارێزگای فارس و خێڵە تورکە چیاییەکان دەگرێتەوە. ئەو خێڵانە زۆر کەمتر لەو ئازەربایجانییانەی نێشتەجێی شارەکانن لە زمان و کولتووری فارسدا ئاسیمیلە بوون.

## کورد

کوردەکان  لە ڕوانگەی ڕێژە، سێهەمین تاقمی ئەتنیکیی ئێران پێکدەهێنن. کوردەکانی ئێران نیشتەجێی چیاکانی زاگرۆسی ئەو وڵاتە لە سەر سنووری تورکیە و عێراقن. کوردەکان زۆرینەی سێ پارێزگا پێکدەهێنن: ئیلام، کوردستان و کرماشان. ڕێژەیەکی بەرچاو  حەشیمەتی کورد لە چەند پارێزگای دیکەش هەن. کوردەکان لە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا دووهەمین تاقمن و کۆمەڵگەیەکی مەزنی کوردان لە پارێزگای خوراسانی باکوور هەیە. کوردەکانی ئێران سوننی و شیعەن. کوردەکان بە چەند زاراوەی زمانی کوردی قسە دەکەن، وەک سۆرانی، کورمانجی و کوردیی باشووری.

## عەرەبی ئەهواز

ئەهوازی تا ڕادەیەکی زۆر لە دوو ناوچەدا دەژین: پارێزگای خووزستان و ناوچە

کەنارییەکانی کەنداوی فارس لە نێوان بوشەهر و بەندەر عەبباس. ئەهوازی هەروەها دانیشتووی ناوچەکانی هورموزگان، ئیلام، بویر ئەحمەد و پارێزگای فارس و هەروەها دوورگە ئێرانییەکانی کەنداون. ئەو خەڵکە بەخۆیان دەڵێن ئەحوازی، لە کاتێکدا کە فارسەکان پێیان دەڵێن ئەهڤازی یان عەرەب.

ئەو زاراوانەی ئەهوازییەکان قسەی پێدەکەن جیاوازن. لە ناوچەی خووزستان، ئەهوازییەکان بە زاراوەیەک قسە دەکەن کە لە عەرەبیی عێراق نزیکە، لە کاتێکدا لە باشوور، لە بوشەهر و هورموزگان، بە زاراوەی کەنداو قسە دەکەن. ئەوانەی لە باکووری ئەهواز دەژین سوننی و شیعەن، لە کاتێکدا ئەوانەی لە باشوور دەژین زۆرینەیان سوننین. سۆزداریی خێڵەکی و شوناس لەناو ئەهوازییاندا بە هێزە.

عەرەبەکانی ئێران بە ناوچەی خووزستانی مەزن دەڵێن ئەلئەحواز، کە خووزستان، بوشەهر، هۆرمۆزگان و بەشێک لە پارێزگاکانی ئیلام، بویر ئەحمەد و فارس دەگرێتەوە.

لە ۲۰۱۶، حەشیمەتی پارێزگای خووزستانی ئێران ۴،۷ میلیۆن نەفەر بوو. بەشی هەرە زۆری بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە پارێزگای خووزستانە.[۱] کارمەندانی کەرتی نەوت و گازی سروشتی زۆربەیان ئەهوازین. بەڵام، فارسەکانی دانیشتووی ئەو پارێزگایە کارە پڕ داهاتەکانیان لە پیشەسازیی نەوت و پێترۆشیمی بەدەستەوەیە، لە کاتێکدا کە ئەهوازییەکان تا ڕادەیەکی زۆر کرێکارن. لە ٦ی ژانویەی ۲۰۲۱، موحسین حەیدەری، نوێنەری ڕێبەری باڵا لە ئەهواز، ئیددیعای کرد کە عەرەبەکانی ئەهواز تەنیا ٪۵ی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پیشەسازیی پارێزگاکەیان بەدەستە. ئەو باسی کرد کە کاتێک داواکارانی کار کە ناوی شێوە

---

۱. خوزستان خاوەنی نزیکەی ۸۰ لە سەدی یەدەگی نەوتی ئێران و بەشێکی بەرچاوی بەرهەمهێنانی گازی سروشتییە. وەزارەتی 6+ وزەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئاژانسی زانیاریی وزە، « سەرچاوەی پێشینە: ئێران،» ۷ی ژانوییە، ۲۰۱۹
https://www.eia.gov/international/content/analysis/countries_long/Iran/back-)
ground.htm)؛ هەروەها بڕوانە: ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ناوەندی نەتەوەیی بەراوەردی بیانی، « خوزستان: پاژنەی ئاشیلی ئێران،» ٦٢ی ئاگوست، ۳۱۰۲
(https://www.cia.gov/readingroom/document/cia-rdp09-00438r000100380001-7)

عەرەبییان هەیە داوای کارە پڕ داهاتەکانی ئەو کەرتە دەکەن، ئەوان بۆ وتوویژ بانگ ناکرێن.[١]

خووزستان بە دەست کەم ئاویی لە ڕادەبەدەر و هەڕەشەکانی تەندروستی سەرچاوە گرتوو لە پیشەسازیی نەوت و پێترۆشیمی ئێرانەوە دەناڵێ.

## لوڕ

لوڕەکان زۆربەیان لە ناوەند و باشووری چیاکانی زاگرۆس دەژین و لە پارێزگاکانی لۆرستان، چوارمەحاڵ و بەختیاری، کۆهکیلویە و بۆیر ئەحمەد، زۆرینەن. ئەوان شیعەن. بەختیارییەکان یەکێک لە هۆزە مەزنەکانی لوڕن کە دانیشتووی پارێزگای چوارمەحاڵ و بەختیارین.

## گیلەک و مازەنی

سەرچاوەکانی دەوڵەتی ئێران زۆر جار بە گیلەک و مازەنییان دەڵێن «باکووری» هەر دوو تاقمەکە زۆر جار بە خۆیان دەڵێن «کاسپیەنی.» ئەوان زۆرینەی دوو پارێزگا پێکدەهێنن: گیلان و مازەندەران، کە دراوسێی دەریای کاسپیەنن. هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئەوان لە کەنار دەریا، دەرخەری شێوەی ژیان و کولتووریانە.

## تورکمەن

تورکمەنەکانی ئێران لە پارێزگاکانی خوراسانی باکوور و گوڵستان کۆبوونەوە. زۆربەی تورکمەنەکانی ئێران سوننین. پێوەندیی خێڵەکی لە ناو تورکمەنەکاندا بەهێزە و، ئەندامانی چەند هۆز لە بەری تورکمەنستانی دراوسێش هەن.

---

١. «ددان پێدانانە فەرمییەکان: لە ئێران عەرەبەکان بە توندی هەڵاوارده دەکرێن،» پادماز (ئێران)، ٦ی ژانوییە، ٢٠٠١
(https://padmaz.org/en/?p=268)

### بەلووچ

بەلووچەکانی ئێران زۆربەیان لە سیستان-بەلووچستان دەژین کە هەژارترین پارێزگای ئێرانە و خاوەنی بەرزترین ڕێژەی بێکاری و نزمترین ئاستی خوێندەواریی ئێرانە. زۆربەی بەلووچەکان سوننین. هۆگریی خێڵەکی لە ناو بەلووچاندا بەهێزە.

### ئێران بە گوێرەی ئامار

بۆ بەراورد کردنی بەهێزیی ڕێژەیی تاقمە ئەتنیکییەکانی ئێران، گرینگە کە ئاماری دروستت هەبێ. چوار سەرچاوی سەرەکیی بناخەی ئەو لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن: (١) لێدوانەکانی کاربەدەستانی ئێرانی، (٢) ڕاپرسیی بایەخ و بۆچوون سەر بە دەوڵەتی ئێران، (٣) ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی کولتووری گشتیی ئێران و (۴) زانیاریی ڕاپرسیی بەرفراوانی مێژوویی، کۆکراوە لە لایەن سپای ئێران.

بە گوێرەی ئەو سەرچاوانە، فارسەکان کەمتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێران پێکدەهێنن. سەرچاوەکان هەر وەها ئاشکرای دەکەن کە تاقمە غەیرە فارسەکان زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی زۆربەی پارێزگا سنوورییەکانی ئێران پێکدەهێنن، بە پێچەوانەی ناوەندی ئێران کە لەوێدا فارسەکان زۆرینەن. شنوناسی ئەتنیکی و کەڵک وەرگرتن لە زمانە ناوچەییەکان لە پارێزگا سنوورییەکاندا زۆر بەهێزترە لە بەراورد دەگەڵ ئەو کەمینانەی کە لە ناوەندی ئێران دەژین. بە هەمان شێوە، زاڵ بوون بەسەر زمانی فارسیدا لەو پارێزاگایانە، بە بەراورد دەگەڵ شارەکانی ناوەندی ئێران، گەلێک لاوازترە.

گەلێک لێکۆڵینەوەی ئاکادێمیک و سیاسیی بەرچاو کە لە ئێران لەم دواییانەدا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بوونەوە پشتیان بە زانیاریی جێگای گومان لە بارەی بەراوردکردنی قەوارەی تاقمە ئەتنیکییەکان بەستووە. زۆربەیان ئاماژە بە بەڵگەکتێبی دنیا هی ڕێکخراوی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان «سیا» وەک

سەرچاوەی سەرەکی دەکەن،[۱] ئەگەرچی سیا لە ۲۰۱۶ بەولاوە وازی لە باس کردن لە پێکهاتەی ئەتنیکیی ئێران هێناوە (بە پێچەوانەی باس کردنی لەبارەی زۆر وڵاتی دیکەوە). ئەو وازهێنانە وێدەچێ نیشانەی نەبوونی متمانە بە زانیاریی بەردەست بێ. زۆر وێدەچێ، بەراوردەکانی پێش ۲۰۱۵ بە هەمان شێوە جێگای متمانە پێکردن نەبوون. لە ۲۰۰۰ تا ۲۰۱۰، بەڵگەکتێبەکە ئیددیعای کردبوو کە حەشیمەتی فارس ٪۵۱ کۆی دانیشتووان پێکدێنێ و دووهەم تاقمی ئەتنیکی لە ڕوانگەی ڕێژەوە، ئازەربایجانییەکان، ٪۲۴ پێکدەهێنن. ساڵی دواتر، واتە ۲۰۱۱، بەڵگەکتێبەکە، بێ ڕوونکردنەوە، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لەبارەی هەڵسەنگاندنەکە ڕایگەیاند: ڕێژەی دانیشتووانی فارس بۆ ٪۶۱ زیادی کردبوو و، ئازەربایجانییەکان بۆ ٪۱۶ دابەزیبوون.

لە ناو توێژەراندا، پرسێک کە لە هەمووان زۆرتر جێگای مشتومڕە، ڕێژەی ئازەربایجانییەکانە لە ئێران. دروستیی [ڕێژەکە] یەکلا کەرەوەیە، چونکە ئەوان مەزنترین کەمینەی غەیری فارسن. جگە لەوە، ئازەربایجانییەکان تاقە کەمینەیەکن کە بەشێکی بەرچاویان ئاسیمیلە دەبن و دەگەڵ فارسەکان هاوسەرگیری دەکەن و لە پارێزگا ناوەندییەکانی ئێران نیشتەجێن. بۆیە ڕێژەی ئەوان و شوناسیان، بە تایبەتی لە شارەکانی فرە ئەتنیکی وەک تاران، جێگای مشتومڕە.

لێکۆڵینەوە دێمۆگرافیکەکانی دەوڵەتی ئێران وێدەچێ ڕێژەی ئەهوازییان کەمتر لەوەی کە هەن دێنێتە ئەژمار. چونکە ئەو تاقمە لە ناوچەیەکی گەلێک ستراتێژیکی وڵات کۆ بوونەوە، خووزستان و بەندەر عەبباس، ناوەندەکانی پیشە سازیی نەوتی ئێرانن، ئەو کەم ئەژمار کردنە لەوانەیە کاردانەوەی هەوڵی بە

---

۱. زۆربەی بڵاوکراوەکانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆچوونەکانیان لەمەڕ پێکهاتەی ئەتنیکیی ئێران لەسەر بنەمای نوسخە کۆنەکانی بەڵگەکتێبی دنیای سی ئای ئەی بڵاو دەکەنەوە. بڕوانە بۆ وێنە: «سندووقی بەڵگەی ئێران» ئەنستیتۆی ئاشتی وڵاتە یەکگرتووەکان، ۱۴ی مارسی ۲۰۲۱ چاوم لێکردووە. (https://iranprimer.usip.org)؛ بیژەن دابێل، «کەمینەکانی ئێران ۲: فرەلایەنیی ئەتنیکیی،» ئەنستیتۆی ئاشتی وڵاتە یەکگرتووەکان، ۳ی سێپتامبر، ۲۰۱۳ (https://iranprimer.usip.org/blog/2013/sep/03/iranminorities-2-ethnic-diversity). هەروەها گەلێک لە بڵاوکراوە ئاکادێمیکەکان لەو ساڵانەی دواییدا ئاماژەیان بە بەڵگەکتێبی دنیا وەک سەرچاوەی زانیاریی لە بارەی پێکهاتەی ئەتنیکیی ئێران کردووە.

ئانقەست بۆ شاردنەوەی لەرزۆکیی دەوڵەت بێ. خووزستان بە تەنیا نزیکەی ۵ میلیۆن حەشیمەتی هەیە و لانیکەم نیوەی دانیشتووانی ئەهوازین. بۆیە، ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەهوازییان وێدەچێ زیاتر لەوە بێ کە لە لێکۆڵینەوەکانی تاراندا باسی دەکرێ.

## لێدوانە فەرمییەکان

لە کاتێکدا کە ئێران ئاماری فەرمی لەبارەی پێشینەی ئەتنیکی و زمانی دایکیی شارۆمەندانی بڵاو ناکاتەوە، کاربەدەستانی ئێران جار جار باسی ئاماری دەوڵەتی دەکەن، بە تایبەتی کاتێک کە باسی ئالنگارییەکانی پەروەردە و فێر کردن دەکەن. کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن زۆر جار ئاماژە بە زانیاری لە بارەی ژمارەی ئاخێوەرانی زمانە جۆراجۆرەکانی ئێران دەکەن. بۆ وێنە، لە دێسامبری ۲۰۰۹، حەمید ڕەزا حاجی بابایی، وەزیری پەروەردە و فێرکردنی ئەوکات و ئەندامی پارلمانی ئێستا، باسی ئەوەی کرد کە ٪۷۰ ی منالانی ئێران دووزمانەن، کە هێشتا دوای پۆلی یەکەم زمانی فارسی، زمانی سەرەکیی ئەوان نییە.[1]

لە کاتی سەردانێکی فەرمی لە تورکیە لە ژانویەی ۲۰۱۲، عەلی ئەکبەر سالحی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکاتی ئێران، بە ئاماژە کردن بە شتی هاوبەش لە نێوان تورکیە و ئێران، باسی کرد کە ٪۴۰ ی خەڵکی ئێران بە تورکی قسە دەکەن،[2] ئەوە بەو مانایەیە کە ٪۴۰ی خەڵکی ئەو وڵاتە تورکن.

---

۱. «جێگری وزیری پەروەردە و فێر کردن ڕایگەیاند: ۱۰۰ کاتژمێر فێرکردنی زمانی فارسی بۆ منالانی دوو زمانە پێش چوونە قوتابخانە.» ئاژانسی هەواڵنێریی قوتابیان (ئێران)، ۲ی سێپتامبر، ۲۰۱۲ .((https://www.isna.ir/news/91072213844

«ئالنگارییە چارەسەر نەکراوەکانی پەروەردە و فێر کردن لە ئێران» دۆیچەڤێلێ (ئالْمان)، ۲۲ی سێپتامبر، ۲۰۱۷. (https://www.dw.com/fa-ir/a-40624912)

۲. «هارای هارای من تورکم، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران: ٪۴۰ ئێرانییەکان بە تورکی قسە دەکەن،» یوتیوب، ۲۱ی ژانوییە، ۲۰۱۲. (https://www.youtube.com/watch?v=OFZVGvsw9gk)


## لێکۆڵینەوەی بایەخ و بۆچوونەکانی دەوڵەتی ئێران

لە ٢٠١٥، بەرێوەبەریی پرۆژەی نەتەوەیی سەر بە وەزارەتی کولتوور و ئیرشادی ئیسلامیی، بە هاوکاریی وەزارەتی ناوخۆ، چاوپێکەوتنی ڕووبەڕووی دەگەڵ ١٤٩٠٦ هاووڵاتیی ئێرانی لە ٣١ پارێزگای ئێران، لە شار و گوند بەڕێوە برد.[١] لە لێکۆڵینەوەی بایەخ و بۆچوونەکاندا، هی ٢٠١٥، پرسیاری تێر و تەسەل کرابوون کە زانیاریی گرینگی لەبارەی پێکهاتەی زمانیی ئەتنیکەکان تێدا بوو.

| زمانی کەڵک لێ وەرگیراو لە ماڵێ: فارسی لە بەرانبەر زمانی ئەتنیکی | | |
|---|---|---|
| تاقمی ئەتنیکی | زمانی ئەتنیکی | فارسی |
| فارس | ١٥٪ | ٨٥٪ |
| ئازەربایجانی | ٧٩٪ | ٢١٪ |
| لوڕ | ٨٥٪ | ١٥٪ |
| کورد | ٨٥٪ | ١٥٪ |
| تورکمەن | ٩٢٪ | ٨٪ |
| عەڕەب | ٨٢٪ | ١٨٪ |
| تالش | ٧٤٪ | ٢٦٪ |
| بەلووچ | ٩٤٪ | ٦٪ |
| گیلەک | ٧٠٪ | ٣٠٪ |
| مازەنی | ٦٥٪ | ٣٥٪ |

١. وەزارەتی کولتوور و ئیرشادی ئیسلامیی کۆماری ئیسلامی، بەرێوەبەرایەتیی پلانی نەتەوەیی، بە هاوکاریی وەزارەتی ناوخۆ، ناوەندی نەتەوەییی چاودێریی کۆمەڵایەتی، « سێهەمین ڕاپرسیی بایەخ و بۆچوونەکان،» ٢٠١٥.
لە بارەی پێشینەی ڕاپرسییەکەدا، بڕوانە: وزارەتی کولتوور و ئیرشادی کۆماری ئیسلامی، ناوەندی توێژینەوەی کولتووری، هونەری و پەیوەندی، «ناساندنێکی کورت لە بارەی پلانی نەتەوەییی ئێران بۆ بایەخ و بۆچوونەکان (شەپۆلی سێهەم)،» ٢٨ی نۆڤامبر، ٢٠١٧. (https://www.ricac.ac.ir/en/en/7)


کاتێک پرسیار دەکرێ لە ناوماڵ بە کام زمان قسە دەکەن، زۆربەی غەیرە فارسەکان گوتوویانە لە ماڵێ بە فارسی قسە ناکەن. ڕێژەی تورکمەن و بەلووچ کە گوتوویانە لە ماڵێ بە زمانی خۆیان قسە دەکەن لە ڕادەبەدەر بەرزە: ٪۹۲ و ٪۹۴. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە، ٪۱۵ لەو کەسانە کە خۆیان بە فارس دەزانن گوتوویانە لەماڵێ بە زمانێ کەمینەیەک دەدوێن. ئەوە وێدەچێ دەرخەری ئەو ڕاستییە بێ کە ئەوان تا ڕادەیەک ئاسیمیلە بوون.




**ڕێژەی دانیشتووان کە لە ماڵێ بە زمانێک جیا لە فارسی قسە دەکەن**

جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕێژەی کەڵک وەرگرتن لە فارسی لە پارێزگاکانی ناوەند

و سنوورییەکانی ئێران هەیە. لە ناو تاقمە ئەتنیکییەکاندا، دانیشتووانی ئەو پارێزگایانە کە تاقمەکەیان زۆرینە پێکدەهێنن، تەقریبەن بە گشتی لەماڵێ بە زمانی ئەتنیکیی خۆیان قسە دەکەن، لە کاتێکدا لە پارێزگا تێکەڵاوەکان، جیاوازیی زۆرتر لە زمانی کەڵک لێ وەرگیراو لە ماڵێ دەبینرێ. بۆ وێنە، ٪۲۱ ئازەربایجانییەکانی بەشدار لە لێکۆڵینەوکەدا دەڵێن لە ماڵێ بە فارسی قسە دەکەن. لە ناو ئەو کەسانەدا، تەنیا ۱۲ لە زیاتر لە ۱۰۰۰ بەشدار، دانیشتووی یەکێک لە پارێزگاکانی خاوەن زۆرینەی ئازەربایجانی (ئەردەبیل، ئازەربایجانی خۆرهەڵات، زەنجان و ئازەربایجانی خۆرئاوا) بوون. لە پارێزگاکانی خاوەن زۆرینەی فارس، ژمارەیەکی زۆرتر لە ئازەربایجانییان، گوتوویانە بە فارسی قسە دەکەن: لە پارێزگای تاران ٪۶۰ و لە ئەلبورز ٪۴۲.




**زمانی قسە پێکردن لە ماڵێ، بە گوێرەی پارێزگا**

جیاوازییەکی بەرچاو لە ئاستی زاڵبوون بە سەر زمانی فارسیدا لە نێوان ئەو کەمینە ئەتنیکییانەی لە گوندەکان دەژین و ئەوانی لە شارەکان دەژین هەیە. سەتی چل لەوانەی لە شارەکان دەژین پێیان وایە ئاستی زانیارییان لەسەر زمانی فارسی «زۆر لە سەرەوەیە»، لە بەراورد دەگەڵ ۲۱ لە سەتی ئەوانەی لە گوندەکان

دەژین. بەسەر یەکەوە، ٪۴۰ی بەشدارانی لێکۆڵینەوەکە خۆیان وەک «بێ توانا لە ئاخاوتنی بێ گرێ و گۆڵ»ی زمانی فارسی پێناسە کردووە.

| ئاستی زاڵ بوون بەسەر زمانی فارسیدا | | |
|---|---|---|
| تاقمی ئەتنیکی | تا ڕادەیەک یان کەمتر | بەرز یان فرە بەرز |
| ئازەربایجانی | ٪۴۳ | ٪ ۵۷ |
| لوڕ | ٪۴۱ | ٪ ۵۹ |
| کورد | ٪۳۴ | ٪۶۶ |
| تورکمەن | ٪ ۵۴ | ٪۴۶ |
| عەڕەب | ٪۳۹ | ٪۶۱ |
| تالش | ٪۳۵ | ٪۶۵ |
| بەلووچ | ٪۴۸ | ٪ ۵۴ |
| گیلەک | ٪ ۵۱ | ٪۴۹ |
| مازەنی | ٪۴۸ | ٪ ۵۲ |

لە ناو ئازەربایجانییانی پارێزگای تاران، ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەشداران (٪۶۷) خۆیان لە وڵامدانەوەی پرسیار لە بارەی ئاستی زاڵ بوون بەسەر زمانی فارسیدا بوارد، کە وێدەچێ دەرخەری شەرمەزاریی لەمەڕ زانیاریی ئەوانەوە بێ. لە پارێزگاکانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئازەربایجانیان، بە پێچەوانە، زۆرینەیەکی بەرچاو وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە.

**ئاستی زاڵ بوونی ئازەربایجانییەکان بە سەر زمانی فارسیدا لە شاری تاران، بە گوێرەی گرووپی تەمەن**

| گرووپی تەمەن | زۆر کەم | کەم | تا ڕادەیەک | زۆر | گەلێک زۆر | بێ وەڵام | ن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱۵-۲۵ | ۰٪ | ۰٪ | ۴٪ | ۱۳٪ | ۹٪ | ۷۴٪ | ۱۵٪ |
| ۲۶-۳۵ | ۰٪ | ۰٪ | ۱٪ | ۲۰٪ | ۱۱٪ | ۶۸٪ | ۲۷٪ |
| ۳۶-۴۵ | ۰٪ | ۰٪ | ۶٪ | ۱۳٪ | ۹٪ | ۷۲٪ | ۱۷٪ |
| ۵۵-۴۶ | ۰٪ | ۲٪ | ۶٪ | ۱۸٪ | ۵٪ | ۶۹٪ | ۲۰٪ |
| ۶۵-۵۶ | ۵٪ | ۵٪ | ۹٪ | ۲۱٪ | ۱۳٪ | ۴٪ | ۴۶٪ |
| ۶۶-۷۵ | ۴٪ | ۱۳٪ | ۲۱٪ | ۱۳٪ | ۴٪ | ۴۶٪ | ۸٪ |
| کۆ | ۱٪ | ۲٪ | ۶٪ | ۱۷٪ | ۷٪ | ۶۷٪ | ۱۰۰٪ |

**ئاستی زاڵ بوونی ئازەربایجانییەکان بە سەر زمانی فارسیدا لە چوار پارێزگا کە زۆرینەیان ئازەربایجانین (ئەردەبیل، ئازەربایجانی خۆرهەڵات، ئازەربایجانی خۆرئاوا، زەنجان)، بە گوێرەی گرووپی تەمەن**

| گرووپی تەمەن | زۆر کەم | کەم | تا ڕادەیەک | زۆر | گەلێک زۆر | بێ وەڵام | ن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱۵-۲۵ | ۱٪ | ۴٪ | ۲۲٪ | ۴۱٪ | ۲۳٪ | ۸٪ | ۲۱٪ |
| ۲۶-۳۵ | ۱٪ | ۵٪ | ۳۳٪ | ۴۳٪ | ۱۴٪ | ۴٪ | ۲۶٪ |
| ۳۶-۴۵ | ۷٪ | ۱۰٪ | ۳۷٪ | ۲۹٪ | ۱۳٪ | ۴٪ | ۱۷٪ |
| ۵۵-۴۶ | ۱۵٪ | ۱۳٪ | ۳۷٪ | ۲۵٪ | ۷٪ | ۳٪ | ۱۴٪ |
| ۶۵-۵۶ | ۲۶٪ | ۲۴٪ | ۲۲٪ | ۱۶٪ | ۸٪ | ۴٪ | ۱۰٪ |
| ۶۶-۷۵ | ۴۶٪ | ۲۴٪ | ۲۳٪ | ۴٪ | ۲٪ | ۱٪ | ۷٪ |
| کۆ | ۱۰٪ | ۱۰٪ | ۳۰٪ | ۳۲٪ | ۱۳٪ | ۵٪ | ۱۰۰٪ |

ئاستی زاڵ بوونی ئازەربایجانییان جیاوازییەکی زۆری لە نێوان گرووپە تەمەنییەکاندا هەیە. جیلە لاوەکان لە بەراورد دەگەڵ جیلە بەتەمەنترەکان باسی

تواناییەکی زۆرتر لە زمانی فارسیدا دەکەن، کە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سیاسەتەکانی دەوڵەت بۆ بە فارس کردن بە تێپەڕینی کات سەرکەوتوو بوون. بۆ وێنە، ئازەربایجانییەکانی نێوان ۱۵ بۆ ۲۵ساڵ گوتوویانە تا ڕادەیەکی زۆر زاڵن بەسەر فارسیدا، بە پێچەوانەی ۴۰ ساڵە و بەتەمەنترەکان.

**ئاستی زاڵ بوونی ئازەربایجانییەکان بە سەر زمانی فارسیدا، بە گوێرەی گرووپی تەمەن**

| گرووپی تەمەن | زۆر کەم | کەم | تا ڕادەیەک | زۆر | گەلێک زۆر | ن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱۵-۲۵ | ۱٪ | ۳٪ | ۱۸٪ | ۴۳٪ | ۳۵٪ | ۲۱٪ |
| ۲۶-۳۵ | ۱٪ | ۴٪ | ۲۷٪ | ۴۲٪ | ۲۶٪ | ۲۷٪ |
| ۳۶-۴۵ | ۵ ٪ | ۸٪ | ۳۳٪ | ۳۳٪ | ۲۰٪ | ۲۱٪ |
| ۵۵-۴۶ | ۱۰٪ | ۱۰٪ | ۳۳٪ | ۳۱٪ | ۱۶٪ | ۱۴٪ |
| ۶۵-۵۶ | ۱۹٪ | ۱۹٪ | ۲۵٪ | ۲۵٪ | ۱۳٪ | ۱۱٪ |
| ۶۵+ | ۳۳٪ | ۲۲٪ | ۲۷٪ | ۱۲٪ | ۷٪ | ۷٪ |
| کۆ | ۷٪ | ۹٪ | ۲۷٪ | ۳۵٪ | ۲۲٪ | ۱۰۰٪ |

هاوکات، تاقمە ئەتنیکییەکانی ئێران باسی ویستێکی بەهێزیان کرد کە مناڵەکانیان فێری زمانی دایکیان بن. شتێک کە ئاماژە بە نیشانەی خۆ پێناسە کردنە، زۆربەی بەشداران لە سەرجەم تاقمە ئەتنیکییەکان گوتوویانە کە «زۆر» یان «گەلێک زۆر» خۆ بە ئەرکدار دەزانن کە منالەکانیان فێری زمانی دایکیان بکەن.

**ویستی فێر کردنی زمانی دایک بە منالأن**

| گرووپی ئەتنیکی | زۆر کەم | کەم | تا ڕادەیەک | زۆر | گەلێک زۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| فارس | ٥ ٪ | ٥ ٪ | ٣٣٪ | ٣٦٪ | ٢١٪ |
| ئازەربایجانی | ٢٪ | ٣٪ | ١٨٪ | ٤٦٪ | ٣١٪ |
| لوڕ | ٤٪ | ٦٪ | ٢٧٪ | ٤٤٪ | ٢٠٪ |
| کورد | ٣٪ | ٢٪ | ١٦٪ | ٣٤٪ | ٤٥٪ |
| تورکمەن | ١٪ | ٠٪ | ١٢٪ | ٤٨٪ | ٤٠٪ |
| عەڕەب | ٢٪ | ٣٪ | ٢٨٪ | ٣٢٪ | ٣٦٪ |
| تالش | ٣٪ | ١٪ | ٣٣٪ | ٤١٪ | ٢٢٪ |
| بەلووچ | ٠٪ | ١٪ | ٩٪ | ٥٢ ٪ | ٣٨٪ |
| گیلەک | ٤٪ | ٧٪ | ٣٠٪ | ٥٠ ٪ | ٩٪ |
| مازەنی | ١٪ | ١٪ | ٢٣٪ | ٥٣ ٪ | ٢١٪ |

**تاقمە ئەتنیکییەکانی ئێران**

| تاقمی ئەتنیکی | ڕێژەی سەدی کۆی دانیشتووان، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی ٢٠١٠ |
|---|---|
| فارس | ٤٧٪ |
| تورک | ٢٣٪ |
| باکووری[١] | ٩٪ |
| کورد | ٨٪ |
| لوڕ | ٧٪ |
| عەڕەب | ٢٪ |
| بەلووچ | ٢٪ |

١. "باکووری" ئاماژە بە گیلەکی و مازەنییە

## لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی کولتووری گشتی

لە ٢٠٠٨ تا ٢٠١٠، مەنسوور واعێزی، بەڕێوەبەری ئەنجومەنی کولتووری گشتی، لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەی شێوازە کولتوورییەکان و پێکهاتەی ئەتنیکیی هەرکام لە ٣١ پارێزگاکەی ئێران بەڕێوە برد. ئاکامی لێکۆڵینەوەکە، کە لە ٢٠١٠ بڵاو بۆوە ئاشکرای کرد کە فارسەکان ٪٤٧ ی حەشیمەتی ئێران پێکدەهێنن. گەورەترین تاقمی ئەتنیکی دوای ئەوان تورکەکان بوون، بە ٪٢٣.[١]

لێکۆڵینەوەکەی ٢٠١٠ وێدەچێ ڕێژەی بەلووچ و عەرەبانی کەم کردبێتەوە. بۆ وێنە، بە گوێرەی زانیاریی فەرمیی دەوڵەتی ئێران، لە ٢٠١٦ ڕێژەی حەشیمەتی پارێزگای سیستان ـ بەلووچستان ٢،٨ میلیۆن کەس بوو. جێگای گومانە کە ١،٢ میلیۆن غەیری بەلووچ لە سیستان ـ بەلووچستان بژین.

## لێکۆڵینەوەی ئەرتەشی ئێران

پڕ ناوەرۆکترین لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە گوند و شارەکانی ئێران، کە لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە بەڕێوە چووە، نیشانی دەدا کە فارسەکان کەمتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێران پێکدەهێنن. لە ١٩٤٩ تا ١٩٥٢، بنکەی فەرماندەییی توێژینەوەی جوگرافیاییی ئەرتەشی ئێران ،کولتووری جوگرافیاییی ئێرانی بڵاو دەکردەوە، لێکۆڵینەویەکی ١١ بەرگی لە بارەی پێکهاتەی زمانی و ئایینیی نزیکەی سەرجەم شار و گوندەکانی ئێران.[٢] نووسەری سەرەکیی، حوسێن عەلی ڕەزمارا، ڕاهێنەرێکی زانکۆی شەڕی ئێران و سەرۆکی بەشی جوگرافیای ئەرتەش بوو. لێکۆڵینەوەکە گەلێک وردە و زانیاریی گرینگ لە بارەی پێکهاتەی حەشیمەتی ئەوڕۆی ئێران پێشکەش دەکا. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکەی لە ١٩٤٩

١. سەرۆکی ئەنجومەنی کولتووری گشتی مەنسوور واعیزی، کۆماری ئیسلامیی ئێران، « لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی نیشانەکانی کولتووری گشتیی وڵات،» ٢٠١٠

٢. حوسێن عەلی ڕەزمئارا، کولتووری جوگرافیاییی ئێران (تاران: نووسینگەی سەرەکیی توێژینەوەی ئەرتەشی ئێران، ١٩٥٢-١٩٤٩)

حەشیمەتی ئێران ١٧،١٥ میلیۆن کەس بوو،[١] کە مەزەندە دەکرا فارسەکان ۴۹.۵ لە سەدی دانیشتووان پێک بێنن. لێکۆڵینەوەکە، دانیشتووانی تاران و شارە مەزنەکانی ناوەندی ئێرانی وەک فارس پۆلێن دەکرد، چونکە وێدەچێ ئەوان بەسەر زمانی فاسیدا زاڵ بووبن. بۆیە، لێکۆڵینەوەکە ڕێژەی حەشیمەتی فارسی بە زیادەوە ئەژمار کردووە.

بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیە، پێکهاتەی ئەتنیکیی ئێران لە ١٩٤٩ بەو شێوە بووە:

فارس: ٨،۵۴۳،۵۸۶

تورک: ۴،۴۵۲،۶۶۶

کورد: ١،١۶۵،٠٨٧

لوڕ: ۵٣٠،٢٨۵

بەلووچ: ٣٩۵،٢۵٧

عەڕەب: ٢٧۴،۴٢٣

تورکمەن: ١٢٧،١١٧

ئەوانی دیکە (تاقمە بچووکەکان و نەزانراوەکان، لەناویاندا گیلانی [گیلەک، گیلەکی]، لەکی، لاری، مازەنی، ئەرمەنی، گورجساتنی و جوو): ٢،٠٠٠،٠٠٠

ئەو لێکۆڵینەوە وردە مێژووییە لە لێکۆڵینەوەکانی دیکەدا پشتڕاست دەکرێتەوە کە فارس کەمتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێران پێکدەهێنن، چونکە ئەگەری ئەوە زۆر کەمە کە ڕێژەی فارسەکان لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠ زیادی کردبێ: ڕێژەی هاوسەرگیری لەدەرەوەی ئەتنیکی خۆت لە نێو چەند کەمینەی ئەتنیکیی ئێران لە پارێزگاکانی خۆیان کەم بووە (کورد، بەلووچ و تورکمەن)، کە ئاسیمیلە بوونی ئەوانی سنووردار کردووە. جگە لەوە، چونکە لێکۆڵینەوەکە

---

١. هەروەها بڕوانە: جولیان باریەر، «یادداشتێک لەسەر حەشیمەتی تاران، ١٩٦٦-١٩٠٠،» لێکۆڵینەوەکانی حەشیمەت، بەرگی ٢٢، ژمارە ٢، ١٩٦٨. (https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/00324728.1968.10405540)

سەرجەم دانیشتووانی تاران و شارە مەزنەکانی ناوەندی ئێرانی وەک فارس پۆلێن کردووە، ئەوە بە حیسابی کۆی ئاسیمیلە بوونی کەمینەکانی نیشتەجێ لەوێ دادەنرێ. لە کۆتاییدا، ڕێژەی زاوزێ لە پارێزگاکانی سنووری ئێران بە بەراورد دەگەڵ ناوەند زیاتر بووە.

## سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کەمینە ئەتنیکییەکان

تاران بۆ سەرکوتی چالاکییە سیاسییەکانی کەمینە ئەتنیکییەکان هەوڵی یەکجار زۆر دەدا، لە ناویاندا بە کوشتن و لەسێدارەدانی ڕێبەرە سیاسی و کولتوورییەکان، هەم لە ئێران و هەم لەدەرەوە. هەروەها کەڵک وەرگرتن لە زمانی کەمینەکان لە شوێنە فەرمییەکان، وەک قوتابخانە و دادگاکان یاساغ کراوە. کۆماری ئیسلامی ئەو شارۆمەندانەی تێکەڵی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییە ئەتنیکییەکان دەبن، دەسبەسەر و زیندانی دەکا و تۆمەتی جیاوازی ئاسایشی نەتەوەیی دەداتە پاڵیان. ئەگەر ڕێژیم هیچ ئالنگارییەکی ئەتنیکی نەبا، وێدەچوو خۆی ناچار بە کەڵک وەرگرتن لەو ڕێکارانە نەبینێ.

کاتی بەرەوڕوو بوونەوە دەگەڵ ئالنگارییەکانی ئەندامانی تاقمە سوننییەکان، وەک کورد، بەلووچ و عەڕەب، تاران هەوڵ دەدا دۆخەکە بخاتە ناو چوارچێوەی ئایینییەوە لەجیات چوارچێوەی ئەتنیکی و ئیددیعا دەکا بکەرانی تاوانەکان ئەندامی داعش، ئەلقاعیدە، یان ڕێکخراوی توندئاژۆی سوننین. ئەو سیاسەتە بە هەمان شێوە هەوڵ دەدا هاوسۆزیی خۆرئاوا بۆ هەوڵەکانی تاران بۆ هەڵسوکەت دەگەڵ ئالنگاریی هاوبەشی توندئاژۆیان ڕاکێشێ.

ڕێژیم زۆر جار حاشا لە بوونی گرووپی نافارس لە ئێران دەکا. بۆ وێنە، مێدیای دەوڵەتی، نووسینەمەنیی قوتابخانەکان، ڕۆشنبیرە بەناوبانگەکانی فارس و نوێنەرە پلەبەرزەکانی دەوڵەت، زۆرجار ئیددیعا دەکەن کە کەمینەکانی ئێران لە ڕوانگەی ژێنێتیکییەوە فارسن بەڵام بە هۆی داگیرکاریی بیانییەوە زمانی فارسیی خۆیان

لەکیس داوە. بەو شێوەیە، دەوڵەت و ڕۆشنبیرانی ئێرانی پاساو بۆ هەوڵەکان بۆ بەفارس کردنی کەمینە ئەتنیکییەکان دەهێننەوە. کاربەدەستێک کە لەو ساڵانەی دواییدا ئەو ئیددیعایەی کردووە عەلی یونسی، ڕاوێژکارێکی سەرۆک کۆماری هەنووکەیی حەسەن ڕوحانییە. یونسی گوتی کە تورکەکانی ئێران لە ڕاستیدا «فارسن کە ناچار کراون بە تورکی قسە بکەن.»[١]

بەرنامە پەروەردەییە فەرمییەکان هەوڵ دەدەن کەمینە ئەتنیکەکانی ئێران ئاسیمیلە بکەن و بۆ ئەو مەبەستە فێریان دەکەن کە ئەوان بە ڕەچەڵەک فارسن. بۆ وێنە، لە ٢٠٢٠، وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن گۆڤارێکی بۆ پۆلی دوو و سێ بڵاو کردەوە و لەوێدا ئیددیعا کرا کە «ئازەرییەکان» لە ڕاستیدا فارسن و زمانیان چەند سەدە لەوەپێش گۆڕاوە.[٢] بڵاو کراوەکانی قوتابخانە بە هەمان شێوە حەشیمەتی ئەهوازیی ئێران وەک فارس دەناسێنن کە عەرەبەکانی دراوسێ «کردوویاننە عەرەب.» مێدیا فەرمییەکان زۆر جار لە جیات عەرەب و کورد، ئەو تاقمانە بە «عەرەبی ئاخێو» یان «کوردی ئاخێو» ناو دەبەن. جگە لەوە، دەوڵەت زۆرجار هەوڵ دەدا پێش بە تۆمار کردنی ناوی مناڵە ساواکانیان بگرێ ئەگەر ناوەکان بە زمانی کەمینەکان بن. ئەحەد جودی، بەڕێوەبەری دایرەی کۆلکەی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرهەڵات، سەرنجی داوەتێ کە سەرەڕای ئەو هەوڵە دەوڵەتییانە، ٪٤٠ی ناوەکانی ئەو پارێزگایە تورکین.[٣]

لە هەوڵەکانی بۆ تواندنەوەی کەمینەکان لە شوناسی فارسیدا، ڕێژیم زۆر جار

١. «نوێنەرانی بە ڕەچەڵەک تورکی پارلمانی ئێران، هێرش دەکەنە سەر یاریدەدەری ڕوحانی لەبەر وتەکانی لە بارەی ئازەرییاندا.» (دەیلی سەباح (تورکیە)، ٢٢ی ئاپریل، ٢٠١٨. (https://www.dailysabah.com/mideast/2018/04/22/iranian-mps-of-turkish-origin-slam-rouhanis-aide-over-azeri-remarks)

٢. وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تویژینەوەی فێرکردن و پەروەردە و ڕێکخراوی پلاندانان، رشد نوآموز، ئاڵقەی ١، ژمارە ٣١٧، سێپتامبری ٢٠٢٠

٣. «٤٠ لە سەدی ناوەکان لە ئازەربایجانی خۆرهەڵات تورکین» ئەنجومەنی ئازەر نیوز (ئێران)، ٣١ی ژانوییە، ٢٠٢١. (https://aazaranjoman.ir/40-درصد-اسامی-آذربایجان-شرقی-ترکی-هستند-?fbclid=IwAR2iOtGuHCp_FLB1QOXWXhDvYjuig6Oj-QS4J57StRoVM-J8z3-Gc5dZfnqU)

سیمبول و کەسە فارسەکان بەرز دەکاتەوە کە کەمینەکان خۆشیان ناوێن. بۆ وێنە، شانامەی فیردەوسی، یەکێک لە ڕێزلێگیراوترین بەرهەمەکانی ئەدەبی فارسییە کە بێڕێزی بە عەرەب و تورکان دەکا. لە چەند شار کە کەمینەکان زۆرینەن، وەک سەلماس، ئەردەبیل و ئەهواز، دوای خۆپیشاندانی توندوتیژانە، پەیکەری فیردەوسییان لابرد، ئەگەرچی دواتر بە فەرمانی دەوڵەتی ناوەندی گێڕایاننەوە.

## کەڵک وەرگرتن لە زمانی کەمینە ئەتنیکییەکان لە قوتابخانە و ناوەندە فەرمییەکان

یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی بە فەرمی زەمانەتی مافی یەکسان بۆ «سەرجەم خەڵکی ئێران» دەکا، بە بێ لەبەر چاو گرتنی پێشینەی ئەتنیکی و هۆزی. بڕگەی ١٩ی یاسای بنەڕەتی دەڵێ: «ڕەنگ، ڕەگەز، زمان و شتی ئەوتۆ نابنە هۆی هیچ شێوە پێشترییەتی.» بڕگەی ١٥ زمانی فارسی وەک زمانی فەرمیی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکا: «بەڵگەکان، ئاڵووێری نووسراوە، نووسراوەی فەرمی و کتێبەکانی قوتابخانە دەبێ هەموویان بەو زمان و ڕێنووسە بن.» بڕگەی ١٥ بە هەمان شێوە دەڵێ کەڵک وەرگرتن لە «زمانە ناوچەیی و ئەتنیکییەکان لە چاپەمەنی، مێدیای جەماوەری و وێژەدا لە قوتابخانە ڕێگە پێدراوە.» کەوابوو، کەڵک وەرگرتن لە زمانی کەمینەکان لە قوتابخانەکان یاساییە بەڵام مافێکی پارێزراو نییە. بڕگەی ١٦ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، زەمانەتی مافی خوێندنی عەرەبی لە پۆلەکانی دوای سەرەتایی دەکا، بەڵام وەک زمانی خوێندن لە قوتابخانە ڕێگای پێ نادرێ.»[١]

بە کردەوە، تاران ڕێگا بە کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران نادا لە قوتابخانە کەڵک لە زمانی خۆیان وەرگرن یان لە پەنا زمانی فارسی وانەی زمانەکانیان بڵێنەوە.

١. منداڵانی ئێران عەرەبیی قورئان لە پلەی خوێندنی ناوەندی تا پلەی خوێندنی ئامادەیی دەخوێنن.

دەوڵەت مامۆستای بۆ فێر کردنی زمانی دایک دادگایی کردوون. لە تازەترینیاندا، تاران مامۆستایەک بە ناوی «زارا موحەممەدی»ی بە ١٠ ساڵ زیندان سزا دا چونکە لە سنە، پارێزگای کوردستان، لە چوارچێوەی وانەی ناحکوومی، زمانی کوردیی فێری مناڵان دەکرد.[١]

لە کاتێکدا کە تاران ماوەیەکی دوور و درێژە پێشی بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی کەمینەکان لە قوتابخانە و ناوەندە دەوڵەتییەکان گرتووە، ڕێژیم پێش ٢٠١٩ چەند هەنگاوی بۆ تەگەرە خستنە سەر کەڵک وەرگرتن لە زمانی کەمینەکان لە شوێنە نافەرمییەکانیش، وەکماڵەکان، هەڵگرتووە. بەڵام، لە مای ٢٠١٩، وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن، ڕایگەیاند کە دەبێ منالّی پێنج و شەش ساڵە لە تاقیکاریی زاڵ بوون بەسەر فارسیدا بەشدار بن.[٢] ئەوسا تاران پێش بەو منالّانە کە لە تاقیکارییەکەدا سەرکەوتوو نابن دەگرێ بچنە قوتابخانە ئاساییەکان و لەجیاتان ئەوان دەبێ بچنە قوتابخانەی تایبەتی بۆ منالّانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و بەو شێوەیە ئەو منالّانە وەک «کەم زەین» یان خاوەن گیروگرفتی بیستن پۆلێن دەکرێن. ئەو سیاسەتە بە شێوەیەکی کاریگەر بنەماڵەکان ناچار دەکا دەست بە ئاخاوتن بە زمانی فارسی لە ماڵەکانیاندا بکەن.

تاران بە هەمان شێوە داواکاریی نوێی زمانەوانی بەسەر مامۆستاکاندا سەپاندووە. بە گوێرەی وەزارەتی پەروەردە و فێر کردنی ئێران، خوازیارانی خاوەن «لەبرە» (لەهجە)ی بەهێز، شیاوی مامۆستا بوون نین. بۆیە، مامۆستایەتی، بە کردەوە تەنیا بۆ کەسانی زاڵ بەسەر زمانی فارسیدا دەبێ.[٣]

لەو ساڵانەی دواییدا، ئێران ڕێگای بە زانکۆی پارێزگاکان داوە کە زمان و وێژەی

---

١. ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، «دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران،» ١١ی ژانوییە، ٢٠٢١، لاپەڕەی ٩ . (https://undocs.org/pdf?symbol=en/A/HRC/46/50)

٢. «هەڵسەنگاندنی تاقیکاریی بەس بوونی زمانی فارسی»بوو بە بەشێک لە هەڵسەنگاندنی تەندروستیی فێرخوازان، ئاژانسی هەواڵنێریی قوتابییانی ئێران (ئیسنا)، ٢٩ی مای، ٢٠١٩ (https://bit.ly/3ngwgiB)

٣. «ئێران دەڵێ ئەو ژنانەی نەزۆکن یان «تووکی روخساریان زۆرە» ناتوانن ببن بە مامۆستا»، ڕادیۆ ئەورووپای ئازاد\ڕادیۆ ئازادی، ٢٤ی ئاگوست، ٢٠١٧ (https://www.rferl.org/a/iran-education-minstry-teachers-rules-women-infertile-too-much-facial-hair/28694884.html)

کەمینەکان وەک لقێکی ئاکادیمیک بڵێنەوە. بۆ وێنە، لە ٢٠١٦ بەولاوە، زانکۆی تەوریز خوێندنی زمان و وێژەی ئازەربایجانی لە پلەی لیسانس (باچێلر) دەست پێکرد.[١]

لە ٢٠١٥ بەولاوە، بەڵگەنامەی زمان و وێژەی کوردی لە زانکۆی کوردستان لە سنە دەدرێت. کۆماری ئیسلامی قەت خوێندنی زمانی عەرەبیی لە زانکۆکان یاساغ نەکردووە.

خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتی لە ئێران بە زمانی کەمینەکان پێشکەش ناکرێ. بۆ وێنە، لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و بەشداریی لە دادگاکان دەبێ بە فارسی بێ و شارۆمەندانی کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدان وەرگێڕانیان بە زمانی خۆیان بۆ ناکرێ، ئەوە ئەگەری مەحکومکرانی بەهەڵە زیاد دەکا.

## ڕێژەی زیندانی و لە سێدارە دراوان

کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران لەڕادەبەدەر زیندانی دەکرێن و لە سێدارە دەدرێن. ئەو ڕەوتە دوو ساڵ جارێک لە لایەن جاوید ڕەحمان، نوێنەری تایبەتی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ، سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، ڕادەگەیەندرێ.[٢] بۆ وێنە، زیندانیی سیاسیی کورد کە بە پێشێل کردنی ئاسایشی نەتەوەیی تۆمەتبار کراون، نزیکەی نیوەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران پێکدەهێنن.[٣] بە گوێرەی ڕاپۆرت، کوردەکان ٧٠ لەسەدی لە سێدارە دراوان پێکدەهێنن، ئەگەرچی تەنیا ١٠ لە سەدی حەشیمەتی وڵاتن. لەڕاپۆرتی

---

١. «یەکەم ڕێورەسمی کۆتایی خوێندنی قوتابییانی بەشی زمان و وێژەی ئازەربایجانی زانکۆی تەوریز بەڕێوە چوو،» ئەی پی ئەی (ئازەربایجان)، ٢٣ی سێپتامبر، ٢٠٢٠ (https://apa.az/en/asia-news/First-graduation-ceremony-of-students-of-Faculty-of-the-Azerbaijani-Language-and-Literature-of-Tabriz-University-held-330947)

٢. ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، « دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران،» ٣٠ ژانوییە، ٢٠١٩ (https://undocs.org/en/A/HRC/40/67)

٣. «نوێنەری تایبەتی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ نیوەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران کوردن،» کوردستان ٢٤ (عێراق)، ٢٠ی ئاگوست، ٢٠١٩ (https://www.kurdistan24.net/en/news/dc2df5b1-52bd-4f9d-9b87-deef25816a98)

بەهاری ٢٠٢١، ڕەحمان ڕایگەیاند کە ئەو «نیگەرانی ڕاپۆرتەکانی لەسێدارەدان و بێسەروشوێنکردنە زۆرەملییانەی زیندانییە سیاسییەکانی کەمینە ئەتنیکییەکانە» و «زیندانی کردنی تاکەکانی سەر بە کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکان، بۆ کەلک وەرگرتن لە کولتوور، زمان و ی‌ڕوایان جێگای نیگەرانییە.»[1]

ڕێژیم زۆر جار چالاکانی کەمینە ئەتنیکییەکان و کەسایەتییە کولتوورییەکان، بە پێشێلکاریی چەندین یاسای ئاسایشی نەتەوەیی تاوانبار دەکا تا بەو شێوەیە، چالاکییەکانیان سەرکوت بکا. ئەوانە تاوانی وەک بێڕێزی بە دەوڵەت، «شەڕ دژی خودا،» و پرۆپاگاندای دژی ئیسلام دەگرنەوە.

لە شەپۆلی ناڕازیەتییەکانی دژی ڕێژیم لە نۆڤامبری ٢٠١٧ بەولاوە، تاقمەکانی کەمینە ئەتنیکییەکان بە تایبەتی چالاک بوون و کەوتوونە ژێر قەڵاچۆکردنی لەڕادەبەدەر. لە ڕاپۆرتی ژانوییەی ٢٠٢٠، ڕەحمان گوتوویەتی کە لە کاتی سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی نۆڤامبری ٢٠١٩، زۆرترین ڕێژەی کوژراوان لە پارێزگاکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی کەمینەکان بووە. ئەو ڕایگەیاندووە کە «کۆمەڵێک چالاکی کەمینە ئەتنیکییەکان، لە ناویاندا کورد و تورکی ئازەربایجانی، دوای نارەزایەتییەکان بانگ کراون و دەسبەسەر کراون.»[2] ڕێژیم بە تایبەتی دوای نارەزایەتییەکانی ٢٠١٨-٢٠١٧ بێ بەزەییانە هەڵسوکەوتی دەگەڵ عەرەبان کردووە، کە بۆتە هۆی کوژرانی ٨۴ کەس لە خووزستان.

لە دەیەی ڕابردوودا، ڕێکخراوی ناونەتەوەییی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، زۆر کەم پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێرانی خستۆتە ژێر چاودێری. ئەوە بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئەو ڕێکخراوە لە نەوەدەکانی زایینیە،

---

١. ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، «دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران،» ١١ی ژانوییە، ٢٠٢١، لاپەڕەی ٩ (https://undocs.org/pdf?symbol=en/A/HRC/46/50)

٢. ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، «دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران،» ٢٨ی ژانوییە، ٢٠٢١
https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IR/Report_of_the_Special_Rapporteur_on_the_situation_of_human_rights_in_the_Islamic_Republic_of_IranA4361.pdf)

کاتێک کە ئەو پرسەی بە شێوەیەکی بەربڵاو خستبوو ژێر چاودێری.

## سەرکوتی نارەزایەتی و چالاکییە سیاسییەکانی دیکە

کۆماری ئیسلامی، ڕێگا بە چالاکیی سیاسی بە مەبەستی پشتگیریکردنی مافی زیاتری کولتووری و زمانیی کەمینە ئەتنیکییەکان نادا. تەنانەت کاتێک ئەو تاقمانە باسی مافەکانی زەمانەتکراو لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا دەکەن، دەوڵەت مۆرکی «جیاییخوازی» لە ئەوان دەدا.

ئەندامەتی لە ڕێکخراوە سیاسییە ئەتنیکییەکاندا قەدەغە کراوە. ڕێبەران و ئەندامانی بەرەوڕووی تۆمەتی ئاسایشی نەتەوەیی و بێرێزی، حوکمی زیندانی دێژماوە و ئیعدام دەبنەوە. لە ڕاپۆرتی جولای ٢٠١٩، ڕەحمان ئیددیعای کرد کە کەمینەکان بەرەوڕووی سەرکوتی سیستەماتیک دەبنەوە:

پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە زۆر لە تاقمەکانی کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکان تووشی دەبن، کوشتنی هەڕەمەکی و ئیعدامی دەرەوەی سیستەمی دادوەری، ڕێژەیەکی لەڕادەبەدەر لە زیندانیانی سیاسی دەگرێتەوە، دەسبەسەرکردنی هەڕەمەکی و زیندانی کردن، لە پێوەندی دەگەڵ زنجیرەیەک چالاکیی ئاشتییانە وەک لایەنگری لە ئازادیی زمانی، ڕێکخستن و بەشداریی ئاشتییانەی نارەزایەتی و هۆگریی حیزبەکانی بەرهەڵستکار؛ بەرەودان بە نەفرەت و توندوتیژی؛ داخستنی زۆرەملی و ئاکاری هەڵاواردنانە و خۆ بواردن لە دامەزراندن و پێشگرتن بە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و خزمەتگوزاریی بنەڕەتیی دیکە.[1]

سەرەڕای ئەوە کە بە فەرمی ڕێگا بە ئەنجومەنە کولتوورییەکان دەدرێ، ڕێژیم ئەندامەکانیان دەسبەسەر و بە تۆمەتی هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی و بێرێزیکردن مەحکوم دەکا. یەکێک لە بەناوبانگترین زیندانییە سیاسییەکانی ئازەربایجانی، عەبباس لیسانی، شاعیر و نووسەرە کە برەوی بە زمانی دایکیی

---

١. ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، «دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران،» ١٨ی جولای، ٢٠١٩، برگەی ٢٩ (https://digitallibrary.un.org/record/3823681?ln=en)

خۆی دەدا. تاران لە جولای ٢٠١٨ بەولاوە ئەوی لە زیندانی ئەردەبیل ڕاگرتووە. سیستەمی دادوەری لەبەر «تەبلیغات دژی کۆماری ئیسلامی» و «دامەزراندنی تاقمێک کە تێکدەری ئاسایشی وڵاتە» حوکمی هەشت ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند. لە سکاڵاکەی لە ساڵی ٢٠١٩، دادگا حوکمی لیسانی بۆ ١٥ ساڵ زیندان و دوو ساڵ دوور خستنەوە درێژ کردەوە.

لە بەهار و هاوینی ٢٠١٩، سێڵاوی مەزن پارێزگای خووزستانی گرتەوە کە بووە هۆی سەدان کوژراو و هەزاران کەس ماڵ و کێڵگەکانیان لەکیس دا. بۆ سەرکوت کردنی نارەزایەتییەکانی دوای ئەو ڕووداوانە و پاراستنی نەزمی گشتی، تاران کەڵکی لە میلیشیای بیانی، هی لوبنان و عێراق، لە ناویاندا حەشدی شەعبی و حیزبوڵڵای لوبنان لەو ناوچەیە وەرگرت.[1]

## کوشتنی ڕێبەرانی جووڵانەوە ئەتنیکییەکان لە دەرەوەی وڵات

لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، تاران تاراوگەنیشینانی دژی ڕێژیمی تێرۆر کردوون.[2] ڕێبەران و نوێنەرانی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران، بە تایبەتی ئەوانی لە ئەورووپا دەژین، ئامانجی ئاسایی بوون. لە بەناوبانگترین ئۆپەراسیۆنی[3] تێرۆریستیی ئێران لە ئەورووپا، ڕێژیمی مەلایان لە ١٩٩٢، سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سێ هاوکاری، لە ڕێستورانی میکۆنۆس لە لەندەن کوشت. دادگاکانی ئەڵمان

---

١. گوڵناز ئیسفەندیاری، «عێراقی بۆ ڕزگاریدان؟ ئێرانییەکان نیگەرانی نێردرانی میلیشیای چەکدار بۆ «یارمەتی سێڵاو لێدراوان،» رادیۆ ئەورووپای ئازاد\رادیۆ ئازادی. ١٦ی ئاپریل، ٢٠١٧. (https://www.rferl.org/a/iranians-wary-iraqis-paramilitary-forces-sent-for-flood-reliefefforts/29884709.html) دوای میلیشیای شیعەی عێراقی، حیزبوڵڵا لە ئێران دەر دەکەوێ «بۆ یارمەتی سێڵاو لێدراوان،» رادیۆ فەردا، ١٧ی ئاپریل، ٢٠١٩ (https://en.radiofarda.com/a/following-iraqi-shiite-militias-hezbollah-shows-up-in-iran-for-flood-relief-/29885674.html)

٢. وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، نووسینگەی وتەبێژ، « مرۆڤکوژییەکان و چالاکییە تێرۆریستییەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات،» ٢٢ی مای، ٢٠٢٠. (https://2017-2021.state.gov/irans-assassinations-and-terrorist-activity-abroad/index.html)

٣. سیستەمی تاوانکار: بەڵگەنامەکانی میکۆنۆس، ئی دی ئێس. عەبباس خۆداگولی، حەمید نەوروزی و مێهران پایەندە (بەرلین: نیما بووکس، ٢٠٠٠).

گەیشتنە ئەو ئاکامە کە دەوڵەتی ئێران ڕاستەوخۆ بەرپرسی ئەو کوشتنانە بووە.[١] کۆماری ئیسلامی درێژە بە کوشتنی ڕێبەران و چالاکانی کەمینە ئەتنیکییەکان لەدەرەوەی ئێران، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەورووپا دەژین دەدا. ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو دواییانە لە ئەورووپا بەڕێوە چوون ئەمانەن:

- لە ژووەنی ٢٠٢٠، سادق زەرزا، ئەندامێکی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە هەوڵێکی کوشتن لە شاری لییوواردەنی هۆلەند ڕزگاری بوو.[٢]
- لە ژووەنی ٢٠٢٠، دادگاکانی دانمارک موحەممەد داوودزادە لۆلۆیی، لەبەر پیلانی کوشتنی ڕێبەرێکی جووڵانەوەی خەباتی عەرەب بۆ ڕزگاریی ئەهواز کە لە رینگستێدی دانمارک دەژی، مەحکوم کرد. ناوبراو شارۆمەندێکی نۆرویژی بە ڕەچەڵەک ئێرانییە.[٣]
- لە نۆڤامبری ٢٠١٧، ئەحمەد مۆلا نیسی، شارۆمەندێکی هولەندی بە ڕەچەڵەک ئێرانی کە دامەزرێنەری ڕێکخراوی جووڵانەوەی خەباتی عەرەب بۆ ڕزگاریی ئەهواز بوو، لەبەر دەرگای ماڵەکەی لە لاهەی هۆلەند کوژرا. دەوڵەتی هولەند ڕێژیمی ئێرانی تاوانبار کرد کە لە پشت ئەو تێرۆرە بووە.[٤]

---

١. پەرویز دەستمالچی، نووسراوەی بڕیاری دادگای میکۆنۆس (بەرلین: ئازاد پرێس،٢٠٠٠)؛ ویلیام درۆزدلاک، «دادگای ئاڵمان: تاران فەرمانی کوشتنی تاراوگەنشینانی دا،» واشینگتۆن پۆست، ١١ی ئاپریل، ١٩٩٧. (https://www.washingtonpost.com/archive/politics/1997/04/11/german-court-teh-ran-ordered-exile-killings/0a33d5cc-6f2c-40ed-aa3b-7b30ce21d767)

٢. « بە گوێرەی ڕاپۆرت، بەرهەڵستکاری ئێرانی لە هولەند لە هێرشی چەقوکێشیدا بریندار بوو،» ڕۆیتەرز، ٢٠ی ژووئەن، ٢٠٢٠. (https://www.reuters.com/article/uk-netherlands-iran-stabbing/iranian-dissident-wounded-in-stabbing-in-the-netherlands-says-report-idUKKBN23R0OD)

٣. « داداگایی ململانێی ئێران–سعودی لە ئەورووپا ئاشکرا دەکا،» وال ستریت جورنال، ٢٦ی ژووئەن، ٢٠٢٠. (https://www.wsj.com/articles/trial-exposes-iransaudi-battle-in-eu-rope-11593158091)؛ « نۆرویژییەک بە تاوانی سیخوریی بۆ ئێران لە دانمارک بە تاوانبار دەرچوو،» ڕۆیتەرز، ٢٦ی ژووئەن، ٢٠٢٠. (https://www.reuters.com/article/us-denmark-security-iran/norwegian-found-guilty-of-spying-for-iran-in-denmark-idUSKBN23X1EX)

٤. « وەزیری کاروباری دەرەوەی هولەند: ئێران لە پشت دوو کوشتنی سیاسی بووە،» ڕۆیتەرز، ٨ی ژانوییە، ٢٠١٩. (https://www.reuters.com/article/uk-netherlands-iran-kilings-idUKKCN1P2193)

تاران بە هەمان شێوە چەند چالاکی بە بارمتە گرتوون یان داوای تەحویل دانەوەی کردوون کە لە وڵاتانی دراوسێ دەژین. لە ئۆکتۆبری ٢٠٢٠، بۆ وێنە، ڕێژیم حەبیب چەعەب، عەرەبێکی بە ڕەچەڵەک ئێرانیی، چالاک لە ڕێکخراوی جووڵانەوەی خەباتی عەرەب بۆ رزگاریی ئەهواز لقی سویدی لە ئەستەمبوڵ دزی و بردییەوە ئێران.[١] جگە لەوە، تاران زەختی خستۆتە سەر هەولێر تا چالاکانی کوردی ئێرانی کە ڕایانکردۆتە کوردستانی عێراق ڕادەست بکاتەوە. لە ٢٠٢٠، هەولێر ڕەزامەندی ی دەربڕی و کوردی ئێرانی ڕادەست کردنەوە.[٢]

**دابەشکردنی پارێزگاکان، بەرنامەی نیشتەجێکردن و ناوی شوێنەکان**

تاران سنووری پارێزگاکانی دەگۆڕێ تا پێش بەوە بگرێ کە کەمینەیەکی ئەتنیکی ببێتە زۆرینە یان تاقمە ئەتنیکییەکان بەسەر چەند پارێزگادا دابەش دەکا. ئەوە ئەو شتە بوو کە بەرانبەر بە ئازەربایجانی خۆرهەڵات کرا، کە تاران لە ١٩٩٣ بە دروست کردنی پارێزگای ئەردەبیل  کردیە دوو بەش. بنەماڵەی پەهلەوییش ئەو سیاسەتەی ڕەچاو دەکرد. لە ١٩٣٧، دەوڵەتی ڕەزا شا ئازەربایجانییەکانی زەنجان و قەزوینی لە وڵاتی ئازەربایجان (ویلایەت) دابڕی. ١٩٣٥ ڕەزا شا ناوچەی ناسراو بە ئەلئەهوازی، کە زۆرینەی دانیشتووەکانی عەرەبن، بەسەر چەند پارێزگادا دابەش کرد.

ئێران بە هەمان شێوە بەرنامەی دەوڵەتیی بۆ هاندانی فارس و تاقمە غەوارەکان بۆ نیشتەجێ بوون لەو ناوچانەی کە تەنیا کەمینەیەکی ئەتنیکیی لێ دەژین

---

١. « وەزارەتی هەواڵگریی ئێران ڕیبەری تاقمی سەر بە عەرەبستان و پشتیوانیکراو لە لایەن ئیسرائیل دەسبەسەر دەکا،» ئاژانسی تەسنیم نیوز (ئێران)، ١٢ی نۆڤامبر، ٢٠٢٠. (https://www.tasnimnews.com/en/news/2020/11/12/2388122/iran-intelligence-ministry-nabs-ringleader-of-saudi-israeli-sponsoredterror-group) ؛ «تورکیە دەڵێ هەواڵگریی ئێران لە پشت پیلانی بە بارمتە گرتنی دژبەرێک لە ئیستەمبول بووە،» واشینگتۆن پۆست، ١٣ی دێسامبر، ٢٠٢٠. (https://www.washingtonpost.com/world/middle_east/iran-intelligence-turkey-kidnap-lot/2020/12/12/818e0c30-3b2c-11eb-8328-a36a109900c2_story.html)

٢. « چالاکان: کوردستانی عێراق بۆ بەرهەڵستاکارانی ئێرانی کەمتر ئەمین دەبێ،» دەنگی ئەمریکا، ١٣ی مای، ٢٠٢٠. (https://www.voanews.com/extremism-watch/activists-iraqs-kurdish-region-becomes-less-safe-iranian-dissidents)

بەڕێوە بردووە، تاران فارس و تاقمی دیکەی هان داون تا لە پارێزگای ستراتیژیک و گرینگی خووزستان، ناوەندی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران، نیشتەجێ بن.[١] لە ئاپریلی ٢٠١٥، عەرەبەکانی ئەهواز نارەزایەتییەکیان دژی ڕێژیم بە ڕێوە برد بە ناوی «ڕۆژی تووڕەیی»؛ بۆ ڕێز گرتن لە خۆپیشاندانە توندوتیژانەکانی ٥ی ئاپریلی ٢٠٠٥، دوای ئاشکرا بوونی بەڵگەنامە لەبارەی پلانی دەوڵەت بۆ گواستنەوەی فارس و غەیرە عەرەب بۆ خووزستان. موحەممەد عەلی ئەبتەحی، ڕاوێژکارێکی سەرۆک کۆمار موحەممەد خاتەمی، پلانەکەی دارشتبوو. جگە لەوە، لە ڕاپۆرتی بەهاری ٢٠٢١، ڕەحمان، نوێنەری تایبەتی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، ئاماژەی بە ئەهوازییەکان کردووە و گوتوویەتی کە ئەو «نیگەرانی ڕاپۆرتەکان لەبارەی وەدەرنانی زۆرەملی لە ناوچەکانی کەمینە ئەتنیکییەکانە.»[٢] ڕێژیم هەروەها بە شێوەی سیستەماتیک ناوی شوێنە جوگرافیاییەکانی ئێرانی لە زمانە ناوچەییەکانەوە بۆ فارسی گۆڕیوە. بۆ وێنە، خورەمشار لە عەرەبیدا بە ئەل موحەممەرە ناسراوە.

## دەستنیشان کردنی پارێزگار و سیاسەتە زمانییەکانی ئەوان

لە ئێران، پارێزگارەکان هەڵنابژێردرێن بەڵکوو لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە لە تاران دەستنیشان دەکرێن. لە نێوان ٢٠١٠ بۆ ٢٠٢٠، زیاتر لە ٦٠ لە سەدی پارێزگارانی دەستنیشان کراو بۆ پارێزگاکانی ئێران فارس یان لوڕ بوون.[٣] تاران

---

١. « ئێران: وتوویژ دەگەڵ نوێنەری تایبەتی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەبارەی خانووی شیاو، میلوون کۆتەری،» ڕێلیفوێب، ٩ی ئاگوست، ٢٠٠٥. (https://reliefweb.int/report/iran-islamic-republic/iran-interview-human-rights-special-rapporteur-adequate-housing-miloon)

٢. ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، «دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران،» ١١ی ژانوییە، ٢٠٢١، لاپەڕەی ٩. (https://undocs.org/pdf?symbol=en/A/HRC/46/50)

٣. پەنجا و چوار پارێزگار لە ٨٣١ (٩٣ لە سەد) کە لە نێوان ٠١٠٢ تا ٠٢٠٢ دەسنیشان کرابوون فارس بوون، و ٢٣ دانەیان لوڕ بوون (٣٢ لە سەد).

هیچ بەلووچ یان تورکمەنێکی وەک پارێزگار دەستنیشان نەکرد و تەنیا یەک عەرەب و حەوت کورد. ڕێژیم هیچ پارێزگارێکی سوننی دەستنیشان نەکردووە. تاران بە شێوەی گشتی، پارێزگاری ئەوتۆ بۆ بەڕێوەبەریی پارێزگاکان هەڵدەبژێرێ کە هێچ پێوەندییەکی ئەتنیکییان بەوێوە نەبێ. بۆ وێنە، تەنیا یەک پارێزگاری کورد بەڕێوەبەریی ناوچەیەکی خاوەن ڕێژەیەکی بەرچاو حەشیمەتی کوردی لە ئەستۆ بووە. لەو دۆخانەدا کە پارێزگارێکی دەستنیشانکراو لە ڕوانگەی ئەتنیکییەوە هاوڕەگەزی حەشیمەتی پارێزگای ژێر دەستی بووە، پارێزگارەکە ئەغڵەب خەڵکی ناوچەیەکی دیکە بووە. تاران هەروەها سیاسەتی ناردنی پارێزگاری نافارس بۆ بەڕێوەبەریی تاقمە ئەتنیکییەکانی دیکە ناردووە تا نارەزایەتی لەناو کەمینەکان بنێتەوە. بۆ وێنە، لە دەیەی ڕابردوودا، پارێزگا کوردەکان زۆر جار لە لایەن لوڕانەوە بەڕێوە چوون، گریمانەی ئەوە دەکرێ کە ئامانج ئاراستە کردنی نارەزایەتیی کوردان لە دەوڵەت بەرەو لوڕەکانەوە بێ. دەستنیشان کردنی پارێزگاری غەوارە پێش بە سەرهەڵدانی ناوەندی دەسەڵاتی ناوچەیی لە ئێران دەگرێ.

لە زۆر پارێزگا، پارێزگارەکان لە کۆبوونەوەکانی کاری و دەگەڵ خەڵکێکی زۆر بە فارسی دەدوێن. ئازەربایجانی خۆرهەڵات ڕیزپەڕە. لە دەیەی ڕابردوودا، سەرجەم پارێزگارە دەستنیشانکراوەکان بۆ ئەو پارێزگایە ئازەربایجانی بوون و ئەوان بەردەوام کەڵک لە زمانی ئازەربایجانی لە کاتی کار وەردەگرن. پارێزگارەکان هەروەها بە زمانی ناوچەیی دەگەڵ خەڵکی ئازەربایجانی خۆرهەڵات، ئەردەبیل و ئازەربایجانی خۆرئاوا دەدوێن.[1] ڕێژیم هەروەها کەڵکی خراپ لە ناکوکی و بۆشایی لە نێوان تاقمە کەمینەکانی ئێران وەردەگرێ کە لە نزیک یەکتر دەژین یان لە ناوچەی تێکەڵاودا دەژین و ناکۆکیی درێژخایەنیان لەسەر خاک، ئاو یان سامانی دیکە هەیە و ئەو ناکۆکییانە بەهێزتر دەکا. نموونەی سەرەکیی ناکۆکی لە نێوان کورد و ئازەری، بە تایبەتی لە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوایە، کە هەردوو تاقمەکە لێی دەژین و لە

---

١. وتووێژی نووسەری ئەو بابەتە لەگەڵ خەڵک لە تەورێز، دێسامبری ٢٠٢٠.

نێوان عەرەب و لوڕ لە خووزستان و ناوچەکانی هاوسنوور. بۆ پەرە پێدان بە دابڕانەکان لەناو ئەو تاقمانە، ڕێژیم بە شێوەی سەرەکیی کەڵک لە ئازەربایجانییەکان بۆ گێڕانی دەوری پۆلیس بەسەر کوردەکانی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا وەردەگرێ.[١]

## داوای بەربژێرانی هەڵبژاردنەکان لە کەمینە ئەتنیکییەکان

لە دەیەکانی دواییدا، کاندیداکانی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و پارلمان، هەوڵیان داوە پشتیوانیی دەنگدەرانی کەمینە ئەتنیکییەکان بە دانی بەڵێنی پاراستن و پەرەپێدانی مافە زمانی و کولتوورییەکان ڕاکێشن. ئەوە ڕەنگدانەوەی ئەو تێگەیشتنەی بەربژێرەکانە کە کەمینە ئەتنیکییەکان، خولیای مافی زیاتری زمانی و کولتووریيان هەیە و بەڵێنی پاراستنی ئەو مافانە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی پشتیوانی لەناو دەنگدەرانی کەمینە ئەتنیکییەکان.

بۆ وێنە، لە کاتی یەکەم دەوری هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ١٩٩٧، خاتەمی بەڵێنی دا کە بڕگەی ١٥ و ١٩ی یاسای بنەڕەتیی ئێران بپارێزێ. کەمپەینەکەی هەروەها بڵاڤۆکی هەڵبژاردنی بە کوردی و ئازەربایجانی چاپ و بڵاو کردەوە.[٢] جگە لەوە خاتەمی بەڵێنی هەڵبژاردنی شوڕای شارەکانی دا. ئەو بیرۆکەیە هێندێک پشتیوانیی کەمینە ئەتنیکییەکانی ڕاکێشا چونکە ئەوە دەسەڵاتی ناوچەییی زۆرتری بەسەر سیاسەتەوە بۆ ئەوان دەستەبەر دەکرد.

لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێران لە ٢٠٠٩، لە کاتی سەردانی پارێزگاکانی خاوەن حەشیمەتی ئازەربایجانی، میر حوسێن موسەوی، کە بۆخۆی بە ڕەچەڵەک ئازەربایجانییە، وتاری بە زمانی خەڵکی ئەو ناوچەیە پێشکەش کردن و شێعری بەناوبانگی ئازەربایجانی لە کۆبوونەوەکانیدا دەخوێندنەوە.[٣]

١. وتووێژی نووسەری ئەو بابەتە لەگەڵ ڕەحیم ڕەشیدی، ئاگوستی ٢٠٢٠.
٢. برێندا شافەر، «ئێران، ناسیۆنالیزم،» ئەنسیکلۆپێدیای ناسیۆنالیزم، ئالێکساندر مۆتیل (سان دییەگۆ، کالیفۆرنیا: ئاکادێمیک پرێس، ٢٠٠١)، لاپەڕەی ٢٣٧.
٣. «سەفەری میرحوسێن موسەوی بۆ تەورێز و وتارەکەی بە زمانی ئازەری،» یوتیوب، ٢٦ی مای، ٢٠٠٩. (https://www.youtube.com/watch?v=JbRJnd8Ojxo)

ئەو هەروەها گۆرانیبێژی خۆشەویستی ئازەربایجانی بە کرێ گرتن تا شێعر بۆ گۆرانییە ئازەربایجانییەکانی کەمپەینەکەی بهۆننەوە.[١]
لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا، سەرۆک کۆمار ڕۆحانی شتی هەڵبژاردنی بە زمانی کەمینەکان بڵاو کردنەوە و بەڵێنیدا مافە زمانییەکان جێبەجێ بکا و عەلی یونسیی وەک ڕاوێژکاری مافەکانی کەمینە ئەتنیکییەکان دەستنیشان کرد.[٢] بەڵام دەستنیشان کردنەکە نەبووە هۆی ورووژاندن، چونکە یونسی لەپێشدا وەزیری هەواڵگریی ئێران بوو.

## چالاکیی کەمینە ئەتنیکییەکان لە پارلمانی ئێران

کۆماری ئیسلامی ڕێگا بە کۆمەڵەی دامەزراو لەسەر بنەمای ئەتنیکی دەدا لە پارلمان کار بکەن. نوێنەرانی پارلمان لە پارێزگاکانی خاوەن کەمینەی ئەتنیکیی ئێران، بە هەمان شێوە ڕێگایان پێ دەدرێ داواکانیان لە پێوەندی دەگەڵ ئەو ناوچانەی نوێنەرایەتییان دەکەن لە وتارەکانی پارلماندا پێشکەش بکەن. لە ١٩٩٣، نوێنەرانی پارلمانی پارێزگا ئازەرییەکان، فراکسیۆنی نوێنەرانی ئازەربایجانیی مەجلسیان دامەزراند. فراکسیۆنەکە جەختی لەسەر برەودان بە پرسە پێوەندیدارەکان بەو پارێزگایانە و پەرەپێدانی پێوەندییەکان دەگەڵ کۆماری تازە سەربەخۆ بووی ئازەربایجان کردەوە.[٣]
لە ٢٠١٦، پارلمانتەرانی ئازەربایجانی، فراکسیۆنی ناوچە تورکەکانیان پێکهێنا.[٤] لە ٣٠

١. «سروودی هەڵبژاردنی میر حوسێن بە دەنگی ڕەحیم شەهریاری،» ئاژانسی هەواڵنێریی مێهر (ئێران)، ٢٦ی مای، ٢٠٠٩. (https://www.mehrnews.com/news/ 885856)
٢. « سیاسەتە ئەتنیکییەکانی روحانی دەتوانن سەرەکەوتوو بن؟» ترێند (ئازەربایجان)، ٦ی فێورییە، ٢٠١٤. (https://en.trend.az/iran/2238868.html)؛ « کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران» ئێکۆنۆمیست بەشی هەواڵگریی، ٢٣ی ئاپریل، ٢٠١٤. (http://country.eiu.com/article.aspx?articleid=1121746896&Country=Iran&topic=Politics)
٣. برێندا شافەر، سنوور و برایەتی: ئێران و ئالنگاریی شوناسی ئازەربایجانی (کەمبریج، ماساچوسێت: ئێم ئای تی پرێس، ٢٠٠٢)، لاپەڕەی ١٨٠.
٤. «فراکسیۆنی نوێی پارلمانیی نوێنەرە تورکەکان تابۆی زیاتر دەشکێنێ،» ترێند (ئازەربایجان)، ٣١ی ئۆکتۆبر، ٢٠١٦. (https://en.trend.az/other/commentary/2679141.html)

ئۆکتۆبری ۲۰۱۶، پتر لە ۱۰۰ سەد نوێنەری مەجلیس، بەشداری یەکەم کۆبوونەی فراکسیۆنەکە بوون. بەشداران نوێنەرایەتیی ٪۳۴ی کورسییەکانی پارلمانیان دەکرد. بە گوێرەی ڕاپۆرت، کاتێک ئەندامانی ئەو فراکیسۆنە چاویان بە بەربژێری وەزارەتی هەواڵگریی، موحەممەد عەلەوی کەوت، داوای خوێندن بە زمانی دایک، بۆ جێبەجێ کردنی برگەی ۱٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێرانیان کرد. ئەوان هەروەها داوایان کرد تاران واز لە هەڵسوکەوت دەگەڵ ئەو داوایە وەک پرسێکی ئەمنییەتی بێنێ.[۱]

ئەندامانی مەجلیس ئەو بابەتانەیان هێناوەتە بەر باس کە کاریگەرییان لەسەر تاقمە ئەتنیکییەکانی ئێران هەیە. لە ۲۰۱۰، ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە قەرار بوو چەند لاوی کورد لە سێدارە بدرێن، عەبدولجەبار کەرەمی، ئەندامێکی پارلمان کە نوێنەری سنە، ناوەندی پارێزگای کوردستانی ئێران بوو، هەوڵی دا پێش بە ئیعدامەکان بگرێ.[۲] جگە لەوە، ئەندامانی مەجلیس دژی ئاڵوگۆڕەکان یان دابەشکردنی پارێزگاکان کە کاریگەرییان لەسەر کەمینە ئەتنیکەکان دەبێ، جەنگاون. بۆ وێنە نوێنەرە ئازەربایجانییەکانی مەجلیس بە ئاشکرا دژی بڕیاری تاران بۆ دابەش کردنی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرهەڵات لە ئۆکتۆبری ۱۹۹۲ و لابردنی ناوی ئازەربایجان لەسەر پارێزگای تازە دامەزراوی ئەردەبیل وێستان.[۳] ئەندامێکی پارلمان لە ئەهوازەوە، شەریف ئەلحوسەینی، بە ئاشکرا پشتیوانیی لە نارەزایەتییەکان ئەهواز لە ئوکتۆبری ۲۰۱۳ دژی بڕیاری تاران بۆ دابەش کردنی ڕووباری کارونی کرد، کە بووە هۆی خراپتر بوونی دۆخی کەمیی ئاو لە خووزستان.[۴]

---

۱. «پرسی ئەتنیکی وەک بابەتێکی سەرەکیی سیاسەتی ئێران سەر هەڵدەدا،» ترێند (ئازەربایجان)، ۱٥ی ئاگوست، ۲۰۱۷. (https://en.trend.az/iran/politics/2787142.html)

۲. نازلی فەتحی، «کەسوکاری کوردە ئیعدام کراوەکان لە ئێران تەرمەکانیان پێ نادرێتەوە، و ۲ کەس دەسبەسەر کراون،» نیویۆرک تایمز، ۱۱ی مای، ۲۰۱۰. (https://www.nytimes.com/2010/05/12/world/middleeast/12iran.html)

۳. برێندا شافەر، سنوور و برایەتی: ئێران و ئالنگاریی شوناسی ئازەربایجانی (کەمبریج، ماساچوسێت: ئێم ئای تی پرێس، ۲۰۰۲)، لاپەڕەکانی ۱۷٦-۱۷۴.

۴. «ئێران: دانیشتووانی ئەهواز نارەزایەتی دژی دابەشکردنی ڕووباری کارون دەردەبرن،» ئەلعەرەبییە (ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی)، ۲٦ ئۆکتۆبر، ۲۰۱۳. (https://english.alarabiya.net/en/News/middle-east/2013/10/26/Iran-Ahwaz-residents-protest-against-Karun-River-diversion-)

لەکۆبوونەوەیەکی پارمانی ئێران دوای سەفەری سەرۆکوەزیرانی ئەرمەنستان، نیکۆل پاشینیان، لە فێورییەی ٢٠١٩ بۆ ئێران، ئەندامێکی پارلمان لە ورمێوە، ڕوحوڵڵا حەزرەتپوور، ناڕەزایەتیی دژی سەردانەکە و داگیرکاریی خاکی ئازەربایجان لە لایەن ئەرمەنستانەوە دەربڕی. ئەو هەروەها ئەو سەردانەی بە هۆی هاوکاتبوونی ساڵوەگەڕی کوشتاری ئازەبایجانییان لە خۆجەلی لە ١٩٩٢لە لایەن ئەرمەنیانەوە ئیدانە کرد. ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە بە گوتەی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی، «قەرەباغ وڵاتی ئیسلامییە. ئێستا پرسیار دەکەم جیاوزیی فەلەستین و قەرەباغ چییە؟»[1] حەزرەتپوور هەروەها شێعرێکی نەتەوەیی بە زمانی ئازەربایجانی خوێندەوە، کە بووە هۆی ناڕەزایەتی بەشێک لە ئەندامانی پارلمان.

دوای شەپۆلێکی ناڕەزایەتی لە لایەن ئازەربایجانییان لە ٢٠٠٦، نوێنەرانی پارلمان، ئەکبەر ئەعلەمی لە تەورێزەوە و نوورەددین پیرموئەززین لە ئەردەبیلەوە لە مەجلیس وتاریان پێشکەش کرد، لە وتارەکاندا ناڕەزایەتییان دژی هەڵسوکەوتی ڕێژیم بەرانبەر بە کەمینەی ئازەربایجانی دەربڕی. بە ئاماژە بە بێڕێزیی فارسەکان کە بە تورکان دەڵێن کەر، ئەعلەمی هەروەها شێعری بەناوبانگی شەهریار «تۆ کەری یان ئێمە؟»ی خوێندەوە.[2]

ئەندامانی مەجلیس بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی، نامە و سکاڵانامەیان لە بارەی پرسی پێوەندیدار بە تاقمە ئەتنیکییەکەیان بۆ دەوڵەت ناردووە. لە ٢٠١٨، بۆ وێنە، ٥٠ ئەندامی ئازەربایجانیی پارلمان نامەیەکیان بۆ سەرۆک کۆمار ڕوحانی نارد و ناڕەزایەتییان دژی ڕاوێژکاری پرسی کەمینەکان، عەلی یونسی، دەربڕی کە گوتبووی تورکی ئێران لە ڕاستیدا «فارسن کە بە زمانی تورکی دەدوێن» و «ئەوان، بە پێچەوانەی تورکی دیکە، تەنیا ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەستیان کرد

---

١. ئازەربایجان، «ناڕەزایەتیی نوێنەری ورمێ بەرانبەر بە میوانداریی ئێران لە ئەرمەنستان لە ساڵوەگەڕی کوشتاری موسڵمانانی ئازەربایجان» یوتیوب، ١٧ی مای، ٢٠١٩. (https://www.youtube.com/watch?time_continue=25&v=POi43CQQssY)

٢. هەڤاڵانی ئەعلەم ، «وتاری ئەکبەر ئەعلەمی لە بارەی ڕووداوی ئازەربایجان» یوتیوب، ٢٢ی ئاپریل، ٢٠٠٩. (https://www.youtube.com/watch?v=3cEihAz4aP8)

بە ئاخاوتن بە تورکی.»[١] جگە لەوە، ئەندامانی مەجلیس لە ئەردەبیلەوە، سودەیف بەدری، ڕایگەیاند کە ئەندامانی مەجلیس سکاڵانامەیەکیان واژۆ کردووە، داوای جێبەجێ کردنی بڕگەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێران دەکەن.[٢]
نوێنەرانی پارێزگاکانی ئازەربایجان لە مەجلیسی ئێران بە مەبەستی سنووردار کردنی پێوەندییەکانی ئێران و ئەرمەنستان کەمپەینیان وەڕێ خستوون[٣] و لە خۆپیشاندانەکان دژی ئەرمەنستان بەشدار بوون.[٤] دوای شەڕی پاییزی ٢٠٢٠ لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان، ئەحمەد عەلیڕەزا بەیگی، ئەندامێکی مەجلیس لە تەورێزەوە، ڕەخنەی لە تاران گرت و گوتی ئێران بۆ پشتیوانیی ئازبایجان لە شەڕەکەدا بە گوێرەی پێویست یارمەتیی نەکرد و تورکیە ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە. بەیگی ئەو لێدوانەی لە ترۆپکی ناکۆکیی ساڵی ٢٠٢٠ لە نێوان تورکیە و ئێران لەبەر ڕوانگەی ئێران لەمەڕ پشتیوانیی سەرۆک کۆماری تورکیە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ئازەربایجانییەکانی ئێران پێشکەش کرد.[٥]

## وێنا کردنی کەمینە ئەتنیکییەکان لە مـێدیای دەوڵەتیی ئێران

مێدیای ئێران پەیتا پەیتا کەمینە ئەتینکییەکان بە شێوە نەرێنی وێنا دەکا. بەکەم دانانی تاقمە ئەتنیکییەکان، لە ناویاندا لە ڕاگەیاندنە فەرمییە ئاساییەکان، بوونە هۆی نارەزایەتیی جەماوەری، کە بە نۆبەی خۆی بۆتە هۆی دەسبەسەر

---

١. «نوێنەرانی ڕەچەڵەک تورکی پارلمانی ئێران، هێرش دەکەنە سەر یاریدەدەری ڕوحانی لەبەر وتەکانی لە بارەی ئازەرییاندا.» (دەیلی سەباح (تورکیە)، ٢٢ی ئاپریل، ٢٠١٨. (https://www.dailysabah.com/mideast/2018/04/22/iranian-mps-of-turkish-origin-slam-rouhanis-aide-over-azeri-remarks)

٢. «نوێنەری مەجلیس: پێشنیاری خوێندن بە زمانی دایک لە قوتابخانەکانی وڵات ئامادە کراوە،» عەسر ئیران (ئێران)، ١٧ی ئاپریل، ٢٠١٨. (https://bit.ly/3vfQHyS)

٣. بروانە بۆ وێنە: «ئەحمەد هیممەتی، نوێنەری مشکین شار،» ڕێسالەت (ئێران)، ٢٩ی ئاپریل، ١٩٩٣، لاپەڕەی ٥. (لە ماڵپەڕی خزمەتگوزاریی زانیاریی بڵاوکراوەکانی بیانی دەستم بەو زانیارییە ڕاگەیشتووە)

٤. برێندا شافەر، سنوور و برایەتی: ئێران و ئالنگاریی شوناسی ئازەربایجانی (کەمبریج، ماساچوسێت: ئێم ئای تی پرێس، ٢٠٠٢)، لاپەڕەی ١٩٢.

٥. «نوێنەری پارلمانی ئێراَن دەڵێ، ئانکارا دوای شکستی تاران لە پشتگیریکردنی باکو، بۆشاییەکەی پڕ کردەوە،» دەیلی سەباح (تورکیە)، ١٤ی دێسامبر، ٢٠٢٠.

کران، کوژران، بریندار بوون، لە ئاکامی سەرکوت کردن لە لایەن ڕێژیمەوە. بەرپەرچدانەوە لەڕادەبەدەرەکان ڕەنگدانەوەی دوژمنایەتی دژی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕێژیم و لەخۆبایی بوونی کولتووریی گشتیی فارس بەرانبەر بە کەمینەکانە.

ئێران بە فەرمی بەرهەمی کولتووری، وەک فیلم و [بەرهەمی] تەلەفزیۆنی پەسەند کردوون، کە بەردەوام پێشفەرزی نەرێنی دەداتە پاڵ کەمینە ئەتینکییەکانی ئێران، عەرەبان وەک دواکەوتوو و توندئاژۆ وێنا دەکا[1] و ئازەرییەکان وەک گەمژە. هێندێک جار بەرنامەی خاوەن بێڕێزیی بە عەرەبان ئاراستەی حەشیمەتی وڵاتانی عەرەبی کەنداو دەکرێ و لەو پرۆسەیەدا عەرەبەکانی ئەهوازی ئێران توورە دەکا.[2] دامودەزگای ڕاگەیاندنی فەرمیی کۆماری ئیسلامی، زۆرجار کەمینە ئەتنیکییەکانی بە شێوەیەکی زۆر نەرێنی وێنا کردووە، کە بۆتە هۆی کاردانەوەی بەربڵاوی جەماوەری لە لایەن تاقمە ئەتینکییەکانی ئێران. دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی، بووەتە هۆی یەکەم سەرهەڵدانی ئازەربایجانییەکان لە دوای شۆڕش، کە خاڵێکی وەرسووڕان لە جووڵانەوەی نەتەوەیی ئازەربایجانییەکان لە ئێران بوو. لە ٨ی مای ١٩٩٥، ڕۆژنامەی ئێرانیی ئەحرار ڕایگەیاند کە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی[3] لێکۆڵینەوەیەکی لە نێو هەڵوێستی ئێرانییەکان بەرانبەر بە شارۆمەندانی «تورک» لە ئێران بەڕێوە بردووە. لەناو ١١ پرسیاری لێکۆڵینەوەکەدا ئەو پرسیارانەی تێدا بوون:

- تۆ ئامادەی دەگەڵ تورکێک هاوسەرگیری بکەی؟

---

١. «وێنە\گریم موحەممەد ڕەزا شەریفی نیا لە بەرگی داعشدا» مەشریق نیوز (ئێران)، ٧ی ژووئەن، ٢٠١٨. (https://www.mashreghnews.ir/photo/ 872753)

٢. بۆ وێنە لەو وتارەدا لە ڕۆژنامەی همدلی دەڵێ کە عەرەب بەرەو پێش چوون، لە زیندەبەچاڵکردنی ژنان تا گەیشتن بە وەزارەت لە دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی: «ژنانی عەرەب لە زیندەبەچاڵکردن تا وەزارەت» ئافتاب نیوز (ئێران)، ٢٠ی ئۆکتۆبر، ٢٠١٧. (https://aftabnews.ir/fa/news/483690 %E2%80%8C%E2%80%8C)

٣. لەو کاتیدا، عەلی لاریجانی سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نەتەوەیی ئێران بوو. ئەو دواتر بوو بە سەرۆکی پارلمانی ئێران و یەکێک لە خاوەن دەسەڵاتترین کەسایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی.



دوشنبه ۱۸ اردیبهشت ۱۳۷۴، ۹ ذیحجه ۱۴۱۵، ۸ مه ۱۹۹۵، صفحه ۳

# سئوال دانشجویان آذربایجانی دانشگاههای تهران

## نسبت به پرسشنامه اهانت آمیز مرکز تحقیقات و سنجش افکار عمومی صدا و سیما

شماره پرسشنامه:

تاریخ مصاحبه:

واحد افکار عمومی

طرح «فاصله اجتماعی»

شماره ۵۹

۱ـ کجایی هستید؟

۱ـ فارس ۲ـ کرد ۳ـ لر ۴ـ بلوچ ۵ـ شمالی ۶ـ سایر

۲ـ همسرتان کجایی است؟

۳ـ وضعیت تأهل

۱ـ مجرد ۲ـ متأهل

۴ـ اگر روزی قصد ازدواج داشته باشید حاضرید با یک فرد ترک ازدواج کنید.

۱ـ بلی ۲ـ خیر

۵ـ چنانچه فرزند دختری داشته باشید و روزی بخواهد ازدواج کند، آیا حاضرید او را به یک ترک بدهید؟

۱ـ بلی ۲ـ خیر

۶ـ برای شرکت در بعضی مراسم مذهبی خاص مثل عاشورا و تاسوعا، آیا حاضرید در مجالس یا هیئتهای ترکها شرکت کنید؟

۱ـ بلی ۲ـ خیر

۷ـ اگر بخواهید خانه‌ای بگیرید و ببینید همسایه دیوار به دیوار یا آپارتمان مجاور شما ترک هستند، آیا حاضرید در همسایگی آنها زندگی کنید؟

۱ـ بلی ۲ـ خیر

۸ـ آیا حاضرید با فردی ترک در یک اتاق همکار باشید

۱ـ بلی ۲ـ خیر

۹ـ آیا حاضرید در محله‌ای که اکثریت آنها ترک هستند، مسکن بگیرید؟

۱ـ بلی ۲ـ خیر

۱۰ـ آیا حاضرید در شهری آذری زبان زندگی کنید؟

۱ـ بلی ۲ـ خیر

۱۱ـ آیا حاضرید با فردی ترک رفت و آمد داشته باشید، او را به خانه خود مهمان کنید و یا به خانه‌اش بروید؟

۱ـ بلی ۲ـ خیر

تحصیلات:

فعالیت:

جنس:

سن:

شماره منطقه:

### نهمین کنگره بزرگداشت علامه طباطبائی در تبریز گشایش یافت

- ئیزن دەدەی کچەکەت شوو بە تورکێک بکا؟
- ئامادەی لە ڕێوڕەسمی ئایینی (وەک عاشورا) دەگەڵ تورکان بەشداری بکەی؟
- ئەگەر خانوویەکت کڕی، ئامادەی ببیە دراوسێی تورکێک؟
- ئامادەی لەگەڕەکێک یان شارێک بژی کە زۆرینەی تورکن؟
- ئامادەی ببیە هەڤاڵی تورکێک؟
- ئامادەی ببیە میوانی تورکێک؟

ئاکامی لێکۆڵینەوەکە ئاشکرای کرد کە کۆمەڵگای ئێران هەڵوێستی لە ڕادەبەدەر نەرێنیی بەرانبەر بەو گرووپە هەیە، زۆرینەی بەشدارەکان گوتبوویان نایانهەوێ دەگەڵ ئازەربایجانییەکانی ئێران هەڵسوکەوتیان هەبێ.

وتارەکەی ئەحرار لە بارەی لێکۆڵینەوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی فەرمیی ئێران، بووە هۆی دەستپێکی شەپۆلێکی نارەزایەتی لە ناو ئازەربایجانییەکانی ئێران لە ٩ی مای. خوێندکارانی زانکۆ، ڕێبەریی نارەزایەتییەکانیان گرتە دەست کە جەختی لەسەر ڕەگەزپەرستیی کۆمەڵگای ئێران و هەروەها پاڵنەرەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بۆ بەرێوە بردن و بڵاو کردنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی وەها یەکلاکەرەوە دەکردەوە. خۆپیشاندانەکان لە زانکۆی تاران دەستی پێکرد. خوێندکارانی ئازەربایجانی چاوڕوان بوون خوێندکارانی فارس تێکەڵیان بن، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان نەکرد. لە جوابی نەبوونی هاوپشتی، خوێندکارە ئازەربایجانییەکان یەکیەتیی خوێندکارانی تایبەت بە خۆیانیان دامەزراند. تا ئەو کاتی، یەکیەتیی خوێندکارانی جیاواز، لەسەر بنەمای ئەتنیکی بوونی نەبوو. خۆپیشاندانەکان لە تەورێز و شارە مەزنەکانی ئازەربایجان دەستیان پێکرد.[١] لە زانکۆی تەورێز، نزیکەی ٢٠٠٠ خوێندکار وخەڵکی دیکە لە خۆپیشاندانی ٩ی مایدا بەشدار بوون.

جگە لەوە، خوێندکارانی زانکۆ دەستیان بە کەمپەینێکی نامەنووسین بۆ نوسینگەی

١. برێندا شافەر، سنوور و برایەتی: ئێران و ئالنگاریی شوناسی ئازەربایجانی (کەمبریج، ماساچوسێت: ئێم ئای تی پرێس، ٢٠٠٢)، لاپەڕەکانی ١٨٠-١٧٩.

سەرۆک کۆمار، مەجلیس، ئیمامانی نوێژی هەینی و پارێزگارانی ئازەربایجانی خۆرهەڵات، زەنجان و ئەردەبیل کرد. نامەکان لێکۆڵینەوکەیان ئیدانەکرد و داوای خوێندنی زمانی ئازەربایجانی لە زانکۆی تەورێزیان کرد.[1]

لە ١٩٩٥ بەولاوە، لە لایەن خوێندکارە ئازەربایجانییەکانی ئێرانەوە، بە شێوەی نافەرمی، ڕۆژی ٩ مای وەک ڕۆژی خوێندکارانی ئازەربایجانی دەستنیشان کراوە و لەوڕۆژەدا ڕێوڕەسمی جیاواز بۆ ڕێزگرتن لەکولتوور و ئیدانەکردنی هەڵاواردن بەڕێوە دەچن. یەکێتیی تازە دامەزراوی خوێندکارانی ئازەربایجانی، بە هەمان شێوە نامەیەکیان بۆ نوێنەرە ئازەربایجانییەکانی مەجلیس نارد و سکاڵایان لە «لاسایی کردنەوە و بێڕێزی بە کولتوور و زمانی شیعەی ئازەربایجانی کردووە.»[2]

دەگەڵ پەرە ئەستاندنی کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە ئێران، بڵاو کراوە بێڕێزیکەرەکان، کاریگەرییەکی سیاسیی بەربڵاوتریان هەیە، کە زۆر جار دەبێتە خۆپیشاندانی توندوتیژانە و تێکهەڵچوون دەگەڵ هێزە ئەمنییەتییەکان. وەک نموونەی بڵاو کراوەی ڕەگەزپەرستانە کە بووە هۆی زنجیرەیەک توندوتیژی، کاریکاتۆری بەدناوی قالۆنچەیە. لە ١٢ی مای ٢٠٠٦، ڕۆژنامەی فەرمیی دەوڵەتی ئێران، کاریکاتۆری قالۆنچەیەکیان بڵاو کردەوە کە لە منداڵێک تێناگا کە بە فارسی دەدوێ. لە کاریکاتۆرەکەدا، دایک و باوکی منداڵەکە بۆی شی دەکەنەوە کە قالۆنچەکە بۆیە لێی تێناگا چونکە «بە ئازەری قسە دەکا.»

کاریکاتۆرەکە نیشانی دەدا کە قالۆنچەکە دەڵێ «نەمەنە» کە بەمانای «چی؟» یە، بە ئازەربایجانی، وشەیەک کە بەشێکی زۆر لە فارسەکان دەزانن و کاتێک دەیانهەوێ ئازەربایجانییەکان تووڕە بکەن، لاسایی شێوەی ئەدا کردنەکەی دەکەنەوە. دایک و باوکەکان، ئامۆژگاریی منداڵەکە دەکەن کە خواردەمەنی نەدەن بە قالۆنچەکە و برسیی بکەن و پێشنیاری ڕێکار بۆ لەناو بردنی قالۆنچەکە دەکەن.

---

١. هەمان سەرچاوە

٢. «نامەی خوێندکارانی ئازەربایجانی، کە لە زانکۆی تاران دەیانخوێند، بۆ نوێنەرانی ئازەربایجانیی مەجلیسی ئێران،» یەکێتی خوێندکارانی ئازەربایجانی، مای ١٩٩٥. (بەڵگەی ئۆرژیناڵ)

بڵاو بوونەوەی ئەو بابەتە بووە هۆی ناڕەزایەتیی جەماوەری بۆ ماوەی زیاتر لە حەوتوویەک کە لە ٢٢ی مای لە چەند شاری خاوەن ڕێژەیەکی زۆر حەشیمەتی ئازەربایجانی دەستی پێکرد. خۆپیشاندانەکان لە زانکۆکانی تەورێز و تاران دەستیان پێکرد و تەشەنەیان کرد. خۆپیشاندانەکانی تەورێز، کە مەزنترین بوون، توندوتیژییان لێ کەوتەوە، لەوێدا بینا دەوڵەتییەکان کرانە ئامانج و زەرەریان پێ گەیشت. لە سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکان، ڕێژیم لانیکەم حەوت کەسی کوشت (لە ناویاندا لە نەغەدە، پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا) و سەدان کەسی دیکەی دەسبەسەر و زیندانی کردن. ڕێکخراوە ناسیۆنالیستییەکانی ئازەربایجان ئیددیعا دەکەن کە ٢٠ کەس کوژراون. موحەممەد عەلی قاسمی، توێژەرێک لە ئەنستیتۆی سەرکۆماری بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتێژییە کە لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگیری دەکرێ، نووسی، «ئەو ناڕەزایەتییانە مانیفێستی ناڕازەیەتیی کەڵەکەبوو بوون.»[١]

لە نۆڤامبری ٢٠١٥، ڕووداوێکی ڕەگەزپەرستانە لە کاناڵی ٢ی تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکە بووە هۆی خۆپیشاندان لە ئێران.[٢] لە پرۆگرامێکی منالان بە ناوی فتیلەها، بۆگەنێک لە هوتێلێک خسترایە ئەستۆی توریستێکی ئازەربایجانی، کە بە گوتەی بەرپرسی هوتێلەکە، کەڵکی لە فڵچەیەکی ئاودەست وەرگرتبوو تا ددانەکانی پێ فڵچە بکا. لە شانۆیەکەدا هەروەها گاڵتە بە شێوەزاری تورکی بە زمانی فارسی کرا. بڵاو بوونەوەی پرۆگرامەکە بووە هۆی دەستپێکی خۆپیشاندان کە لە ئاکامدا هێزە دەوڵەتییەکان خۆپیشاندەرێکیان لە ورمێ کوشت.[٣] دامودەزگا مێدیاییەکان لە کۆماری ئازەربایجانیش بەرنامەکەیان ئیدانە

١. موحەممەد عەلی قاسمی. «جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان: بابەتی ئازەربایجان،» ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوە ستراتێژیکەکانی سەرکۆماری،ساڵی دەیەم، ژمارە ١، ٢٠٠٧.

٢. «بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئێران دەبێتە هۆی تووڕەییی ئازەرییان،» ئاژانسی ئانادۆڵ (تورکیە)، ١٢ی نۆڤامبر، ٢٠١٥. (https://www.aa.com.tr/en/world/iranian-television-show-sparks-outrage-among-azeris/472509)

٣. «ئازەرییەکان دژی بێرێزیی ڕەگەزی، ناڕەزایەتی دەردەبڕن،» رادیۆ ئەورووپای ئازاد\رادیۆ ئازادی، ٩ی نۆڤامبر، ٢٠١٥. (https://www.rferl.org/a/azeris-hold-protestin-iran-over-racial-slur/27354275.html)؛ «ئازەرییەکانی ئێران ناڕەزایەتی دژی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی پڕ لە سووکایەتی،» بی‌بی‌سی نیوز (بریتانیا)، ٩ی نۆڤامبر، ٢٠١٥. (https://www.bbc.com/news/world-middle-east-34770537)

کرد.[١]

خۆپیشاندانی هاوشێوە لە مارسی ٢٠١٨ سەریان هەڵدا، ئەوجار لە ناو ئەهوازییەکاندا.[٢] لە بەرنامەیەکی منداڵان لە کاناڵی دووی تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی، کوڕێکی لاو نیشان درا کە بووکەڵان بە جل و بەرگی کەمینە ئەتنیکییەکانەوە لەسەر نەخشەی ئێران دادەنێ. بەڵام کوڕەکە هیچ نوێنەرێکی ئەهوازییانی دانەنا. لە جیاتان، ئەو دوو بووکەڵەی بە جل و بەرگی لوڕییەوە لە شوێنی ئەهواز لە سەر نەخشەکە دانا.[٣] ئەوە وێدەچوو بە ئامانجی نانەوەی ناکۆکی لە نێوان لوڕ و ئەهوازییان بووبێ. خۆپیشاندانەکان چەند ڕۆژیان خایاند. خۆپیشاندەران دروشمی نەتەوەییان دەدا، لە ناویاندا دژی سیاسەتەکانی ئێران لەمەڕ نیشتەجێ کردنی ناعەڕەبەکان لە خووزستان. «ئەهواز هی ئەهوازییەکانە!» و «ئێمە بۆ ئەهواز دەمرین، هیچ شوێنێک بۆ هاوردەکان نییە!» ئەهوازییەکان ئەو خۆپیشاندانانەیان بە «انتفاضە» ناو برد.[٤]

خۆپێشاندەران هەر وەها نارەزایەتییان دژی زەرەر گەیاندن بە ژینگەی ناوچەکە لە لایەن دەوڵەتەوە دەربڕی، کە بە دەست کەمیی ئاو و هەڕەشەی ترسناک لە تەندروستیی دانیشتووانەوە دەناڵێنێ. بە گوێرەی ڕاپۆرت، هێزە ئەمنییەتییەکانی

١. «یاپ کاردانەوەی ڕووداوەکانی باشوور نیشان دا،» موساوات (ئازەربایجان)، ١٢ نۆڤامبر، ٢٠١٥. (https://musavat.com/news/gundem/yap-guneyde-bash-verenlere-reaksiya-verdi_304663.html)؛ «ئازەبایجانییەکانی ئێران دژی تاران ڕا دەبن،» حەقین.ئز (ئازەربایجان)، ٨ی نۆڤامبر، ٢٠١٥ (https://haqqin.az/news/56724)

٢. «لە پارێزگای باشوور، لەگەڵ پەرە گرتنی گرژییەکان عەرەبەکانی ئێران باسی سەرکوت دەکەن،» ڕۆیتەرز، ٣ی مای،٢٠١٨. (https://www.reuters.com/article/uk-iran-rights-arrests-idUKKBN1I41IF)

٣. شیما سیلاوی، «شارۆمەندانی عەرەبی ئەهواز دژی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامیی نارەزایەتی دەردەبڕن،» ئەلعەرەبیە (ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی)، ٢٨ مای، ٢٠١٨. (https://english.alarabiya.net/media/digital/2018/03/28/Iran-s-Ahwaz-citizens-protest-against-IRIB-media-corporation)

٤. ئەهوازنا، «بەرخۆدانی ڕێزداری: خۆپیشاندان لە ئەلئەهواز بۆ ئیدانە کردنی بە ئامانج گرتنی شوناسی عەرەبی ئەهوازی»، یوتیوب، ١٣ی مارس، ٢٠١٨. (https://www.youtube.com/watch?v=wYON5XsuZgE) فەلەستینییەکان بۆ ئاماژە بە سەرهەڵدانی هاوئاهەنگ لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ و سەرەتاکانی ١٩٩٠ دژی دەسەڵاتی ئی ئیسرائیل کەڵکیان لە دەستەواژەی «انتفاضە» وەردەگرت.

دەوڵەت ٥٠ خۆپیشاندەریان کوشت و زیاتر لە ٣٠٠ کەسیان بریندار کرد.[١] دوای بڵاو کردنەوەی هەواڵی نارەزایەتییەکان لە ئەهواز، دەوڵەت نوێنەرایەتیی ئەلجەزیرە لە تارانی داخست.[٢] ئەندامانی مەجلیسی ئێران لە پارێزگا کوردەکان لەبارەی سووکایەتیکردنی مێدیا فەرمییەکان دژی شارۆمەندانی کورد سکاڵایان کردووە.[٣] کورد، بە تایبەتی لە وتووێژی ڕۆشنبیری کورد، فەریبورز عەزیزی لە لایەن موحەممەد جەعفەر خوسرەوی بەڕێوەبەری بەرنامەیەکی پڕ لایەنگری تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران کە لە ١٧ی ژانوییەی ٢٠٢١ بڵاو بۆوە، تووڕە بوون. خوسرەوی گاڵتەی بە جلوبەرگی نەریتیی میوانەکە کردبوو و گوتبووی ئەو وەک شوان دەچێ. میوانەکە جوابی دابۆوە: «ئەوە بەرگی کاوەی ئاسنگەرە و سیمبولی ئازادی لە چنگ ستەمکارییە.» کاوەی ئاسنگەر کەسایەتیی جێگای ڕێز لە ئەفسانەناسیی ئێرانییە کە بووە هۆی سەرهەڵدان دژی حاکمێکی بیانی.[٤] وێدەچوو بەڕێوەبەری بەرنامەکە لە مەبەستی میوانە کوردەکە تێنەگەیشتبێ.

لە ئاکامی بێڕێزییەکانی مێدیای دەوڵەتیی ئێران دژی کەمینە ئەتنیکییەکان و نەبوونی بەرنامەی سەرنجڕاکێش، سەیر نییە کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە کەمینەکانی ئێران، لە جیات بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئێران کە زۆربەی هەرە زۆریان بە زمانی فارسین، پێیان خۆشە چاو لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنە بیانییەکان بە زمانی خۆیان بکەن. ئازەربایجانییەکانی ئێران چاو لە تەلەفزیۆنی تورکیە و کۆماری ئازەربایجان دەکەن و بە میلیۆنان ئازەربایجانی زمان، چاو لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی گوناز تی ڤی دەکەن کە لە ئەمریکاوە بڵاو دەبێتەوە و بەرنامەکانی بە شێوەی سەرەکی بە زمانی ئازەربایجانییە. ئەهوازییەکان چاو لە بەرنامەکانی

---

١. «ئێران: ڕاپۆرتەکانی توندوتیژیی ئەتنیکیی کپ دەکرێن،» چاودێری مافەکانی مرۆڤ، ٩ی مای، ٢٠٠٥. (https://www.hrw.org/news/2005/05/09/iran-reports-ethnic-violence-suppressed)

٢. هەمان سەرچاوە

٣. «نوێنەرە کوردەکانی مەجلیس دژی بێ ڕێزی بە جلوبەرگی کوردی لە دەنگ و ڕەنگ نارەزایەتی دەردەبڕن،» عەسر ئیران (ئێران)، ١٨ی ژانوییە، ٢٠٢١. (https://www.asriran.com/fa/news/ 765858 )

٤. «نارەزایەتی نوێنەرانی کورد بە «سووکایەتی» بە جلوبەرگی کوردی لە لایەن بەڕێوەبەرێکی دەنگ و ڕەنگ،» دۆیچە ڤێلێ (ئاڵمان)، ١٨ی ژانوییە، ٢٠٢١ . (https://bit.ly/3sGXDmZ)

تەلەفزیۆنی عەرەبی هی عێراق و عەرەبستانی سعودی و هێندێک کاناڵ کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بەرنامەکانیان بڵاو دەکەنەوە دەکەن. کوردەکانی ئێران چاو لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی کوردی کە زۆربەیان لە ئەورووپا و کوردستانی عێراقەوە بڵاو دەکرێنەوە، دەکەن.

زۆر ئازەربایجانی لە پارێزگا سنوورییەکان دەتوانن دەستیان بە بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی کۆماری ئازەربایجان ڕابگا بێ ئەوەی پێویست بە وەرگری ساتەلایت یان پێوەندیی دیکە بکا. لەبەر ئەو هۆیە، پارازیتی ئێران بۆ سەر مێدیای بیانی ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ. توانایی پەڕینەوە لە سنوور بۆ ئازەربایجان ڕێگای بە ئازەربایجانییەکانی ئێران داوە کە کاتێک ڕێژیمی مەلایان ئینتەرنێت دادەخا، ئەوان دەتوانن دەستیان بە ئینتەرنێت لەوێوە ڕابگا. لە کاتی نارەزایەتییەکانی نۆڤامبری ٢٠١٩، ئازەربایجانییەکانی ئێران و ئەوانی دیکە توانیان دەستیان بە زانیاری ڕابگا و گرتەی ڤیدیۆیی و هەواڵان بە پەڕینەوە لە سنوور بڵاو بکەنەوە.

## جووڵاندنی ئەتنیکی

لەو ساڵانەی دواییدا، کەمینە ئەتینکییەکانی ئێران تواناییی ڕێکخستنی خۆیان سەلماندووە. ئەوان توانیویانە خۆپیشاندان ڕێک بخەن، کەمپەینی واژۆ کۆکردنەوە وەڕێ بخەن و هێندێک جار دەوڵەت ناچار بکەن تا لە سیاسەتەکانی پاشگەز بێتەوە. چونکە ڕێژیم ئیزن بە ڕێکخراوی سیاسی و حیزبیی ئەتنیکی یان چالاکی لە ئێران نادا، گۆڕەپانە ناسیاسییەکان، وەک چالاکیی وەرزشی و ژینگەپارێزی، وەک جێگرەوەی کۆبوونەوەی سیاسین. لە هێندێک دۆخدا، کەمینەکان توانیویانە جموجۆڵی چەکداری بکەن.

## وەرزش

کایەی تۆپی پێ لە ئێران ئامرازێکی نیشاندانی شوناسی ئەتنیکییە و گۆڕەپان

بۆ دەربڕینی نارەزایەتی، لە ناویاندا هی ئەوتۆ کە پەیامی دژی ڕێژیمییان تێدا بێ، دەستەبەر دەکا. ڕۆشنبیرەکان شێعر و وێژەیان هەیە؛ ئاپۆڕای خەڵک تۆپی پێیان هەیە. یاریگای تۆپی پێ بە کردەوە شوێنی مەنتیقیی نارەزایەتین: دەیان هەزار کەس دەتوانن بێ ئیزن یان ڕێکخراوی سیاسی لێک کۆ ببنەوە. بۆیە، ستادیۆمی تۆپی پێ دەبێتە یەکێک لە تەنیا گۆڕەپانەکان کە لەوێ تاقمە ئەتنیکییەکانی ئێران دەتوانن داواکانی خۆیان بۆ ماف، بێننە گۆڕێ و زمانەکەیان لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا بەکار بێنن. جگە لەوە، ڕێژیم لەبەر خەڵکی زۆر و کەشوهەوای پڕ ئاژاوە، کە دەتوانێ بە هاسانی توندوتیژیی لێ بکەوێتەوە، لە تێکدانی نارەزایەتییەکان بە گومانە. ئەوە لەبەر ئەو هۆیەیە کە دەوڵەت ستادیۆمی نوێی تەورێزی لە دەرەوەی شار دروست کردووە، لە دۆڵێکدا کە چیا دەورەیان داوە. جێگری بەرپرسی ئاسایشی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرهەڵات، سەرهەنگ میر جومەهری، هۆی ئەو کارەی بەو شێوەیە شی کردۆتەوە: «با هەرچی دڵیان دەخوازێ لە ستادیۆمەکەی دەرەوەی شار هاوار بکەن و بە بێدەنگی بگەڕێنەوە شار.»[١]

بەڕاستی، زەوق و شەوقی یانەی سەرەکیی تۆپی پێی ئازەربایجانیی ئێران، تراکتۆری ئازەربایجان، و لایەنگرانی لە سەرانسەری ئێران ئاشکرایە. ئاڵوگۆڕی ئەو دواییانەی ناوی یانەکە، هاندەری ئەتنیکیی لە پشتە. بۆ ماوەی دەیان ساڵ، یانەکە، کە بنکەکەی لە تەورێزە، ناوی تراکتۆر سازیی تەبریز بوو. لە ٢٠١٩، دوای بە تاکیی کرانی یانەکە، ناوی خۆی لە یەکێتییەکی گرێدراو بە شارێکەوە گۆڕی بۆ یەکێتییەکی وڵاتێک- تراکتۆری ئازەربایجان، دەربڕینی ئاشکرای ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی. لە تەلەفزیۆنی فەرمیی ئێران، یانەکە وەک تراکتۆر باسی دەکرێ، وشەی ئازەربایجانی لێ دادەبڕن. جگە لەوە، کاناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئێران، کاتێک دروشمی دژی ڕێژیم، وەک «بمرێ خامەنەیی» بە ئاشکرا

١. وتووێژی نووسەری ئەو بابەتە دەگەڵ بەشدارێکی کۆبوونەوەکە، دێسامبری ٢٠٢٠

دەبیسترا، وەک لە نۆڤامبری ٢٠١٧، بڵاو کردنەوەی کێبڕکێیەکانیان ڕاگرتووە.[١] لایەنگرانی یانە فارسەکان زۆر جار دروشمی ڕەگەز پەرستانە ئاراستەی تراکتۆری ئازربایجان دەکەن؛ ئەوان زۆر جار بە یاریزانەکان دەڵێن «ترک خر».[٢] چەند جار، ڕێژیم لایەنگرانی تراکتۆری لەبەر دروشمی لایەنگری ئازەربایجان لە کاتی کێبڕکێیەکان، وەک کاتی کێبڕکێ لە نێوان تراکتۆر و پێرسپۆلیسی تاران لە ٢٠١٩، دەسبەسەر کردووە.

لایەنگرانی تراکتۆر چەند ئەژماری سۆسیال مێدیایان هەیە کە بە ڕێکوپێکی دروشمی ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی و هاوپشتی بۆ کۆماری ئازەربایجان بڵاو دەکەنەوە، لە ناویاندا پشتگیری لە ئازەربایجان و ڕەخنە لە پشتگیریی تاران لە ئەرمەنستان لە کاتی شەڕی ٢٠٢٠. لایەنگرانی تراکتۆر هەڵوێستی دژی ئەرمەنستانیان لە کایەکانی ئەو ساڵانەی دواییدا دەربڕیوە، کە دەرخەری هاوپشتی دەگەڵ کۆماری ئازەربایجانە. لە ١ی مارسی ٢٠١٩، دوای سەردانی سەرۆکوەزیرانی ئەرمەنستان، نیکۆل پاشینیان لە ئێران، کە باسی مافی دەست داگرتن بە خاکی کۆماری ئازەربایجانی کرد، لایەنگرانی تراکتۆر، ئاڵای ئەرمەنستانیان لە کاتی کێبڕکێیەکدا ئاگر تێبەردا. جگە لەوە، ئەوان ئاڵای ئازەربایجانیان شەکاندەوە و ئەو دروشمەیان گوت «قەرەباغ هی ئێمەیە و هی ئێمە دەمێنێتەوە.» هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران ٢٩ لایەنگری تراکتۆریان دەسبەسەر کرد.[٣] لایەنگرانی یانەکانی ناوچە فارسەکانی ئێران لە کاتی کێبڕکێ لەگەل تراکتۆری ئازەربایجان، چەند جار ئاڵای ئەرمەنستانیان بەرز کردۆتەوە تا یاریزانە ئازەربایجانییەکان یاسا پێشێل

١. نووسەری ئەو بابەتە بینەری کایەکە و وەستاندنی بڵاو کردنەوەکەی لەسەر تەلەفزیۆن بوو.

٢. بڕوانە، بۆ وێنە، کێبڕکێیەک لەگەڵ یانەی پێرسپۆلیس: @TractorOfficial، «ڕاپۆرتێکی فیفا لە بارەی ڕاسیزم دژی یانەی فوتباڵی تراکتۆر لە لایەن لایەنگرانی تۆپی پێ لە ئێران هەیە. بۆچی فیفا ڕاسیزم لە تۆپی پێی ئێران ئیدانە ناکا؟ لایەنگرانی پێرسپۆلیس بە هۆی ئەتنیکی ئەوانەوە بە لایەنگرانی تراکتۆریان گوت «گوێدرێژ». تویتەر، ٢٩ی دێسامبر، ٢٠١٧. (https://mobile.twitter.com/TractorOfficial/status/946805728332873728)

٣. «ئێران ٢٩ ئازەربایجانییان لەبەر ئاگردانی ئاڵای ئەرمەنستان دەسبەسەر دەکا،» ئاسبارێز، ٥ی مارس، ٢٠١٩. (https://asbarez.com/178135/iran-detains-29-azerbaijanis-for-burning-armenian-flag)

بکەن و بەو شێوەیە فۆڵ بکەن.[١]

لایەنگرانی تراکتۆر بەردەوام کەمپەین بەڕێوە دەبەن تا ڕێگا بە ژنان، کە ڕێژیم ناهێڵێ کێبڕکێی تۆپی پێ ببینن، بدا تا بتوانن کێبڕکێیەکان ببینن. لە کاتی کێبڕکێ، ئامادە بووانی ستادیۆم بەردەوام بە یەکەوە هاوار دەکەن: «ئای دایکم، خوشکم وهاوسەرم! ئێوە خانم! بەڵام پیاو و ژن یەکسانن! بەشداری لە کۆمەڵگا مافی سروشتی ئێوەیە! خانمە تورکە ئازەربایجانییەکان ڕابن و مافەکانی خۆتان بستێنن!» هەروەها لە ستادیۆم هاوار دەکەن، «کیژانی ئازەربایجان ئەستێرەکانی ئاسمانن!»[٢] ڕێکخراوەکانی یەکسانیی جێندەریی ئێرانی زۆر دەگمەن بواری ئەو جۆرە داوایانە دەڕەخسێنن یان باسی چالاکیی ئەوتۆ بە زمانی فارسی ناکەن. لایەنگرانی یانەکانی ئەهوازیش زۆر جار دروشمی لایەنگری عەرەب لە کێبڕکێیەکانی تۆپی پێ دەدەن.[٣]

لە ژووئەنی ٢٠١٨، یاریزانی یانەی نەتەوەیی ئێران سەردار ئازموون، کە بە ڕەچەڵەک تورکمەنە، ڕایگەیاند کە وازهێنانە پێشوەختەکەی لە یانەی نەتەوەیی ئێران هۆیەکەی بێڕێزیی بەردەوامی ڕەگەز پەرستانە بووە.[٤]

## جووڵانەوەی ژینگەپارێزی

جووڵانەوەکانی ژینگەش دەتوانن وەک ئامرازی برەو دان بە ئاجێندای ناسیۆنالیزمی

١. «لایەنگرانی یانەی تۆپی پێی تاران بە ئاڵای ئەرمەنستانەوە بەشداری کێبڕکێ لەگەڵ ئەوریز دەبن،» نیوز.ئز (ئازەربایجان)، ١٢ی مارس، ٢٠١٣ . (http://www.news.az/articles/armenia/77791)

٢. «دروشمی کیژانی ئازەربایجان ئەستێرەکانی ئاسمانن،» یوتیوب، ٦ی فێوریيە، ٢٠١٩ . (https://www.youtube.com/watch?v=Ghtt4v3S8B4&feature=youtu.be)

٣. «لایەنگرانی ئەهوازیی لە کاتی کێبڕکێی تۆپی پێ، دروشم دەدەن ‹گوێ بگرە تاران، ئێمە عەرەبین› ئەلعەرەبییە (ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی)، ٧ی نۆڤامبر، ٢٠١٩ (https://english.alarabiya.net/sports/2019/11/07/Ahwazi-fans-chant-listen-Tehran-we-are-Arabs-during-Foolad-football-match)

٤. «سەردار ئازمون-ی ئێرانی دوای ئەوەی لە جامی جیهانی بێڕێزیی پێ کرا، دستلەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند،» ئی ئێس پی ئێن، ٢٨ی ژووئەن، ٢٠١٨. (https://www.espn.com/soccer/fifa-world-cup/story/3548973/irans-sardar-azmoun-announces-international-retirement-after-world-cup-abuse)

ئەتنیکی بن.[1] لەو سیستەمە سیاسییانە کە لە وێدا سیاسەتی پێوەندیدار بە ئەتنیکەکانەوە نایاسایییە، پرسە ژینگەیییەکان زۆر جار بابەتێکی بێ زەرەن کە لە لایەن ڕێژیمە نا دێموکراتیکەکانەوە ڕێگایان پێ دەدرێ. لە ئێران، ڕێژیم ڕێگا بە بەشێک لە ڕێکخراو و کلوبی ژینگەپارێز دەدا.

پرسە ژینگەیییەکان، پرسگەلێکن کە بە هاسانی دەتوانن جەماوەر بجووڵێنن، چونکە لایەنگرییەکی بەربڵاو بۆ ئەو پرسانە لە ناو تاقمە ئەتنیکییەکاندا هەیە کە ڕەنگبێ لەسەر پرسی دیکە کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکییەوە هەیە جیاوازیی بۆچوون هەبێ. ئەندامانی تاقمە کەمینە ئەتنیکییەکان زۆر جار پێیان وایە کە ناوچەی ئەوان لەبەر سیاسەتی هەڵاواردنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، تووشی زەرەری زۆرتر بووە. هەر وەها پەروەردەی ژینگەیی دەتوانێ بۆ برەودان بە هەستی ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی کەڵکی لێ وەرگیرێت. خۆشەویستیی وڵات و دوژمنایەتیی دەسەڵاتداری دەرەکی، کە وەک بەرپرسی زیانی ژینگەیی سەیر دەکرێ، بە هاسانی خەڵک لێک کۆ دەکاتەوە.

ئالنگارییە ژینگەیییەکانی ئێران هەر دێت و دژوارتر دەبن، بە کەمایەسیی بەرچاوی ئاو لە زۆر ناوچەی وڵات، گەردەلوولی پەیتا پەیتای تۆز و خوێ و پیس بوونی ژینگە کە هەڕەشە لە تەندروستی دەکەن. ترسناکترین هەڕەشەکان، بە تایبەتی کەمیی ئاو، بە تایبەتی پارێزگاکانی کەمینە ئەتنیکییەکانی گرتۆتەوە.

---

١. لە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەت، جووڵانەوەکانی ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی زۆر جار کەمپەینی ژینگە پارێزییان بەڕێوە دەبرد. بۆ وێنە بڕوانە: جەین ئای داسۆن، «سیاسەتی ژینگەیی، بەرگی ۴، ۳ی نۆڤامبر، ژمارە ۳، پاییزی ۱۹۹۵، لاپەرەکانی ۴۴۳-۴۴۴. (https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/09644019508414215)؛ مارشال II ئای. گۆڵدمەن، «ژینگەپارێزیی و ڕاپەڕینی ئەتنیکی،» Boston College Environmental Affairs Law Review، بەرگی ۱۹، ژمارە ۳، ۱۹۹۲، لاپەرەکانی ۵۱۱-۵۱۳. (https://lawdigitalcommons.bc.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1459&context=ealr)؛ دانکەن فیشەر، «سەرهەڵدانی جووڵانەوەی ژینگەپارێزی لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا و دەوری ئەو لە شۆڕشەکانی ۱۹۸۹،» چالاکیی ژینگەپارێزی لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا: بەرپەرچدانەوەی کێشە، سەر نووسەر باربارا جانکار-وێبستر (ئارمۆنک، نیویۆرک: م. ئی. شارپ، ۱۹۹۳). لە نموونەیەکی نارەزایەتی ئەتنۆ-ناسیۆنالیستی، ئازەربایجانییان لە ۱۹۸۸ دژی دروستکرانی بینای کۆمپانیایەکی فافۆن کە بنکەکەی لە ئەرمەنستان بوو، لە دارستانی تۆپخانە، لە ناوچەی قەرەباغی ئازەربایجان. بڕوانە برێندا شافەر، سنوور و برایەتی: ئێران و ئالنگاریی شوناسی ئازەربایجانی (کەمبریج، ماساچوسێت: ئێم ئای تی پرێس، ۲۰۰۲)، لاپەڕەی ۱۲۸.

ئالنگارییە ژینگەیییەکان بە ئاشکرا ئاوێتەی سکاڵاکانی کەمینەکان بوون و هەر دێت و زۆرتر پەرە دەستێنن و ئەوانە دەبنە هۆی زیاتر بوونی ناڕەزایەتیی تاقمە ئەتنیکییەکان.

## ئەهواز

دانیشتووانی خووزستان زەختی زیانە تەندروستی و ژینگەییەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێرانیان، کە لە خووزستان هەڵکەوتوون، کەوتۆتە سەر شان، بەڵام سوودێکی کەمیان لەو پیشەسازییە بەر دەکەوێ. ئەهوازییەکان زۆر جار دژی خراپ بوونی ژینگەی پارێزگای خووزستان و ئاسەوارەکەی بۆ سەر تەندروستیی جەماوەر ناڕەزایەتی دەردەبڕن. ڕێژیم کە بە پێوەندی نێوان چالاکییە ژینگەیییەکان و چالاکییە سیاسییەکانی ئەتنیکەکان دەزانێ، گەلێک چالاکی ژینگەپارێزی عەرەبی دەسبەسەر کردووە.[1]

یەکێک لە ئالنگارییە سەرکییەکانی خووزستان، کەمیی ئاو بۆ کشتوکاڵ و خواردنەوەی بێ زەرەرە. ڕێژەیەکی زۆر لە ئەهوازییەکانی خووزستان دەڵێن ڕێژیم بە ئانقەست کەمیی ئاو دروست دەکا تا وەرزێڕان ناچار بکا زەوییەکانیان جێهێڵن، تا بەو شێوەیە ڕێژەی عەرەبان کەم بکاتەوە. تەنانەت کاربەدەستانی ژینگەییی ئێران، ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی بەڕێوەبەریی ئاو لە ناوچە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە گرتووە.[2] لە ئۆکتۆبری ٢٠١٣، هەزاران ئەهوازی زنجیرەیەکی مرۆڤیی ٥ کیلۆمیترییان لە ئەهواز لە کەناری ڕووباری کارون دروست کرد تا

١. بۆ وێنە بڕوانە: «وەزارەتی هەواڵگریی بە توندوتیژیی چالاکێکی هەرزەکاری عەرەب لە خوزستان دەسبەسەر دەکا،» ناوەندی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، ١٥ی فێورییە، ٢٠١٧. (https://www.iranhumanrights.org/2017/02/intelligence-ministry-violently-arrests-teenage-ethnic-arab-activist-in-khuzestan)

٢. مەعسومە ئیبتیکار، بەڕێوەبەری ئاژانسی ژینگەپارێزیی ئێران، دژی ئەو دابەش کردنە وەدەنگ هات. ئەو گوتی دژی ویشک کردنی ئەو ڕووبارە ژینەکییە و بێبەش کردنی دانیشتووان لە ئاوی خواردنەوەیە. بڕوانە: «ئێران: دانیشتووانی ئەهواز دژی بە لارێدا بردنی کاروون نارەزایەتی دەردەبرن،» ئەلعەرەبییە (ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی)، ٢٦ی ئۆکتۆبر، ٢٠١٣. (https://english.alarabiya.net/en/News/middle-east/2013/10/26/Iran-Ahwaz-residents-protest-against-Karun-River-diversion)

دژی هەڵبڕانی ڕووبارەکە نارەزایەتی دەربڕن.[١] هەروەها ئەهوازیی پەیتا پەیتا دژی لەناوچوونی زۆنگاوەکانی خووزستان، کە بە بڕوای ئەوان ئاکامی سیاسەتەکانی تارانە، نارەزایەتی دەردەبڕن.

## چالاکییە سەوزەکانی کورد

کوردانی ئێران ڕێکخراوی چالاکی ژینگەپارێزیان هەیە کە بە گوێرەی نوێنەرانی کورد لە خۆرئاوا، هەوڵ بۆ بەرز کردنەوەی هەستی ئەتنیکی بە «چالاکیی سەوز» دەدەن.[٢] ڕێکخراوەکە چالاکیی پیاسە لەناو ژینگە و چالاکیی خەڵکی لاو ڕێک دەخەن تا پارێزگاری لە سروشتی کوردستان بکەن. خەڵکی خۆ جێیی هەر وەها بۆ ئاگر کووژاندنەوە و پارێزگاری لە دارستانەکان و زیندەوەرە کێوییەکان ڕیکخستن دروست دەکەن.

## کەمپەینی ئازەربایجانیی گۆلی ورمێ[٣]

گۆلی ورمێ یەکێک لە مەزنترین گۆلەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و سێهەمین گۆلی سوێری دنیایە. گۆلەکە لە نێوان پارێزگاکانی ئازەربایجانی خۆرهەڵارت و ئازەربایجانی خۆرئاوای ئێران هەڵکەوتووە. لە ئاگوست تا سێپتامبری ٢٠١١، هەزاران خۆپیشاندەر هاتنە سەر شەقامەکانی ورمێ و تەورێز بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دژی نەبوونی هەوڵی دەوڵەت بۆ ڕزگار کردنی گۆلی ورمێ.[٤] چالاکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە هەڵبەستنی بەنداو و پردی سەر ئاو بوونە هۆی کەم بوونەوەی گۆلەکە. خۆپیشاندەران گاڵتەیان بە شکستی پارلمانی ئێران بۆ تەرخان کردنی سامان بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئەو کەمبوونەوەیە کرد. لە جیاتان، پارلمان

١. هەمان سەرچاوە
٢. وتووێژی نووسەری ئەو بابەتە دەگەڵ ڕەحیم ڕەشیدی، سێپتامبری ٢٠٢٠
٣. ورمێ چەند شێوە نووسینی هەن، ئورمیە، ئورمییە و ئۆرمیە
٤. گۆلی ورمێی لە حاڵی مەردندا و کاریگەرییە ژینگەییەکانی،» UNEP خزمەتگوزاریی هۆشداریی ژینگەیی جیهانی، فێورییەی ٢٠١٢. (http://www.unep.org/pdf/GEAS_Feb2012.pdf)

پێشنیاری کرد دانیشتووانی دەوری گۆلی ورمێ لە شوێنی دیکە نیشتەجێ بکرێن، چونکە هەلومەرجی داهاتوو وەک گەردەلوولی خوێ دەبێتە هۆی نەبوونی بواری ژیان. بەشێکی زۆر لە نارەزایەتییەکان بەریەک کەوتنی تووندوتیژانە دەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی ئێرانی لێ کەوتەوە، کە زیاتر لە ٣٠ کەس دەسبەسەر کران. لە خۆپیشاندانێک، خۆپیشاندەرەکان ئاڵای کۆماری ئازەربایجانیان بەرز کردەوە. هەر وەها لایەنگرانی یانەی تۆپی پێی تەورێز، تراکتۆری ئازەربایجان، پرسی گۆلی ورمێیان هێنایە گۆڕێ و سیاسەتەکانی دەوڵەتیان بە تاوانباری کەمبوونەوەی گۆلەکە زانی.[1]

لە کاتێکدا کە داوا فەرمییەکانی خۆپیشاندەرانی ٢٠١١ سروشتی ژینگە پارێزییان هەبوو، چرپی خەباتەکە و دژکردەوەی بەهێزی ڕێژیمی مەلایان دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە نارەزایەتییەکانی گۆلی ورمێ بەشێک لە قەیرانە دژوار و پەرە ئەستێنەکانی ئەتنیکیی ئێران بوون.

## میلیشیا و ڕێکخراوە بە زەبر و زەنگەکانی ئەتنیکەکان

ئەگەرچی یاسای بنەڕەتی بە فەرمی هەڵاواردنی دژی موسڵمانانی تاقمە ئەتنیکییە جیاوازەکان تێدا نییە، کۆماری ئیسلامی، هەژمۆنی زمان و ئەتنیکی فارسی پاراستووە. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاکانی شۆڕشەوە کەڵکی لە هێز وەرگرتووە تا چەند تاقمی ئەتنیکی سەرکوت بکا.[2] دەگەڵ پتەو کردنی دەسەڵاتی خۆی، لە کۆتاییەکانی ١٩٧٩ و سەرەتاکانی ١٩٨٠، کۆماری ئیسلامی دەگەڵ شەڕ و سەرهەڵدانی تەواو عەیار لە پارێزگاکانی ئازەربایجان و کوردستان کە لە شارەکانی تەورێز و مهاباد چڕ ببونەوە، بەرەورووو بۆوە. ئەندامانی ئاڵقەی نزیک لە خومەینی

١. «چالاکانی ئازەری لە نارەزایەتییە ژینگەییەکانی ئێران دەسبەسەر کران،» رادیۆ ئەورووپای ئازاد\رادیۆ ئازادی، ٢٦ی ئاگوست، ٢٠١١. (https://www.rferl.org/a/azeri_activists_detained_in_iran/24309313.html)

٢. گونەی ئازەربایجان، «ئین بی سی – خەڵکی تورک دژی خومەینی نارەزایەتی دەردەبڕن، ١٩٨٠، تەورێز، ئازەربایجانی ئێران،» یوتیوب، ٤ی ژووئەن، ٢٠١٨. (https://www.youtube.com/watch?v=IrciCoA7Gho&feature=youtu.be)

تاقمە کورد و ئازەربایجانییەکانیان بەو بەڵێنییە، کە ڕێژیمی تازە، ڕێگا بە مافە زمانییەکانی کەمینە ئەتنیکییەکان و ئاستێک لە خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی دەدا، فریو دا تا پشتیوانی لە شۆڕشی ئیسلامی بکەن. بەڵام، ماوەیەکی کورت دوای پتەو کردنی دەسەڵات لە لایەن ڕێژیمەوە، ئاشکرا بوو کە مەلاکان بەتەمای دانی خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی یان مافی خوێندن بە زمانی دایک نین. ئەوە یارمەتی کرد تا سەرهەڵدانێکی ئاشکرا لە لایەن ئازەربایجانییەکان و کوردەکانەوە دەست پێ بکا.[١] ڕێژیمی تازە، کەڵکی لە هێزی کوشندە، ئیعدام و دەسبەسەر کردنی بەکۆمەڵ وەرگرت تا ناڕەزایەتییەکان سەرکوت بکا.

لە ٢٠١٧ بەولاوە، چالاکییەکانی دژی ڕێژیم لە لایەن چەند تاقمی ئەتنیکییەوە چوونە ناو قۆناغێکی نوێوە. دوبارە بوونەوە و چڕیی هێرشە توندوتیژییەکان بۆ سەر سپای ئێران، سپای پاسداران و ئامانجە دەوڵەتییەکانی دیکە زیادی کردووە. زۆربەی هێرشەکان لەو ناوچانە دەقەومێن کە تاقمە [ئەتنیکییەکان] زۆرینەن: سیستان و بەلووچستان، خووزستان، کوردستان، کرماشان و بەشی باشووری ئازەربایجانی خۆرئاوا. تاقمە بەلووچ، کورد و عەرەبەکان زۆر جار هێرش دەکەنە سەر هێزە ئێرانییەکانی سەر سنوورەکانی وڵات. بۆ وێنە، لە ئۆکتۆبری ٢٠١٨، تاقمێکی بەلووچ ١٢ ئەندامی سپای پاسداران و کارمەندی ئەمنییەتییان لە پارێزگای سیستان ـ بەلووچستانی ئێران ڕفاند،[٢] کە هاوسنووری پاکستانە. چەکدارانی کورد بەردەوام هێرش دەکەنە سەر سەربازانی ئێرانی و ئەندامانی سپای پاسداران لەو پارێزگایانە کە کوردی زۆرن، زۆر جار بە یارمەتی کوردانی وڵاتانی دراوسێ، وەک عێراق. لە ئاکامدا، تارانیش هێرش دەکاتە سەر ئامانجە

١. بۆ وردەکارییەکانی سەرهەڵدانی ئازەربایجان، بڕوانە: برێندا شافەر، سنوور و برایەتی: ئێران و ئالنگاریی شوناسی ئازەربایجانی (کەمبریج، ماساچوسێت: ئێم ئای تی پرێس، ٢٠٠٢)، لاپەڕەکانی ١٠١-٩٥. بۆ سەرهەڵدانی کوردان، بڕوانە: دەیوید مەکدۆواڵ، مێژووی مودێرنی کوردان (لەندەن: ئای بی تاوریس، ١٩٩٧)، لاپەڕەکانی ٢٧٢-٢٧٠.
٢. «کارمەندە ئەمنییەتییەکانی ئێران لە کاتی بە بارمتەگیران بەرەو پاکستان، بێهۆش بوون ـ بەرپرسی پاسداران،» ڕۆیتەرز، ١٧ی ئۆکتۆبر، ٢٠١٨. (https://www.reuters.com/article/us-iran-security-kidnapping/iranian-security-staff-unconscious-when-kidnapped-to-pakistan-guards-chief-idUSKCN1MR1Q7)

کوردییەکان لە عێراق. جگە لەوە، کاربەدەستانی ئێران و تورکیە بە ئاشکرا ددانیان بە هێرشی چەکداریی کوردان و هاوکارییان دژی ئەوان داناوە، لە ناویاندا بە هێرشی هاوئاهەنگ دژی ئامانجە کوردییەکان.[١]

ئەهوازییش هێرشی بوێرانەیان کردووە سەر هێزەکانی سپای ئێران و سپای پاسداران. یەکێک لە ئازایانەترین هێرشەکان لەو ساڵانەی دواییدا لە ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ ڕوویدا. بکەرانی عەرەب هێرشیان کردە سەر ڕیزگرییەکی سەربازیی لە شاری ئەهواز و زیاتر لە ٣٠ ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی ئێران و هەروەها بەشدارانیان کوشت. دوای هێرشەکە، ڕێژیم پتر لە ٣٠ ئەهوازیی لە سێدارە دا و زیاتر لە سەدان کەسی لە پارێزگای خووزستان دەسبەسەر کرد.[٢]

تاران چالاکییە توندوتیژییەکانی بەلووچ، کورد و عەرەبان وەک توندئاژۆیی سوننی دەنوێنێ، چونکە ڕێژەیەکی بەرچاو لە عەرەبی ئەهوازی، کورد و بەلووچی ئێران سوننین. تاران زۆرجار دەڵێ ئەو تاقمانە هاوپەیمانی ئەلقاعیدە و داعشن و هەوڵ دەدا ڕێژیم وەک قوربانی بنوێنێ. ئەو هەوڵە وەک ئیددیعاکانی چین دەچێ کە دەڵێ چالاکییەکانی ئویغورەکانی دژی ڕێژیم پێوەندییان بە داعشەوە هەیە.[٣] ڕاپۆرتەکانی هەواڵنێرانی خۆرئاوایی لەو چالاکییە توندوتیژییانە زۆر جار لە لێکۆڵینەوە لە هاندەرەکانی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداوانە ناسەرکەوتوون و تەنیا زایەڵەی ئیددیعا هەڵەکانی ڕێژیمن کە دەڵێ ئەو هێرشانە پێوەندییان بە جووڵانەوە ناونەتەوەییە سوننییە توندئاژۆکانەوە هەیە.[٤] لە زۆربەی ئەو دۆخانەدا،

---

١. «تورکیە و ئێران بۆ هێرش بۆ سەر شۆڕشوانانی کورد یەک دەگرن،» ئاسۆشیەیتد پرێس، ٦ی ژووئەن، ٢٠٠٨. (https://www.nytimes.com/2008/06/06/world/europe/06kurdish.html)

٢. ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، «دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران،» ١٨ی جولای، ٢٠١٩. (https://digitallibrary.un.org/record/3823681?ln=en)

٣. بڕوانە بۆ وێنە: «بنئاژۆخوازانی ئۆیغور کە تێکەڵی داعش دەبن دەبنە هۆی سەرهێشەی ئەمنییەتی و ئابووری بۆ چین، شی جینپینگ،» تایم، ٢١ی جولای، ٢٠١٦ (https://time.com/4416585/isis-islamic-state-china-xinjiang-uighur-xi-jinping)

٤. بڕوانە بۆ وێنە: «ئێران دەڵێ هێرشکەرانی سەر تاران لەناوخۆی وڵاتەوە بە ئەندام گیرابوون،» نیویۆرک تایمز، ٨٧ ژووئەن، ٢٠١٧. (https://www.nytimes.com/2017/06/08/world/middleeast/iran-tehran-attack.html)

هاندەری چالاکییەکان فاکتەری ئەتنیکین، نەوەک چالاکیی ناونەتەوەیی سوننی. بە پێچەوانەی بەلووچ، عەرەب و کوردی ئێران، ئازەربایجانییەکانی ئێران هێرشی توندوتیژانە ناکەن. ئازەربایجانییەکانی ئێران بڕیاریان داوە کە ئاجێندای ناسیۆنالیزمی ئەتنیکیی ئەوان ناتوندوتیژانە بێ. ئەو ستراتیژییە ناتوندوتیژانەیە لە پاییزی ٢٠٢٠، تاقی کراوە، کاتێک هێندێک چالاک پێشنیاریان کرد ڕێگای نزیک سنووری ئێران-ئەرمەنستان بگرن تا لە کاتی شەڕ دەگەڵ کۆماری ئازەربایجان، پێش بە هەناردە کردنی کەلوپەل بۆ ئەرمەنستان بگرن. بەڵام، ڕێبەرانی جووڵانەوەکە بڕیاریان دا درێژەدان بە هەڵوێستی ناتوندوتیژانەکەی خۆیان بۆ سەرکەوتنی درێژخایەنی جووڵانەوەکەیان گرینگترە.[١]

## هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی ئاسایی لە هەمبەر مافەکانی کەمینە ئەتنیکییەکان

زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی ئاسایی ئێرانی دەیانهەوێ سنوورە هەنووکەییەکان، هەژمۆنی فارس دەگەڵ باڵادەستیی بێ ئەملاوئەولای زمانی فارسی لەناو وڵاتدا بپارێزن. ڕێژیم وەستایانە کەڵک لەو ڕاستییە بە قازانجی خۆی وەردەگرێ و پەرە بەو ترسە لەناو ئەو تاقمە ئۆپۆزیسیۆنانەدا دەدا کە گۆڕینی ڕێژیم هەڕەشە لە یەکگرتوویی خاکی ئێران دەکا. بە واتایەکی گشتی، ئۆپۆزیسیۆن، پێشبینیی ئێرانێکی دێموکراتیک دەکا کە بتوانێ یەکسانیی جێندەری و ئازادیی ئایینی دەستەبەر بکا بەڵام بێ مافە کولتووری و زمانییەکانی نیوەی حەشیمەتەکەی. ئێران بەرەوڕووی گرێ کوێرەیەک بۆتەوە: لە وڵاتێکی فرە ئەتنیکی کە لەوێدا تاقمێک کە زۆرینە نییە، (فارسەکان)، دەسەڵاتی بەسەر ئەوانی دیکەوە هەیە، دێموکراتیزە کردنی ئێران لە داهاتوودا، ئەو مەترسییەی هەیە کە دەسەڵات بەسەر ئەو ناوچانەی کە بەشێک لە کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران لێی دەژین لە

---

١. تەلەفزیۆنی گوناز، «ڕێژیمی ئێران لەپشت دەوڵەتی داگیرکەری ئەرمەنستانەوەیە،» یوتیوب، ٣٠ سێپتامبر، ٢٠٢٠. (https://www.youtube.com/watch?v=je1yjUGsQ9s)

کیس بچێ.[١]

زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران حیساب لەسەر پشتیوانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێموکراتیک و سێکولار، لە ئەگەری هەرەس هێنانی ڕێژیم، دەکەن. بەڵام، ئەو حیزبانە دەیانهەوێ ئێران لە جیات ئەوە کە ببێتە فێدراڵ یان کۆنفێدراڵ، وەک وڵاتێکی یەکپارچە بە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندییەوە بمێنێتەوە. بەشێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن نیگەرانییان دەربڕیوە کە لەگەڵ گواستنەوە بەرەو دێموکڕاسی، دەوڵەتێکی ناوەندیی لاواز هەل بۆ کەمینەکان بڕەخسێنێ کە خۆبەڕێوەبەریی وەدەست بێنن و جیا ببنەوە. لەبەر ئەو هۆیە، بەشێک لە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، دەسەڵاتێکی سەربازی یان کەسێکی خاوەن دەسەڵاتیان پێ باشترە تا کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر پارێزگاکانی ئێرانەوە هەبێ.

بەرنامە سیاسییەکانی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران جەخت لەسەر مافە تاکییەکان، وەک ئازادیی ئایین و ڕادەربڕین دەکەنەوە، بەڵام ڕێژەیەکی کەم باسی ئازادیی کۆمەڵایەتی بۆ تاقمەکانی ئێران، جگە لە مافەکانی پێوەندیدار بە کار، دەکەن. چالاکێکی پێشووی جووڵانەوەی سەوز گوتی: «شتێک بە ناوی مافی ئەتنیکی بوونی نییە. تەنیا مافەکانی شارۆمەندیی گەردوونی لە داهاتووی ئێرانی دێموکڕاتیکدا دەبێ. ئێمە هەموومان بەیەکەوە لەو پاپۆڕە داین. یان دێموکراسی دەبێ و ئێمە هەموو لە ژێر سیستەمێکی ئەوتۆدا گەشە دەکەین، یان هیچ کەس ناتوانێ بگاتە خۆشبژیویی و ئازادی.»[٢]

زۆربەی کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەیانهەوێ فارسی تاکە زمانی نەتەوەیی بمێنێتەوە و پشتگیری لە دەوڵەتێکی خاوەن سیاسەتی فرە کولتووری یان فرە

١. بۆ بابەتێکی بەربڵاوتر لەسەر گرێکوێرەی دێموکراسی ئەتنیکیی ئێران، بڕوانە: بریندا شافەر، «کۆمەڵگای فرە ئەتنیکی ئێران شیکەرەوەی هۆی ترسی تاران لە دێموکراسییە،» نەیشنال ئینتێرێست، ٣١ی ئاگوست، ٢٠٢٠.
(https://nationalinterest.org/feature/irans-multiethnic-society-explains-why-tehran-fears-democracy-168128)

٢. وتوویژ دەگەڵ ئەحمەد هاشمی، دێسامبری ٢٠٢٠.

زمانی ناکەن. بەشێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن پشتیوانی لە مافی فێر کردنی زمانەکانی ئەتنیکەکان لە خوێندنگای ئامادەیی دەکەن، وەک زمانێکی بیانی یان وێژەی بیانی یان پۆلی کولتووریی، بەڵام هەموویان دەیانهەوێ فارسی وەک زمانی سەرەکی بۆ فێر کردن بمێنێتەوە. زۆربەی جووڵانەوەکان دژی فێر کردنی زمانەکانی کەمینەکان دەگەڵ فارسین. بەجۆشترین دژبەرانی دەستەبەرکردنی مافە زمانی و کولتوورییەکانی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران، ڕێکخراوەکانی لایەنگری پاشایەتین. زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە تەنانەت ددان بەوەدا نانێن کە ئێران فرە ئەتنیکە، و ئیددیعا دەکەن شوناسی ئێرانی لە سەرووی نەتەوەیە و سەرجەم حەشیمەتی ئێران دەگرێتەوە.

ڕێکخراوە سیاسییە چەپییەکان کەمتر دژی سنووردار کردنی مافە زمانییەکانی کەمینەکانن، تا ئەو جێیە کە یەکپارچەییی وڵات نەخەنە مەترسییەوە. ئیسماعیل نووری عەلا، ڕێبەری جووڵانەوەی سێکولار دێموکراسیی ئێران (مەهستان)، گوتی کە حیزبەکەی بڕوای بە فێرکردنی خوێندکاران بە زمانی خوێندکاران پەسەند دەکا و تاکەکان دەبێ بتوانن قوتابخانەی کەرتی تایبەت دروست بکەن و فێر کردن بە زمانی دایکی خۆیان بەڕێوە بەرن. حیزبی یاسای بنەڕەتیی ئێران کە بنکە سەرەکییەکەی لە کالیفۆرنیایە گوتی فارسی زمانی فەرمی دەمێنێتەوە بەڵام پشتگیری لە فێر کردن بە زمانی دایک بۆ منداڵانی نافارس دەکا.

شووڕای گواستنەوەی ئێران تەنیا ڕێکخراوێکە کە باسی لە ئەگەری سیستەمێکی فیدراڵ لەسەر بنەمای ئەتنیکی لە داهاتوودا و گرینگیی فێر کردن و پەروەردە بە زمانی دایکی کردووە.

نەبوونی پشتیوانی لەناو زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئاساییی فارس لە ئێران بۆ دەستەبەر کردنی مافە کولتوورییەکانی کەمینە ئەنتیکییەکانی ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی وڵات لێک دادەبڕێ و پێش بە هاوکاری دەگەڵ هێزەکانی دژی ڕێژیم لەناو تاقمەکانی کەمینە ئەتینکییەکان دەگرێ.

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران: فاکتەری ئەتنیکیی ناوخۆیی

پێکهاتەی ئەتنیکیی ناوخۆی ئێران کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەگەڵ نزیکەی سەرجەم وڵاتانی هاوسنووری هەبووە، چونکە سەرجەم کەمینە ئەتنیکییە مەزنەکانی ئێران پێوەندیی هاوبەشیان دەگەڵ تاقمی [هاو زمانی] جیران لە تورکیە، عێراق، ئازەربایجان، تورکمەنستان، پاکستان و ئەفغانستانی دراوسێ هەیە.

ئێران و زۆربەی دراوسێکانی کەمینەکانی یەکتری وەک ئامرازی سیاسەتی دەرەوە بەکار دێنن. ئێران هەوڵی داوە کەمینەی تالشی ئازەربایجان[١] دژی دەوڵەتی ئازەربایجان هان بدا، بەرنامەی بۆ هاندانی جیاییخوازیی ئەوان داناوە. ئێران تەنانەت وێستگەیەکی ڕادیۆیی بە زمانی تالشی بەڕێوە دەبرد کە [بەرنامەکانی] ئاراستەی کەمینەی تالشی، کە بە شێوەی سەرەکی لە باشووری کۆماری ئازەربایجان دەژین، دەکرد. وێستگە ئێرانییەکە لە خاکی داگیرکراوی ئازەربایجان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنستاندایە بەڕێوە دەچوو و تاران هاوکاریی یەرەڤانی دەکرد تا سەقامگیریی ئازەربایجان بنکۆڵ بکا. هێندێک جار ئێران، عێراق و تورکیە پشتگیریی جووڵانەوەی کوردانیان کردووە کە لە وڵاتانی دراوسێ چالاکن، لەکاتێکدا کە هاوکات کوردەکانی خۆیانیان سەرکوت کردوون. ئیسلام ئابادیش هەر وەها پشتگیریی دەکا، یان لانیکەم، خۆ تێ هەڵناقوتێنێ کاتێک بەلووچەکانی پاکستان یارمەتیی جووڵانەوە و میلیشیاکانی بەلووچ دەکەن یان پەنایان دەدەن. بە پێچەوانەوە، ئیسلام ئابادورووژاندنی شیعەکانی پاکستان لە لایەن تارانەوە ئیدانە دەکا و ڕەنگبێ پشتیوانی لە بەلووچەکانی ئێران وەک ئامرازێکی چاوترسێن کردن دژی پێوەندیی تاران لەگەڵ شیعەکانی پاکستانی بەکار بێنێ.

لەو دواییانەدا، فاکتەری ئەتنیکی، کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ

---

١. کەمینەی تالش لە ئازەربایجان بە شێوەزارێک لە فارسی قسە دەکەن و تا ڕادەیەک موسڵمانی خاوەن بڕوان. ئێران هیوادار بووە ئەو تاقمە زۆرتر بۆ کارتێکەریی ئەو وڵاتە ئامادە بێ.

تورکیە هەبووە. تاران وتاری سەرۆک کۆمار ئەردۆغانی لە دێسامبری ٢٠٢٠، لە باکو لە کاتی جەژنی سەرکەوتنی ئازەربایجان بەسەر ئەرمەنستاندا، وەک هەوڵێک بۆ وروژاندنی حەشیمەتی تورکی ئازەربایجانی ئێران دژی دەسەڵاتی تاران سەیر کرد.[١] لە کاتی وتارداندا، ئەردۆغان شێعری «لاچین»ی خوێندەوە، کە شێعرێکی بەناوبانگە لە ئازەربایجان و تورکیە کە باس لە ڕووباری ئاراز دەکا، کە لە سنووری ئێران-ئازەربایجانە، کە دوو بەشی نەتەوەی ئازەربایجان لێک جیا دەکاتەوە.[٢] کاربەدەستە پلە بەرزەکانی ئێرانی، لە ناویاندا وەزیری کاروباری دەرەوە جەواد زەریف، بە توندی سەرۆک کۆمار ئەردۆغانیان ئیدانە کرد.

لە پێش و هەر وەها لە دوای وتارەکە، مێدیای تورکی ئاستی باسکردن لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ دژی کەمینەی ئازەربایجانیی ئێرانیان بەرز کردەوە. لە کاتێکدا کە پێوەندییەکانی نێوان ئانکارا و تاران ئاسایی بوونەوە، تاران، تورکیە وەک وروژێنەری ئازەربایجانییەکانی ئێران سەیر دەکا و ئانکارا تێدەگا کە ئەو دەتوانێ ئەگەر پێویست بکا، کاریگەریی لەسەر خاڵی زەخت خستنەسەر ئێران هەبێ. ئازەربایجانییەکانی ئێران بە ژێستی شێعر خوێندنەوەی ئەردۆغان شاگەشکە بوون.[٣]

دوو ناوچەی سنووریی ئێران خاڵی پڕ ئاژاوەی ئەمنییەتین: سنوورەکان دەگەڵ عێراق، تورکیە و پاکستان. لە هەردوو ناوچە، تاقمی ئەتنیکیی لێ دەژین کە لە هەردوو لای سنوور هەڵکەوتوون، کوردەکان بە درێژایی سنووری ئێران لەگەڵ عێراق و تورکیە و بەلووچەکان لە سنووری پاکستان، بوونەتە هۆی کێشەی نێوان

---

١. «زەریف وەڵامی شێعری ‹هەڵەی› ئەردۆغان لە بارەی ئازەربایجانی ئێران دەداتەوە،» تاران تایمز (ئێران)، ١١ی دێسامبر، ٢٠٢٠. (https://www.tehrantimes.com/news/455619/Zarif-responds-to-Erdogan-s-wrong-poem-on-Iranian-Azerbaijan)؛ هەر وشەیەک جێگای خۆی هەیە،» تاران تایمز (ئێران)، ١٣ی دێسامبر، ٢٠٢٠. (https://www.tehrantimes.com/news/455697/Her-sözün-bir-yeri-var)

٢. «ئەردۆغان: ئازەربایجان یەکگرتوویی خاکی مسۆگەر کردووە،»راپۆرت.ئز (ئازەربایجان)، ١٠ی دێسامبر، ٢٠٢٠. (https://report.az/qarabag/erdogan-azerbaycan-erazi-butovluyunu-temin-edib)

٣. سەرنجی نووسەری ئەو بابەتە بە گوێرەی چالاکیی ناو سۆشیال مێدیای ئازەربایجانی لە ئێران کە باسی ئەو ڕووداوەیان کردووە.

وڵاتان. ناکۆکیی ناوخۆییی تاران دەگەڵ کەمینەکانی کورد و بەلووچ، هێندێک جار سەرڕێژ دەکا بۆ ئەو دیوی سنوورەکانی ئێران، کە جاری وا هەیە کە پێویست بە هاوئاهەنگی لەگەڵ جیرانەکانی بکا. ئەو هێرەشانەی ئەو دوو تاقمە بەرێوەیان دەبەن، زۆر جار دەبنە هۆی وەرگرتنی یارمەتی لە لایەن هاوئەتنیکەکانیان لە وڵاتی دیکە. هێندێک جار، ئەو هێرشانە تەنانەت پشتگیریی ڕاستەوخۆی دەوڵەتانی دراوسێی لە پشتە. بۆ پێشگرتن بە هەڕەشەی بەلووچان، ئێران لە ٢٠١١ دیوارێکی لەسەر سنووری خۆی دەگەڵ پاکستان دروست کرد تا بتوانێ پێش بە دزە کردنەکان بگرێ و پێش بە هاوکاریی هاوئەتنیکەکان بۆ بەلووچەکانی ئێران بگرێ. هەر وەها پاکستان لە مارسی ٢٠١٩ دەستی بە دروست کردنی پەرژین لە دیوی سنووری خۆی کرد. لە ٢٠٢٠، تورکیە دیوارێکی هەڵچنی تا هێرشی کوردانی ئێران پووچەڵ بکاتەوە و پێش بە هاوکاریی ڕاستەوخۆ لە نێوان کوردانی تورکیە و ئێران بگرێ.

مێدیای فەرمیی ئێران بەردەوام ئیددیعا دەکەن کە تاقمی تێرۆریستی بە سنووری پاکستان، ئەفغانستان و عێراقدا هاتوونە ناو وڵات بۆ هێرش کردن، ئەوە ئاشکرای دەکا کە تاران پێوەندیی نێوان کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران و هاو ئەتنیکەکانیان لە وڵاتانی دراوسێ وەک هەڕەشەیەک سەیر دەکا.[١] ڕاگەیەنە ئێرانییەکان و نوێنەرانی دەوڵەت بە ئاشکرا ئاسایشی سنوورەکانی ئێران بە ئاکاری دراوسێیان پەیوەند دەدەنەوە. بۆ وێنە، لە نۆڤامبری ٢٠٢٠، ئیران دەیلی ڕایگەیاند، «تاران بەردەوام ئامۆژگاریی جیرانەکانی کردووە کە ئاسایشی سنووورە هاوبەشەکان بە مەبەستی پێشگرتن بە هێرشی تێرۆریستی بۆ سەر هێزەکانی ئێران، بەهێزتر بکەن.»[٢] چالاکیی ئەو تاقمە ئەتنیکییە هاوبەشانە، پرسێکی جێگای نیگەرانی لە

١. بۆ وێنە، بڕوانە: «سێ پارێزەری سنوور لە تێکهەڵچوون دەگەڵ تێرۆریستان لە باکووری خۆرئاوای ئێران کوژران،» پرێس تیڤی (ئێران)، ٢٩ی مای، ٢٠٢٠. (https://www.presstv.com/Detail/2020/5/29/626335/Three-border-guards-killed-in-clashes-with-gunmen-in-NW-Iran)

٢.«سێ پارێزەری سنوور لە تێکهەڵچوون دەگەڵ تێرۆریستان لە باکووری خۆرئاوای ئێران کوژران،» ئیران دەیلی (ئێران)، ١٤ی نۆڤامبر، ٢٠٢٠. (http://www.irandaily.ir/News/276766.html)

پێوەندیی ئێران لەگەڵ پێوەندییە دوولایەنەکان لەگەڵ نیوەی دراوسێکانیەتی: پاکستان، ئەفغانستان، عێراق، تورکیە و ئازەربایجان.
دراوسێکانی باکووری ئێران، ئازەربایجان و ئەرمەنستان، لە دوای سەربەخۆیی پاش سەردەمی سۆڤیەت لە ١٩٩١، لەگەڵ یەکتر لە شەڕدا بوون. پارێزگاکانی ئێران کە هاوسنووری ئەو وڵاتانەن زۆربەیان لە ئەتنیکی ئازەربایجانین. لە سەرەتای کێشەی ئەرمەنستان-ئازەربایجان، نیگەرانییەکانی ئەمنییەتی ناوخۆیی پێوەندیدار بە کەمینەی ئازەربایجانییەکانی ئێران هاندەری سیاسەتەکانی تاران بەرانبەر بەو جووتە وڵاتە بوو.

## بابەتی لێکۆڵینەوە: پێوەندییەکانی ئێـــران دەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و سیاسەت بەرانبەر بە کێشەی ئەرمەنستان ـ ئازەربایجان

لەکاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران بە فەرمی ڕایگەیاندووە کە سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بنەمای هاوپشتیی ئیسلامی دامەزراوە، تاران تەقریبەن هەموو کاتێک نیگەرانییە پراگماتیستییەکانی وەپێش برایەتیی ئیسلامی خستووە.[١] لە کاتی شەڕ لە نێوان ئەو دوو دراوسێ باکوورییەی ئێران، بەریەک کەوتنی هەڵسەنگاندنی ئایدیۆلۆژیک و پراگماتیستی گومانیان تێدا نەبوون: ئەرمەنستانی کریستیان، ئازەربایجانی شیعەی داگیر کردبوو، نزیکەی ٢٠ لە سەدی ڕووبەری ئەوێی داگیر کردبوو و نزیکەی یەک میلیۆن شیعەی ئازەربایجانی کردبوونە پەنابەر. تاران هیوادار بوو کە وێرانی و هەژاری کە ئاکامی شەڕ و داگیرکردنی ئازەربایجان، لە سەرەتاکانی کێشەکە بوون، بکەونە خزمەت ئامانجەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ پێشگرتن بە پەرەسەندنی هاوهەستی لە نێوان کەمینەی ئازەربایجان و کۆماری تازە دامەزراوی ئازەربایجان. وەک بەشێک لەو سیاسەتە، تاران لە کاتی شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان، پشتگیریی لە ئەرمەنستان کرد و درێژەی بە پێوەندیی نزیک دەگەڵ

١. بۆ زانیاریی زۆرتر لە سەر ئەو بابەتە، بڕوانە: برێندا شافەر، «کۆماری ئیسلامیی ئێران: بەڕاستی وایە؟» سنووری کولتوور: ئیسلام و سیاسەتی دەرەوە، سەر نووسەر برێندا شافەر _کەمبریج، ماساچوسێت: ئێم ئای تی پرێس، ٢٠٠٦)

ئەرمەنستان داوە.

لە سەرەتاکانی سەربەخۆییی ئازەربایجان دوای سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەت، هەڵسەنگاندنە ناوخۆییەکان، بڕیاردەری سیاسەتەکانی ئێران بەرانبەر باکۆ بوون، نەوەک شوناسی هەوبەشی شیعەبوون. تاران تایم ماوەیەکی کورت دوای هەرەسهێنانی سۆڤیەت نووسی:

*یەکەم بابەتی جێگای نیگەرانی لە ڕوانگەی تارانەوە، نەبوونی سەقامگیریی سیاسی لە کۆمارە تازە سەربەخۆ بووەکانە. دۆخە ناسەقامگیرەکان لەو کۆمارانەدا دەتوانن ببنە هۆی نەبوونی ئاسایش بە درێژایی سنوورە دوور و درێژە (پتر لە ٢٠٠٠ کیلۆ میتر) هاوبەشەکانی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانە. هەر ئێستا دەستی دەرەکی هەست پێ دەکرێ کە لەو کۆمارانەدا کەوتوونە کار، بەتایبەتی لە کۆمارەکانی ئازەربایجان و تورکمەنستان، کە ئامانجی کۆتاییان پەرە پێدانی ناڕەزایەتی لە ناو ئازەربایجانی و تورکمەنەکانی ئێران بە هۆی هەستی ئەتنیکی و ناسیۆنالیستییەوەیە.*[1]

مەحمود واعێزی، کە جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران لە سەرەتاکانی ١٩٩٠ بوو و ئێستا بەرپرسی نووسینگەی سەرۆک کۆمار ڕۆحانییە، ددانی بەوە دانا کە لە کاتی سەرەتاکانی شەڕ، نیگەرانییەکانی ئاسایشی ناوخۆیی بڕیاردەری هەڵوێستی ئێران بەرانبەر بە کێشەی ئەرمەنستان-ئازەربایجان بوو:

*ئێران دراوسێیی دۆخی کێشەکە بوو. قەرەباغ تەنیا ٤٠ کیلۆمیتر*

١. «شکستی گۆرباچۆف، و نیگەرانییە تازەکان لە تاران،» تاران تایمز (ئێران)، ٣٠ دێسامبر، ١٩٩١، لاپەڕەی ٢. (لە ماڵپەڕی خزمەتگوزاریی زانیاریی بڵاوکراوەکانی بیانی دەستم بەو زانیارییە ڕاگەیشتووە)

*دوور لە سنوورەکانی هەڵکەتووە. لەو کاتیدا، ئەو ئەگەرە باس کرا کە بازنەی کێشەکە لەوانەیە بەربڵاوتر بێتەوە ... بۆ دەرەوەی ... قەرەباغ. چونکە ئەوکاتی هەڵوێستەکانی ئێران لە سەر بنەمای بۆچوونە ئەمنییەتییەکانەوە دامەزرابوون ... ئێران نەیدەتوانی بەرانبەر بە پێشوەچوونەکانی کە بە درێژایی سنوورەکانییەوە لەئارادا بوون، ئاڵوگۆڕەکانی ئاسایشی سنوورەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران، خەمسارد بێ.*[1]

دوای ماوەی سەرەتای شەڕ، ئێران پێی باشتر بوو سنوورێکی دێفاکتۆی مەزنتر لەگەڵ ئەرمەنستان بپارێزێ.[2] لەمە زیاتر، واعێزی ڕایگەیاند کە ئێران بوونی سنوورێکی ئەوتۆی دەگەڵ ئەرمەنستان پێ باشترە (و دژایەتیی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان تورکیە و ئازەربایجان دەکا):

*ئێران دژایەتیی خۆی بەرانبەر بە ئاڵوگۆڕی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە ڕاگەیاند. ئەگەر ئەو پلانە بە شێوەیەک جێبەجێ کرابا، کاردانەوەی بەرینی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتیی لەسەر ناوچەکە دەبوو. لکاندنی نەخجەوان بە ئازەربایجانەوە لە گرینگیی شوێنی تاقانەی ئێران لە قەفقازی کەم دەکردەوە و پێوەندیی ئێرانی بە ئەرمەنستانەوە دەپچڕاند.*[3]

---

١. مەحمود واعیزی، «نێوبژیوانی لە ناکۆکی قەرەباغ،» ناوەندی توێژینەوەی ستراتێژیک، ژانوییەی ٢٠٠٨. (https://web.archive.org/web/20110722014529/http://www.csr.ir/departments.aspx?lng=en&abtid=07&depid=74&semid=989)؛ هەروەها بڕوانە: «بووچوونی کاربەدەستی ئێرانی لە بارەی چارەسەری کێشە،» ئینتەرفاکس (ڕوسیە)، ٢٥ی مارس، ١٩٩٢. (لەماڵپەڕی خزمەتگوزاریی زانیاریی بڵاوکراوەکانی بیانی دەستم بەو زانیارییە ڕاگەیشتووە)

٢. وتووێژی نووسەری ئەو بابەتە دەگەڵ کاربەدەستانی پێشووی ئەرمەنستان، زستانی ٢٠٠٠.

٣. مەحمود واعیزی، «نێوبژیوانی لە ناکۆکیی قەرەباغ،» ناوەندی توێژینەوەی ستراتێژیک، ژانوییەی ٢٠٠٨. (https://web.archive.org/web/20110722014529/http://www.csr.ir/departments.aspx?lng=en&abtid=07&depid=74&semid=989)؛

لاسەنگ بوونی سیاسەتی ئێران بەرەو ئەرمەنستان لەسەر ئەو پێشبینییە دامەزرابوو کە کۆمەڵگەی ئازەربایجانییانی ناوخۆی ئێران، چالاکانە دژی ئەو سیاسەتە ناوەستنەوە. بۆ ماوەی چەند ساڵ، گریمانەی تاران وەڕاست گەڕا. بەڵام، چەند فاکتەر لە کۆتاییەکانی ٢٠١٧ بەولاوە، بەربەرەکانی دژی هاوکاریی ئێران-ئەرمەنستان لە ناو کۆمەڵگەی ئازەربایجانییانی ئێران بەهێزتر بووە. بۆیە، هاوپەیمانیی ئێران لەگەڵ ئەرمەنستان لەوانەیە لە ناوخۆ گران تەواو بێ و پاراستنی دژوار بێ.[١]

لە کاتی شەڕی ٢٠٢٠، هەر وەک شەڕی یەکەمی ئەرمەنستان-ئازەربایجان لە ١٩٩٢ بۆ ١٩٩٤، ئێران دابینکەری سەرەکیی کەلوپەل، سەربازیی و هی دیکە، بۆ ئەرمەنستان بوو. ڕووسیە سنووری هاوبەشی دەگەڵ ئەرمەنستان نییە و بۆیە بەستراوەتەوە بە تێپەڕین بەناو ئێراندا. ڕووسیە لە شەڕی ٢٠٢٠ کەلوپەلی بۆ ئەرمەنستان دابین کرد، هەم بە فڕۆکە کە بەسەر ئێراندا فڕین و هەروەها بە ڕێگای زەوی لە بەندەری ئەنزەلی ئێران لەسەر زەریای کاسپیەنەوە. ئازەربایجانییانی ئێران هێشتا زەخت دەخەنە سەر دەوڵەت تا گواستنەوەکان بۆ ئەرمەنستان بوەستێنێ، کە لەبەر تێپەڕین بەناو ناوچەکانی خاوەن حەشیمەتی ئازەربایجانی و بە پێش چاوی ئەواندا، برینەکان زۆرتر دەکولێننەوە.

شەڕی ٢٠٢٠ی ئەرمەنستان-ئازەربایجان، کە بووە هۆی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ناوچەکانی هاوسنووری ئێران لە لایەن ئازەربایجانەوە، شەپۆلێکی هاوپشتیی ئەتنیکیی لە ناو ئازەربایجانییانی ئێران وەڕێ خستووە. بۆ سنووردار کردنی خۆشحاڵی دەربڕینەکان، تاران سەدان خۆپیشاندەر و چالاکی دەسبەسەر کردوون کە ڕەخنەیان لە پشتگیریی ئێران بۆ ئەرمەنستان دەربڕیوە.[٢] چەند خۆپیشاندان

---

١. برێندا شافەر، «هاوکاریی درێژخایەنی ئێران دەگەڵ ئەرمەنستان،» دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان، ١١ی سێپتامبر، ٢٠٢٠. (https://www.fdd.org/analysis/2020/09/10/irans-longstanding-cooperation-with-armenia)

٢. «سەدان خۆپیشاندەر لەبەر دەربرینی نارەزایەتی دژی پشتیوانیی ئێران لە ئەرمەنستان دەسبەسەر کران،» ئێران وایەر، ٤ی ئۆکتۆبر، ٢٠٢٠. (https://iranwire.com/en/features/7720)

لەو شارانەی ئێران، کە خاوەن حەشیمەتی بەرچاوی ئازەربایجانین، بەڕێوە چوون. ڕێژەیەکی زۆر ئازەربایجانی، بە هەمان شێوە لەسەر ناوچە سنوورییەکان کۆبوونەوە تا چاو لە شەڕەکە بکەن و پشتیوانی لە سەربازەکانی ئازەربایجان بکەن، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی خاکەکەیان لە سنووری ئێران بەدەستەوە گرت.[١]
تەنانەت پێش ئەوەی باکۆ کۆنترۆڵی سەرجەم سنوور لەگەڵ ئێران لە شەڕی ٢٠٢٠ بەدەستەوە بگرێ، هەڵسوکەوتی ڕاستەوخۆ بە هۆی ئاڵوێری بازرگانی، کولتووری و فێرکردن و پەروەردە لە نێوان ئازەربایجانییانی هەر دوو وڵات هەبوو. ڕێژەیەکی زۆر ئازەربایجانی، ئەمبەر ئەوبەری سنوور پەیوەندیی بنەماڵەییيان هەیە. لە ٢٠١٩، زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ شارۆمەندی ئێرانی، بەشێکی زۆریان ئازەربایجانی، سەردانی کۆماری ئازەربایجانیان کرد. سەردانکارەکانی ئازەربایجانی لە ئێرانەوە زۆر جار هەستیان بە باوەشی ئاواڵای ئازەربایجان و زمان و کولتووری ئەوان دەبزوێ. تاران پێی خۆشتر بوو دەسەڵاتی یاسایی ئەرمەنستان بەسەر سنوورەکەی لەگەڵ ئازەربایجان درێژەی هەبێ. ڕێژیم لە ناوچە داگیرکراوەکاندا هاوکاریی بەربڵاوی لەگەڵ ئەرمەنستان هەبوو، لە ناویاندا نۆژەن کردنەوەی مزگەوت و بینای ناوەندێکی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی ئاو کە خزمەتگوزاریی پێشکەشی ناوچە سنوورییەکانی ئێران دەکرد.[٢] مێدیای سەر بە دەوڵەتی ئێران هۆشدارییان داوە کە ئێران لەوانەیە بە هۆی ئاڵوگۆڕ لە کۆنترۆڵی سنوور، بەرەوڕووی زەرەری بازرگانی ببێتەوە.[٣]

---

١. @Behzad_Jeddi، تویتەر، ١٨ی ئۆکتۆبر، ٢٠٢٠. (https://twitter.com/Behzad_Jeddib/status/1317892041456668673)

٢. «ئێران پرۆژەی ڕەخنە لێگیراوی لەسەر ڕووباری ئارازی تەواو کرد،» جەیمزتاون فاوندەیشن، ٢٤ی جولای، ٢٠٢٠. (https://jamestown.org/program/iran-completes-controversial-hydropower-project-on-aras-river)

٣. «کاریگەرییە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنی ئازەربایجان-ئەرمەنستان بۆ ئێران،» فارس نیوز، ١٣ی نۆڤامبر، ٢٠٢٠. (https://bit.ly/3sUwspb)؛ «ڕووداوەکانی سنوورەکانی باکوور و دەستی ئێران لە هەڵوێستە نەریتییەکانی سیاسەتی دەرەوە،» ئاژانسی هەواڵنێریی تەسنیم (ئێران)، ١٢ی نۆڤامبر، ٢٠٢٠. (https://bit.ly/3xlGSkL)؛ برێندا شافەر، «شەڕی ئەرمەنستان-ئازەربایجان: کەم بوونەوەی دەوری ناوچەیی ئێران،» لێکۆڵەری ناوەندی ئاسیا و قەفقاز، ٢٥ی نۆڤامبر، ٢٠٢٠. (https://www.cacianalyst.org/publications/analytical-articles/item/13650-the-armenia-azerbaijan-war-downgrading-iran’s-regional-role.html)

دوای شەڕی ٢٠٢٠، یەکەم سەفەری سەرۆککۆماری ئازەربایجان، ئیلهام عەلییۆف بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان، سەردانێکی بۆ پردی خودائافەرینی گرتە خۆ، کە ڕووباری ئاراز بە بنی دا دەڕوا و سنووری هاوبەشی نێوان ئازەربایجان و ئێران پێکدێنێ. عەلییۆف بۆخۆی ئاڵای ئازەربایجانی لە سەر پردەکە هەڵکرد، کە بووە هۆی شاگەشکەبوونی ئازەربایجانییەکانی ئێران. لە کاتی سەردانەکەدا، تاک تیر هاوێژێکی ئێرانی وێنەیەکی بڵاو کردەوە کە لەوێدا سیرەی لە عەلییۆف و هاوسەرەکەی گرتبوو.[1]

لەگەڵ پەرە گرتنی کێشەکە، ئازەربایجانییەکانی ئێران دیتیان کە ئیسرائیل پشتگیریی بەربڵاوی لە ئازەربایجان کرد کە بەشێک لە هاوپەیمانییە ستراتێژیکییەکەیان بوو. لە ئاکامدا هەستی ئەرێنی لەناو ئەو تاقمە بەرانبەر بە ئیسرائیل بەهێزتر بوو کە هۆیەکی دیکەی بۆ هەستی دژی ڕێژیم دەستەبەر کرد.[2]

## بابەتی لێکۆڵینەوە: کوردەکان و ئێران، تورکیە و عێراق

سنووری ئێران دەگەڵ عێراق و تورکیە ئالنگارییەکی مەزنە بۆ تاران. کورد لە هەر دوو بەری ئەو سنوورانە دەژین. ڕاپۆرتەکانی ئەو دواییانە ئاشکرای دەکەن کە بە شێوەی مامناوەندی هەموو مانگێ ٥ تا ١٠ سەرباز و ئەندامی سپای پاسدارانی

---

١. «تاک تیرهاوێژی ئێرانی وێنەیەکی وروژێنەر لە کاتی سیرە گرتن لە سەرۆک کۆماری ئازەربایجان عەلیۆف بڵاە دەکاتەوە،» دەیلی سەباح (تورکیە)، ١٩ی نۆڤامبر، ٢٠٢٠. (https://www.dailysabah.com/politics/diplomacy/iranian-sniper-posts-provocative-photo-taking-aim-at-azerbaijani-president-aliyev)

٢. @AhmadObali، «دوای ٤١ ساڵ دروشمی ‹مردن بۆ ئیسرائیل› لە لایەن مەلایانی ئێرانەوە، ٣٠ میلیۆن ئازربایجانی باشوریی ئەوینداری ئیسرائیلن. —چل کەس پێوەندییان پێوە کردین، هیچکامیان دژی ئیسرائیل نەبوون -٣٨ کەسیان لەتاران، کەرەج و تەورێزەوە بوون ... —تۆ دەتوانی سەرجەم ئەو بەرنامەیە ببینی:» تویتەر، ٥ی مارس، ٢٠٢١. (https://twitter.com/AhmadObali/status/1367848470556667911?s=20)؛ ئیتامار ئەیچنەر، «تاراوگە نشینێک دەڵێ، زۆرینەی خەڵکی ئێران هاوسۆزی ئیسرائیلن،» وای نێت (ئیسرائیل)، ٢٣ی مارس، ٢٠٢١. (https://www.ynetnews.com/magazine/article/r10h00SUEd)

ئێران لەو ناوچە سنووریيانە دەمرن.[١]

سیاسەتەکانی عێراق، تورکیە و ئێران بەرانبەر بە کۆمەڵگەکانی کوردان لەو وڵاتانە لەگەڵ کێشەی بەربڵاوی نێوان ئەو وڵاتانە تێکەڵ بووە. لەبەر لێکدابڕان و دوژمنایەتیی زۆر لەناو کورداندا، ئەو سێ وڵاتە زۆر جار کەڵک لەو دووبەرەکییانە وەردەگرن و هێندێک جار پێوەندیی باش لەگەڵ لایەنێکی کوردی لە وڵاتێکی دراوسێ دروست دەکەن، لە کاتێکدا کە کوردی خۆیان لە ناوخۆ سەرکوت دەکەن.

هەروەها کۆمەڵگە کوردییە هاوبەشەکانی خۆشیان کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە بەرانبەر بە یەکتری هەیە. هێندێک جار، ئەوان ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دژی کوردان بەڕێوە دەبەن.[٢] ئەو هاوکارییە نێودەوڵەتییەی دژی کوردان کاتییە و دەتوانێ خێرا لەناو بچێ. بۆ وێنە، لە شەڕی دژی چەکداری کوردی ناوخۆیی، تاران هێندێک جار تۆپ بە گوندە کوردەکانی عێراقەوە دەنێ، کە دەبێتە هۆی ڕەخنە لە لایەن بەغداوە. لە کۆتاییەکانی سێپتامبری ٢٠١٨، ئێران بنکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (حدک)ی لە باکووری عێراق کردە ئامانجی موشەکی بالیستیک کە بووە هۆی کوژرانی ١٧ کەس و برینداربوونی زیاتر لە ٥٠ کەس، کە لەوانەیە بە تۆڵەی هێرشی پێشووی کوردان بووبێ کە بووە هۆی کوژرانی ١٠ پارێزەری سنوور.[٣] چەند ڕۆژ دواتر، ئێران ئامانجی دیکەی لە هەولێر کردنە ئامانج. جگە لەوە، لە ئۆکتۆبری ٢٠٢٠، سپای پاسدارانی ئێران

١. هەڵسەنگاندنەکانی نووسەر بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی مێدیای دەوڵەتیی ئێران لە بارەی ژمارەی قوربانییانە

٢. بڕوانە بۆ وێنە: «تورکیە، ئێران ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان دژی چەکدارانی کورد بەڕێوە برد: وەزیر،» ڕۆیتەرز، ١٨ی مارس، ٢٠١٩. (https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-turkey-iran/tur-key-iran-carried-out-joint-operation-against-kurdish-militants-minister-idUSKCN1QZ1CI)

٣. بیلال وەهاب، «هێرشی مووشەکیی ئێران لە کوردستانی عێراق دەتوانێ ئاکامی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە،» ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی نزیک، ١١ی سێپتامبر، ٢٠١٨. (https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/irans-missile-attack-in-iraqi-kurdistan-could-backfire)؛ «پاسدارانی ئێران ئیددیعای ئۆپەراسیۆنی هێرشی مووشەکیی دژی کوردە جیاییخوازەکان لە عێراق دەکەن،» ئاسۆشیەیتد پرێس، ٩ی سێپتامبر، ٢٠١٨. (https://apnews.com/article/39a6e79233574b0fb8ef2a794625ed33)

گوندێکی کوردییان لە عێراق تۆپباران کرد.[١]
کوردی تورکیە و عێراق، یارمەتیی یەکلاکەرەوەیان بە کوردانی ئێران بۆ هێرشەکانیان دژی تاران کردووە. هێندێک جار، ئەو پشتگیرییە تارانی لەگەڵ ئانکارا و کاربەدەستانی کوردستانی عێراق، تووشی کێشە کردووە. چونکە تاران ڕەخنەیان لێ دەگرێ کە لە کۆنترۆڵ کردنی حەشیمەتی کوردی خۆی ناسەرکەوتوون. لە پەیوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراق، تاران زۆر جار هەڵوێستی ڕاستەوخۆ دژی دانیشتووانی کوردستانی عێراق دەگرێتە بەر.

**بابەتی لێکۆڵینەوە: بەلووچ لە ئێران و پاکستان**

لە ٢٠٠٥ بەولاوە، بەلووچەکانی ئێران ڕاپەڕینێکی دژی ڕێژیمیان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستانی ئێران کە هاوسنووری پاکستانە دەست پێکردووە. لە دێسامبری ٢٠٠٥، ڕاپەڕیوان هەوڵیاندا سەرۆککۆماری تازە هەڵبژێراو، مەحموود ئەحمەدینەژاد، لە سیستان و بەلووچستان بکووژن، لە ئاکامدا سێ کەس لە پارێزەرەکانیان کوشت. لە ئۆکتۆبری ٢٠٠٩، بەلووچ هێرشیان کردە سەر وەفدێکی سپای پاسداران، ٤٢ کەسیان کوشت، لە ناویاندا جێگری فەرماندەی هێزی زەمینیی سپای پاسداران و پینچ فەرماندەی پلە بەرزی ئەو سپایە. لە ئۆکتۆبری ٢٠١٨، تاقمە بەلووچەکان زیاتر لە دوازدە  ئەندامی سپای پاسدارانیان کوشت.[٢]
ساڵی دواتر هێزە چەکدراەکانی بەلووچ، هێرشیان کردە سەر کاروانێکی سپای پاسداران کە بە ناوچەکەدا تێپەڕ دەبوون و نزیکەی ٣٠ کەسیان لێ کوشتن.[٣]

١. «سپای پاسدارانی ئێران ‹ تۆپ بارانی گوندە سنوورییەکان› ـ ی کوردستانی عێراق دەکا،» ٣٠ ئۆکتۆبر، ٢٠٢٠. (https://iranintl.com/en/iran-in-brief/iran's-revolutionary-guards-'shell-border-villages'-iraqi-kurdistan)

٢. «چەکداران ١٤ کەس لە هێزی ئەمنییەتی ئێران لە نزیک پاکستان دەسبەسەر دەکەن،» ئاسۆشیەیتد پرێس، ١٦ی ئۆکتۆبە، ٢٠١٨. (https://apnews.com/article/a2cc578c43024528937221083f56bdf)

٣. «بە گوێرەی ڕاپۆرت، نزیکەی ٢٠ کەس لە ئەندامانی سپای پاسدارانی ئێران لە هێرشێک بە بۆمب کوژران،» ئێن پی ئاە، ١٣ی فێورییە، ٢٠١٩. (https://www.npr.org/2019/02/13/694352657/nearly-two-dozen-iranian-revolutionary-guards-reportedly-killed-in-bomb-attack)

دوو تاقمی سەرەکیی بەلووچ کە دەستیان لە تیرۆریزمی دژی ڕێژیم و هێرش بۆ سەر سپای ئێراندا هەبووە، جوندوڵڵا و جەیشولعەدڵن. جوندوڵڵا بە تایبەتی لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٠ چالاک بوو، کە پتر لە دەرزەنێک هێرشی مەزنیان لە سیستان و بەلووچستان بەڕێوە برد، لە نێویاندا دانانی بۆمب لە دێسامبری ٢٠١٠ کە ٣٨ کەسی لە مزگەوتێکی چابەهار کوشت.[١] چالاکییەکانی جوندوڵڵا دوای گیرانی ڕێبەرەکانیان، عەبدولمالیک ڕیگی و عەبدولحەمید ڕیگی، کە لە لایەن ئێرانەوە دەسبەسەر کران، کەمتر بوونەوە. تاران لە ٢٠١٠ ئەوانی لە سێدارە دا.

بەلووچەکانی ئێران پێوەندییەکی بەرچاویان دەگەڵ بەلووچی پاکستان و ئەفغانستان هەیە. سنوورە کون کونەکەی ئێران وپاکستان بوار بۆ چالاکیی ئابووری نایاسایی ئەمبەر ئەوبەری سنوور دەڕەخسێنێ و بەلووچ لە هەردوو لاوە زۆر جار لە سنوور دەپەڕنەوە تا سەردانی خزمان بکەن و بەشداری ڕێوڕەسمە بنەماڵەییەکان بن. میلیشیا بەلووچەکانی ئێران و تاقمەکانی دیکە بەردەوام یارمەتی لە بەلووچەکانی پاکستان وەردەگرن. چەکداران زۆر جار دوای بەڕێوە بردنی هێرشی چەکدارانە لە ئێران، ڕادەکەنە پاکستان. هێزە ئێرانییەکان بەدوای سەرکوت و دەسبەسەر کردنی چەکدارانی بەلووچی ئێرانی پەڕیونەوە دیوی پاکستان. بەلووچ پارێزەرانی ئێرانیی سنووریان لە پاکستان گرتوون و لەوێ ڕایانگرتوون.[٢]

پێوەندییەکانی ئێران و پاکستان زۆر جار بە ڕوانگەی ئێران لەمەڕ نەبوونی کردەوە لە لایەن ئیسلامئابادەوە، دژی پشتگیریی بەلووچەکانی پاکستان لە هێرشی بەلووچان لە ئێران، تووشی قەیران بووە. جاری وا هەبووە، ئێران ئیدیعای کردووە کە ڕێکخراوی جوندوڵڵا، پێوەندیی بە دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی پاکستانەوە

١. «ئێران: سیاسەتی ناوخۆیی و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و بژاردەکان،» خزمەتگوزاریی لێکۆڵینەوەی کۆنگرە، ٩ی دێسامبر، ٢٠٢٠. (https://crsreports.congress.gov/product/pdf/RL/RL32048)

٢. ئالێکس واتانکا، ئێران و پاکستان: ئاسایش، دیپلۆماسی و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکایی _لەندەن: ئای بی تاوریس، ٢٠١٧)، لاپەڕەی ٢٣٠.

هەیە. سپای پاسداران هێندێک جار هەڕەشەی کردووە یەکلایەنانە لە سنوور بپەڕێتەوە یان بە مووشەک هێرش بکاتە سەر بەلووچەکانی پاکستان، ئەگەر ئیسلامئاباد پێش بە پشتیوانی لە هێرشەکان نەگرێ.[١]

سیاسەتی پاکستان بەرانبەر بە بەلووچەکانی ئێران جاروبار تا ڕادەیەک کاریگەریی خستۆتە سەر سیاسەتی ئێران بەرانبەر بە کۆمەڵگەی مەزنی شیعەی پاکستان، کە ٪٢٠ ی حەشیمەتی پاکستان پێکدەهێنن. تاران هەوڵی داوە شیعەکانی پاکستان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و زۆر جار لێدوانی لەمەڕ پشتگیری لەو کۆمەڵگایە بڵاو کردوونەوە.

هەروەها کێشەی عەرەبستانی سعودی لەگەڵ ئێران، کاریگەریی لەسەر سیاسەتی پاکستان بەرانبەر بە بەلووچەکانی ئێران هەبووە. ریاز پێوەندیی نزیکی دەگەڵ پاکستان هەیە و هێندێک جار ئیسلامئاباد هان دەدا تا پشتیگریی خۆی بۆ تاقمەکانی بەلووچ کە لە ئێران یان لە سەر سنووری ئێران-پاکستان چالاکی بەرێوە دەبەن زیاد بکا. [٢] سیاسەتی پاکستان بەرانبەر بە بەلووچەکانی ئێران هەروەها دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دۆخی پێوەندییەکانی تاران و دێهلیی نوێ. بوونی کۆنسولخانەیەکی هیندووستان لە شاری زاهیدان، پێتەختی سیستان و بەلووچستان و وەبەرهێنانەکانی هیندووستان لە بەندەری چابەهاری سیستان و بەلووچستان، نیشاندەری ئەوەیە کە ناوچەی بەلووچ سەرنجی دێهلیی ڕاکێشاوە و وێدەچێ ئەمە وەک خاڵێکی زەخت دژی پاکستان سەیر بکا.

بە تایبەتی ساڵی ٢٠١٤ پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ پاکستان بەهۆی هێرشی بەلووچەکان تووشی گرژی بوو. لە ١٤ی فێورییەی ٢٠١٤، چەکدارانی بەلووچی سەر بە جەیشئەلعەدڵ، پێنج پارێزەری سنووری ئێرانییان ڕفاندن و بردیاننە

١. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٣٥-٢٣٦

٢. ستێفان ئا دودۆینۆن، بەلوچەکان، سوننیگەرایی و دەوڵەت لە ئێران (ئاکسفۆرد، بریتانیان: چاپەمەنی زانکۆی ئاکسفۆرد، ٢٠١٧)، لاپەڕەی ٢؛ شای شاڵ، «گرژییەکانی نێوان ئێران و پاکستان،» ئەنستیتۆی ناونەتەوەیی دژی تێرۆریزم، ١٨ی مای، ٢٠٢٠. (https://www.ict.org.il/Article/2548/The_Tensions_between_Iran_and_Pakistan#gsc.tab=0)

پاکستان. دوای چەند مانگ دیپلۆماسی، ئیسلامئاباد بووە هۆی ئازاد کردنیان. گرژییەکانی نێوان ئێران و پاکستان لەبەر پەڕینەوەی بەلووچان لە سنوور بۆ بەڕێوە بردنی هێرش سەر لە نوێ لە ئۆکتۆبری ٢٠١٤ گەیشتە لوتکە؛ کاتێک ٣٠ کەس لە هێزەکانی ئاسایشی سنوور لە کاتی ڕاوەدوونانی هێرشکارانی بەلووچ لە سنوور پەڕینەوە و لەگەڵ هێزی سەربازیی پاکستان لێیان بوو بە شەڕ کە بووە هۆی کوژرانی سەربازێکی پاکستانی. دوای ئەو پێکدادانە، ئێران و پاکستان هاوکارییەکانی دژە تێرۆریزمیان زیاتر کرد و هەوڵیان دا گرژییەکان کەم بکەنەوە. بەڵام، هێرشەکانی بەلووچان و بۆچوونی ئێران لەمەڕ بێدەنگی یان تەنانەت پشتگیریی ئیسلامئاباد بەردەوام پێوەندییەکانی ئێران-پاکستان تووشی کێشە دەکەن.

### کاریگەری لەسەر سەقامگیریی ڕێژیم

پێکهاتەی ئەتنیکیی ئێران و چالاکیی ئەوان دەتوانن ببنە ئالنگاری بۆ سەقامگیریی کۆماری ئیسلامی. جیلەکانی پێشووی ئێران، تا ڕادەیەکی زۆر، پەیامی ڕێژیمی پەهلەوی و بە فارس کرانیان لەگەڵ بیر و هەستیان ئاوێتە کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بیرۆکەیە دەنگدانەوەیەکی زۆر کەمی هەیە، لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیزمی فارس لەناو شارۆمەندە فارسەکانی ئێران گەشە دەکا. تەکنەلۆژی و پەرە ئەستاندنی سیاسەتەکانی شوناسخوازانەی خۆرئاوایی، کاریگەرییان لەسەر ئێران هەبووە. لە سەرەتاکانی نەوەدەکانی زایینییەوە، شارۆمەندانی ئێران بە شێوەی پەرە ئەستێن سەیری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنە بیانییە ساتەلایتییەکان بە زمانی خۆیان دەکەن. کەڵک وەرگەرتنی بەربڵاو لە سۆشیال مێدیا بە زمانی کەمینەکان، زۆر جار دەگەڵ هاو ئەتنیکەکانی دەرەوەی ئێران، توانایی زمانەوانیی ئەوان هەر وەها هەستی شانازیی ئەتنیکیی ئەوانی بەرز کردۆتەوە.
سیاسەتی گاڵتە کردنی ڕێژیم بە کەمینە ئەتنیکییەکان لە مێدیای فەرمی

و، ئیددیعای چاپەمەنییەکانی خوێندن و پەروەردە  کە شوناسی ئەتنیکیی کەمینەکانی ئێران ڕاستەقینە نییە، کاریگەریی پێچەوانەی هەبووە کە بوونە هۆی خۆپیشاندانی جەماوەری و پەرە گرتنی نەفرەت لە ڕێژیم.
لە هەمان کاتدا سەرکوتی توندوتیژانەی ڕێژیم دژی چالاکییە سیاسییە ئەتنیکییەکان، هێشتا وەک چاوترسێن کردنی بەهێز کار دەکا. وەک لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی پێ کرا، کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران، زۆرترین ڕێژەی زیندانی و ئیعدام کراویان هەیە. چالاکانی کولتووری، جاروبار دەسبەسەر دەکرێن، کە دەبێتە هۆی ترساندنی خەڵک تا خۆیان تەنانەت لە چالاکیی ناسیاسیی ئەتنیکی نەدەن. ڕێژیم سەلماندوویەتی کە بۆ بە بارمتەگرتن و کوشتنی ڕێبەرانی ئەتنیکەکان لەدەرەوەی وڵات دەستی پێیان ڕادەگا، وەک چۆن لە نۆڤامبری ٢٠٢٠، ڕێبەرێکی عەرەبی ڕفاند کە لە سوید دەژی و سەردانی ئیستەمبوڵی کردبوو،[١] ئەوە وێدەچێ ببێتە هۆی ترس لە بەڕێوە بردنی چالاکیی ئەتنیکی لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران.
دەسەڵاتی ڕێژیم بەسەر کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێرانەوە لە داهاتوودا گەلێک نامسۆگەرە. وەک دۆخی یەکێتیی سۆڤیەت، کاتێک دەسەڵاتی موسکۆ بەسەر کۆمارەکانەوە لاواز بوو، تاقمە نەتەوەیییەکان ڕێکخران و هەرەسهێنانی سۆڤیەتیان خێراتر کرد. لە سەرانسەری مێژووی نوێی ئێران، کاتێک دەوڵەتی ناوەندی دەسەڵاتی بەسەر پارێزگاکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بووە، کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران ڕابوون و هەوڵیان داوە بگەنە ئاستی خۆبەڕێوەبەری. نموونەی بەرچاو سەرهەڵدانی خیابانی لە ١٩٢٠ لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی

١. «وەزارەتی هەواڵگریی ئێران ڕیبەری تاقمی سەر بە عەرەبستان و پشتیوانیکراو لە لایەن ئیسرائیل دەسبەسەر دەکا،» ئاژانسی تەسنیم نیوز (ئێران)، ١٢ی نۆڤامبر، ٢٠٢٠. (https://www.tasnimnews.com/en/news/2020/11/12/2388122/iran-intelligence-ministry-nabs-ringleader-of-saudi-israeli-sponsoredterror-group) ؛ «تورکیە دەڵێ هەواڵگریی ئێران لە پشت پیلانی بە بارمتە گرتنی دژبەرێک لە ئیستەمبول بووە،» واشینگتۆن پۆست، ١٣ی دێسامبر، ٢٠٢٠. (https://www.washingtonpost.com/world/middle_east/iran-intelligence-turkey-kidnap-lot/2020/12/12/818e0c30-3b2c-11eb-8328-a36a109900c2_story.html)

قاجار، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە لایەن ئازەربایجانی و کورد لە سەردەمی داگیرکاریی هاوپەیمانان پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، و هەوڵەکانی خۆبەڕیوەبەریی لە کاتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ١٩٧٩.

لە ئەگەری قەیرانێکی تەنگەتاوی ڕێژیم، فاکتەری ئەتنیکی دەتوانێ دەوری لە ڕووخاندنی ڕێژیمدا هەبێ، هەر وەک چۆن لە کاتی هەرەسهێنانی ڕێژیمی شا و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ١٩٧٩ ڕوویدا. لەو ساڵانەی دواییدا، تاقمە کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران توانایی ڕێکخستنی خۆیانیان نیشان داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرهەڵدانی کەمینە ئەتنیکییەکان وێناچی ببێتە هۆی دەسپێکی ڕابوونێکی گشتی دژی ڕێژیم، چونکە ئۆپۆزیسیۆنی فارس، وێناچی هاوکاریی جووڵانەوەکانی هەڵقولاو لە ناو ئەتنیکەکان بکەن. زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی ئاسایی پشتگیری لە پەسەندکرانی مافەکانی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران یان هەر جۆرە چالاکییەک کە هەڕەشە لە دەسەڵاتی فارسان بەسەر ڕووبەری هەنووکەیی ئێرانەوە بکا، ناکەن.

جگە لەوە، بەشێک لە کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران وێناچێ هاوکاریی یەکتر بکەن. تاران توانیویەتی سەرکەوتووانە کێشە ناوخۆییەکان بە هاندانی کەمینەکان دژی یەکتر قووڵتر بکاتەوە، وەک ڕێکخستنی هێزی پۆلیس بە گوێرەی گرێدراویی ئەتنیکییەوە تا پاسەوانی لە تاقمەکانی دژبەر بکەن و بە دەسنیشان کردنی پارێزگار لە تاقمی ڕکابەری یەکتر بۆ دەسەڵاتداریی بەسەر لایەنی بەرانبەرەوە. زۆر لە تاقمەکان ئێستا مێژووی کێبڕکێ لەسەر سامانەکان لە پاریزگاکانی فرە ئەتنیکییان هەیە، وەک ئازەربایجانی خۆرئاوا، کە حەشیمەتەکەی لە کورد و ئازەربایجانی پێکهاتووە و خووزستان کە لەوێ کێبڕکێ لە نێوان عەڕەب و لوڕ دا لە ئارا دایە.

ستاتۆی کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو لەجیات فیدڕاڵ یان

کۆنفیدراڵ، بەهەمان شێوە بواری درێژەدان بە دەسەڵاتی فارسان دەڕەخسێنێ. پێکهاتەی فیدراڵ یان کۆنفیدراڵ، یارمەتیدەری لێک هەڵوەشانی ئیمپراتورییەکە دەبێ، بە هۆی سنوورە ئاشکرا ناوخۆییەکان و کاربەدەستانی دەوڵەتیی خۆجێیی کە زۆر جار سوود لە لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندیی دەبین. وەک پاراستنێکی دیکە، ڕێژیمی مەلایان پێشینەی دەسنیشانکردنی پارێزگار و بەرپرسانی ئەمنییەتیی خۆجێیی هەیە کە کەڵک لە زمانی [خەڵکی] ناوچەکە وەر دەگرن. بۆیە، بە پێچەوانەی مودێلی سۆڤیەت، کاربەدەستی ناوچەیی کەم هەن کە بیانهەوێ لە ناوەند جیا ببنەوە. جگە لەوە، زۆربەی دراوسێکانی ئێران، وەک تورکیە و عێراق، پشتگیری لە ئاڵوگۆڕی سنوورەکانیان ناکەن.

بەڵام، پێشوەچوونی بەرچاو لە ناو دووهەمین تاقمی ئەتنیکی لە ڕوانگەی قەوارەوە، واتا ئازەربایجانییەکان، ڕوویداوە. بۆ ماوەی دەیان ساڵ، زانایانی خۆرئاوایی لایان وا بووە کە ئازەربایجانییەکان، کە وەک فارسەکان شیعەن، کەمینەیەکی ئێرانن کە بە باشترین شێوە ئاوێتە بوون،[١]. بەڵام ئەوە دەتوانێ لێکدانەوەیەکی هەڵە لە سەر ئەو تاقمە ئەتنیکییە بێ، بە تایبەتی دوای پشتگیریی ئێران لە ئەرمەنستان لە شەڕی ٢٠٢٠ دەگەڵ ئازەربایجان. شەڕەکە خاڵی وەرسووڕانی ئازەربایجانییەکانی ئێران بوو، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ دیتیان لۆرییە ئێرانییەکان، چەکوچۆڵ و کەلوپەلی ڕووسییایان بۆ ئەرمەنستان دەگواستەوە. سەدان کەس چوونە سەر سنووری ئازەربایجان، چاویان لە شەڕەکان کرد و بە ئاشکرا هانی سەربازانی ئازەربایجانییان دا، سەرەڕای ئەوپەڕی هەوڵی ڕێژیم. سەرکەوتنی کۆماری ئازەربایجان لە مەیدانی شەڕ، بووە هۆی شانازی لەناو ئازەربایجانییەکانی ئێران. دەسبەسەر کردنی دەیان کەس لە کاتی شەڕەکە و دواتر یارمەتییەکی کەمی بە

١. زۆر نووسراوە بڵاو کراونەوە کە دەڵێن ئازەربایجانییەکان «کەمینەیەکی باش ئاویتە بوون». بۆ وێنە بڕوانە: پاتریشیا، جای هیگینز، «پێوەندیەکانی کەمینە – دەوڵەت لە ئێرانی هەنووکە،» لێکۆڵینەوەکانی ئێران، بەرگی ١٧، ژمارە ١، زستانی ١٩٨۴، لاپەڕەی ۵٩؛ بیژەن دابێل، «کەمینەکانی ئێران ٢: فرەچەشنیی ئەتنیکیی،» ئەنستیتۆی ئاشتی وڵاتە یەکگرتووەکان، ٣ی سێپتامبر، ٢٠١٣. (https://iranprimer.usip.org/blog/2013/sep/03/iran-minorities-2-ethnic-diversity)

پێشگرتن بەوە کرد.

لە بەشێکی زۆری مێژووی خۆیدا، کۆماری ئیسلامی، بەرەڕووی ڕاپەرین و هەڕەشەی ئەمنییەتی لە پارێزگا کورد، بەلووچ و عەرەبەکانی ئێرانەوە بۆتەوە. تاران زۆر بە دەگمەن توانیویەتی ئاسایشی جێگای ڕەزامەندی لەو ناوچانە دەستەبەر بکا. بەڵام، دەر کەوتووە کە تاران توانیویەتی ئەو ڕاپەڕینانە کۆنترۆڵ بکا، چونکە ئەو تاقمە ئەتنیکییانە تا ڕادەیەک بچووکن و هێرشەکان لە ناوچەکانی خۆیان قەتیس ماونەوە. هێرشە چەکدارییەکانی ئەوان، زۆر بە دەگمەن کاریگەریی دەخەنە سەر فارسەکانی ئێران، چونکە ئەون لە پارێزگاکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی کەمینە ئەتنیکییەکان دێنە ئاراوە. بەڵام تورکەکانی ئازەربایجان شتێکی دیکەن. ئەگەر ڕێژەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەو گرووپە لە ڕێژیم دابڕێن، ئەوسا دەبێتە هەڕەشەیەکی مەزن. لەکیسدانی پشتیوانیی ئازەربایجانییەکان هاو شێوەی لەکیسدانی پشتگیریی ئوکراینییەکان بۆ یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی گۆرباچۆف، لە بەرەبەری هەرەسهێنانی سۆڤیەت، دەبێ.

ئالنگارییەکی دیکە بۆ سەقامگیریی ڕێژیم ژینگەیە. ئالنگارییە ژینگەییەکانی ئێران هەر دێت و خراپتر دەبن، بە کەمیی بەرچاوی ئاو لە بەشێکی بەرچاوی وڵات، گەردەلوولی پەیتا پەیتای تۆز و خوێ و پیسبوونی ژاراوی. ترسناکترین هەڕەشەکان، بە تایبەتی کەمیی ئاو، تا ڕادەیەکی زۆر لە پارێزگاکانی خاوەن حەشیمەتی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێرانن. بۆیە، ئالنگارییە ژینگەییەکان ناڕەزایەتییە ئەتنیکییەکان بەهێزتر دەکەن. لەگەڵ کەڵەکە بوونی هەڕەشە ژینگەییەکانی ئێران، ئەوان دەبنە سووتەمەنیی زیاتر بوونی نیگەرانییە ئەتنیکییەکان.

لە دووساڵی ڕابردوودا، ڕێژیمی مەلایان هەوڵی بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی فارسی، بۆ بەرەورووبوونەوەی بەرهەڵستکاریی پەرە ئەستێنی ناوخۆیی، داوە. ڕێبەری گەورە، خامەنەیی و هەر وەها وەزیری کاروباری دەرەوە، زەریف، لە لێدوانەکانیان

بۆ جەماوەر، ستایشی کولتووری فارسیان کردووە. ئەوە بیر هێنەرەوەی کەڵک وەرگرتنی ستالین لە کلیسای ئۆرتۆدۆکس و ناسیۆنالیزمی ڕووسی بۆ وروژاندنی شارۆمەندانی سۆڤیەت بۆ شەڕ کردن لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانییە. لە کاتێکدا کە ڕەنگە ئەوە، فارسەکان هان بدا، بەڵام کاریگەریی پێچەوانەی لەسەر کەمینە ئەتنیکییەکان دەبێ و لەوانەیە دەسەڵاتی تاران بەسەر پتر لە نیوەی حەشیمەتەکەی لاوازتر بکا.

## پێشنیارەکانی ڕەچاو کردنی سیاسەت

توێژەرانی ئێران و ڕۆژنامەوانان بە شێوەی پێویست ناڕواننە ئەوبەری تاران یان ناوەندی فارسی ئێران. نارەزایەتییەکان و چالاکییەکانی دژی ڕێژیم بە زمانە نافارسییەکان، وەک لە کاتی کایەکانی تۆپی پێ، زۆر بە دەگمەن باسیان لێوە دەکرێ. لێکدانەوەی خۆرئاوایی لە مەڕ سەقامگیریی ڕێژیمی مەلایان دەتوانێ سوودێکی زۆر لە تێگەیشتنێکی باشتر لە فاکتەرە ئەتنیکییەکان و ڕووداوەکانی ناوچە سنوورییەکانی ئێران وەرگرێ. جگە لەوە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی بڕووخێ، دەخوازێ واشینگتۆن تێگەیشتنێکی باشتری لەو هێزە جووڵێنەرانە هەبێ، کە لەوانەیە بتوانن خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەسەرڕا داڕێژنەوە. لەبەر ئەو هۆیە، واشینگتۆن دەبێ ئەو هەنگاوانە ڕەچاو بکا:

- پێداچوونەوە بە بڵاو کراوەکانی دەوڵەتی وڵاتە یەگرتووەکان، لە ناویاندا بەڵگەکتێبی دنیا، هی ڕێکخراوی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان «سیا»، لە بارەی ڕێژەی تاقمە ئەتنیکییەکان لە ئێران.

بەراوردێکی دروست لە بارەی پێکهاتەی ئەتنیکیی ئێران بۆ تێگەیشتن لە سەقامگیریی ڕێژیم و ڕووداوەکانی دیکە یەکلاکەرەوەیە. ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران و ڕۆژنامەوانان هێشتا ئاماژە بە بەرگە کۆنەکانی بەڵگەکتێبی سیا دەکەن، ئەگەرچی ئەو بڵاوکراوەیە زۆر دەمێکە دەستی لە بڵاوکردنەوەی ڕێژەی

تاقمە ئەتنیکییە جۆراجۆرەکانی ئێران هەڵگرتووە. لێکدانەوەی نوێ و دروستتر پێویستن.

- پێشوەچوونەکانی کەمینە ئەتنیکییەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبارەی سەقامگیریی کۆماری ئیسلامیی و سیاسەتی دەرەوە تێکەڵ بکەن.

بۆ هاندانی لایەنەکانی کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ هەڵسەنگاندنی باشتری کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران، کۆمیسیۆنە پێوەندیدارەکانی کۆنگرە دەبێ بەدواداچوون بۆ پرسی ئەتنیکەکانی ئێران بکەن. کۆنگرە نزیکەی دە ساڵە لەو بارەیەوە بەدواداچوونێکی نەکردووە و خزمەتگوزاریی توێژینەوەی کۆنگرە لە دوای ٢٠٠٨ بەولاوە ڕاپۆرتێکی لە بارەی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران پێشکەش نەکردووە. هەر وەها وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ وەک بەشێک لە ڕاپۆرتی ئاسایی لەسەر ئێران، لە بارەی کەمینە ئەتینیکییەکانی ئەو وڵاتەش ڕاپۆرت پێشکەشی کۆنگرە بکا. بەڕێوەبەری هەواڵگریی نیشتمانی دەبێ بە هەمان شێوە لێکدانەوە لەبارەی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران، تێکەڵی ڕاپۆرت لەبارەی ئێران بکا.

هەروەها مێدیا (لە ناویاندا سۆشیال مێدیا) بە زمانی کەمینەکان بەشێکی گرینگ لە سەرچاوەی زانیاری پێکدەهێنن کە بە زمانی فارسی دەر ناکەون. ئاژانسە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا دەبێ ئەو زانیارییانە، بە تایبەتی وەرگێڕدراوەکان، ئاوێتەی کاری لێکدانەوەی خۆیان بکەن و زانیاریی ئەوتۆ کە نهێنی نین بگەیەننە دەست کۆمەڵگەی داڕێژەرانی سیاسەت.

زۆرترین جەختی هەواڵگری، دەبێ بە لەبەر چاو گرتنی ڕێژە و پوتانسیەلی دەسەڵاتیان، لەسەر ئازەربایجانی و عەڕەبی ئەهواز بێ. ئازەربایجانییەکان دەسەڵاتیان بەسەر باکووری خۆرئاوای ئێرانەوە هەیە و ئێستا بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی تاران پێکدەهێنن. هێندێکیان تێکەڵی ڕێژیمی دەسەڵاتدار بوون.

بێ پشتیوانیی ئازەربایجانییان، ئەو ئێرانەی دەیناسین ناتوانێ درێژە بە بوونی خۆی بدا.

عەرەبە ئەهوازییەکانی خووزستان، بە نۆرەی خۆیان، لەسەر سامانی سەرەکیی ئێران دەژین. لەبەر ئەو هۆیە، عەرەبی ئەهوازی سەردەمێک خاڵی سەرەکیی جەختی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە کاتی توێژینەوە لەسەر ئێران بوون.[١] ئەوان دەبوو دیسان ببنەوە [خاڵی جێگای سەرنج].

• پێشێلکارییەکانی ئێران دژی مافەکانی مرۆڤی کەمینەکان لەقاو بدە

راپۆرتە ناونەتەوەیییەکانی واشێگتۆن لەمەڕ پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ دەبێ وەردەکاریی دۆخی دژواری کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران بڵاو بکاتەوە. وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ساڵانە هەڵسەنگاندنێک بڵاو دەکاتەوە لە بارەی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا. لە بەشی ئێران، زۆر بە کورتی باسی کەمینە ئەتنیکییەکان کراوە. وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەبێ ئەو چاودێرییە بەهێزتر بکا. ڕاپۆرتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەمەڕ ئازادیی ئایین دەبێ دۆخی کەمینە ئەتنیکییە سوننییەکان بگرێتەوە.

• ئاژانسی گەشە کردنی ناونەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان (USAID) دەبێ پشتگیریی ئەو ڕێکخراو و تاکانە بکا کە بۆ مافە زمانی و کولتوورییەکانی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران خەبات دەکەن.

لە ڕابردوودا، ئاژانسی گەشە کردنی ناونەتەوەییی وڵاتە یەکگرتووەکان، پشتیوانیی لە ڕێکخراوی جۆراجۆر کردووە کە لەسەر پرسی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران کار دەکەن، وەک ئازادیی ئایینی و مافەکانی ژنان. دەبێ ڕێکخراوەکانی مافەکانی کەمینەکانیش پشتگیری بکرێن.

---

١. ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ناوەندی هەڵسەنگاندنی نەتەوەیی بیانی، «خوزستان: پاژنەی ئاشیلی ئێران،» ٢٦ی ئاگوست، ٢٠١٣.
(https://www.cia.gov/readingroom/docs/CIA-RDP09-00438R000100380001-7.pdf)

- پەیامی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ و لەبارەی ئێران دەبێ ئەو بیرکردنەوەی تێدابێ کە بە کردەوە ئێران وڵاتێکی فرە ئەتنیکییە.

کاربەدەسەتانی وڵاتە یەکگرتووەکان، زۆر جار لە وشەی فارسی لە جیات ئێرانی کەڵک وەردەگرن. بۆ وێنە، لە مارسی ٢٠٢١، کۆشکی سپی پەیامی پیرۆزبایی نەورۆزی بۆ «پیرۆز کردنی ساڵی نوێی فارسی» نارد. کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر جار ستایشی دەسکەوتەکانی «نەتەوەی فارس» دەکەن. ئەوە نیوەی حەشیمەتی ئێران لەبەر چاو ناگرێ و دەتوانێ وا لێک بدرێتەوە کە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە دێموگرافیی فرە ئەتنیکیی ئێران تێناگا یان ڕێزی لێ ناگرێ.

- چاودێریی مێدیاییی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبارەی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران بەهێز بکرێ

مێدیای دەوڵەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان، وەک دەنگی ئەمریکا، رادیۆ فەردا و رادیۆ ئەورووپای ئازاد\ڕادیۆ ئازادی، ئێستا چاودێرییەکی ئەوتۆی بەسەر ڕووداوەکانی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران یان ڕووداوەکانی دەرەوەی شارەکانی خاوەن زۆرینەی فارس نییە. چونکە ئەو پێگە مێدیاییانە هەر ئێستا بە چەند زمانی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران بەرنامە بڵاو دەکەنەوە (ئازەبایجانی. کوردی و عەڕەبی)، ئەوان دەتوانن بێ تێچووی زیادی بەرنامە بۆ کەمینەکانی ئێران بڵاو بکەنەوە.

- کاریگەریی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی بیانی بە زمانی کەمینەکان بێنە ژێر چاودێریی و لێکۆڵینەوە

بەرنامەکانی بیانی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران هەبووە. ئەوە تەلەفزیۆنەکانی تورکیە، ئازەربایجان و کوردستانی عێراق دەگرێتەوە، هەروەها کاناڵی گوناز تیڤی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بڵاو دەبێتەوە. ئاژانسەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەریی

ئەو بەرنامانە لە سەر ناوخۆی ئێران بکەن. زۆربەی بەرنامەکانی گوناز تیڤی گفتوگۆی دوولایەنەیە، و بەرنامەکان دەتوانن تیشک بخەنە سەر بۆچوون و ڕووداوەکان لە پارێزگاکانی کەمینەکان لە ئێران.

لە کۆتاییدا، بە دەستەبەر کردنی وتووێژ لە بەرنامەکانی بە زمانی کەمینەکان، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانن دەستیان بە ڕێژەیەکی بەربڵاوتر لە حەشیمەتی ئێران ڕابگا.

کاتێک هەڵسانگدن بۆ ڕێژەی بینەرانی بەرنامە بیانییەکان لە ئێران دەکرێ، واشینگتۆن دەبێ بەرنامە بیانییەکانی بە زمانەکانی غەیری فارسی لە گەڵ بەرنامەکان بە زمانی فارسی لەبەر چاو بگرێ.

- لەبارەی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ڕاوێژ بکەن

لە کاتی دارشتنی سیاسەتی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران، ئەوە گرینگە کە وتووێژ و لێ فێربوون لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کە پێوەندییان لەگەڵ تاقمە ئەتنیکییەکانی ئێران هەیە لەبەر چاو بگیرێت: تورکیە، ئازەربایجان، تورکمەنستان، پاکستان، عێراق و ئەفغانستان. ئەو وڵاتانە زانیاریی گرینگیان لە بارەی ڕووداوەکان لە ناو هاو ئەتنیکەکانیان لە ئێران هەیە، لە ناویاندا تێگەیشتنی وەدەستهاتوو بە هۆی داوای پەنابەریی و تێپەڕینی پەنابەران.

- هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانی پێوەندیدار بە شوێنی ئەهوازییەکان لە ناوەندی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران

بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران و بۆرییە مەزنەکانی هەناردنە کردن و بەندەرەکان لە ناوچەی خووزستان هەڵکەوتوون. خووزستان ناوەندی چالاکییەکانی دژی ڕێژیم لە لایەن ئەهوازییەکانە، بۆیە ئەگەری ناسەقامگیری هەیە. ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە هەڵسەنگاندن بۆ بازاڕە جیهانییەکانی نەوت دەکەن، وەک ئاژانسەکانی زانیاریی

وزە سەر بە وەزارەتی وزەی وڵاتە یەکگرتووەکان، دەبێ زۆرتر هەڵسەنگاندن بۆ هەڕەشە ناوخۆییەکان لەسەر بەرهەمهێنان و هەناردە کردنی دامەزراوەکانی خووزستان بکەن.

## کتێبی تیشک

**پێناسە**

گۆڤاری تیشک لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠دا دەستی بە چاپی کتێب لە بواری زانستی مرۆییدا کردووە. ئەو بەرهەمانەی کە لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا چاپ دەبن، پەیوەندییان بە بواری لێکۆڵینەوە لەسەر کوردستان و هەروەها ئەو تیۆرییانەوە هەیە کە دەتوانن یارمەتیدەری بەهێزترکردنی گوتاری کوردایەتی و شیکردنەوەی پرسی نەتەوەیی لە کوردستان بن. بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە سیستەمی سوڵتە و هەروەها دیاریکردنی مێکانیزمەکانی کۆلۆنیالیزم، گۆڤاری تیشک سەبارەت بە سازکردنی دەرفەت بۆ توێژەران و وەرگێڕەکانی کوردستان و چاپی بەرهەمەکانیان خۆی بە بەرپرس دەزانێ.

**ئامانج**

١. بەهێزترکردنی لایەنی زانستیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردایەتی و هەروەها بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی ئاکادمیک کە سیستەمی پەروەردەی ئێرانی

بە سەر ئاکادێمیای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپاندوویەتی.
٢. دژایەتی کردنی سیستەمی سانسۆری کۆلۆنیالیزمی ئێرانی کە ڕێگرە لە هەر جۆرە بیرۆکەیەک کە لە خزمەتی فکری ئازادیخوازانە و بیرۆکەی ڕەخنەگرانەدا بێ.
٣. کتێبەکان لە چوار بەشدا ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی ئیمکانی تێڕامانی زیاتر بۆ هەر کام لەو ستەمانەی لە مرۆڤی کورد دەکرێن هەبێ: (١) ستەمی نەتەوایەتی (٢) ستەمی چینایەتی (٣) ستەمی ڕەگەزایەتی (۴) ستەمی ژینگەیی و هەروەها پرسە هەستیارەکانی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردستان.

## شێوازی چاپ و بڵاوکردنەوە

١. ئەو بەرهەمانەی کە زیاتر لە پازدە هەزار وشە بن (توێژینەوە و وەرگێڕان) ڕاستەوخۆ بۆ بەشی کتێبی تیشک ڕەوانە دەکرێن. دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری تیشک لە دوای وەرگرتنی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە بە هۆی کەسانی شارەزاوە، بڕیاری کۆتایی لەمەڕ وەرگرتنی کتێبەکان دەدا.
٢. بەرهەمەکان دەکرێ بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بن. وەرگێڕان لە زمانی دووەم و بە شێوازی ناڕاستەوخۆ پەسەند ناکرێ.
٣. بەرهەمەکان بە پێی ڕێنووسی پەسەندکراوی گۆڤاری تیشک هەڵەچنی دەکرێنەوە.
۴. لە قۆناغی یەکەمدا بەرهەمەکان بە شێوازی دەستڕاگەیشتنی ئازاد لەسەر سایتی گۆڤاری تیشک دادەندرێن. دیزاین و ڕازاندنەوەی تایبەت و بە شێوازێکی یەکدەست بۆ بەرهەمەکان دەکرێ. دواتر گۆڤاری تیشک بەگوێرەی ئەو ئامادەکارییانەی کە هەیەتی بەشێک لە بەرهەمەکان بە شێوەی کاغەز بۆ چاپ ئامادە دەکا.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە سەردانی بەشی پێوەندیی سایتی گۆڤاری تیشک بکەن.
www.govartishk.com

ئەم نامیلکەیەی بەردەست، سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی یان بە گوتەی برێندا شێفێر، نووسەری نامیلکەکە، "سیاسەتی ئەتنیکی" لە ئێراندایە.
لە کاتێکدا مەسەلەی پەیوەندیدار بە ئێرانەوە ـ لەوانە مەسەلەی چەکی ناوکی، بەرنامەی مووشەکیی ئێران و هەروەها پشتیوانیی ئێران لە تێرۆریزم ـ لە ئەمریکا بایەخی زۆریان پێ دەدرێ، بەڵام حکوومەتی ئامریکا بایەخێک بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا نادات و ڕەنگبێ هەر بەو بۆنەیەشەوە بێت کە لە ئامریکا زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو بابەتە لەبەردەست نییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی ئەم نامیلکەیە کۆمەڵێک زانیاری لە خۆ دەگرێت کە پتر ڕوو بە خوێنەری ئامریکایی نووسراوە، گرینگە خوێنەری کوردیش ئاگاداری ئەو زانیارییانە بێت، هەتا بتوانێ ئەو باسە تاوتوێ بکات کە چۆن و بە چ مەبەستێک، ئەو زانیارییانە ڕوو بە کۆمەڵگای ئامریکا و ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە هێنراوەتە گۆڕێ.

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com